# گەنج و بەشداری سیاسی

***لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان***

## رابەر تەڵعەت

هەولێر - ٢٠٠٦

**ناوی کتێب: گەنج و بەشداری سیاسی**

- نووسینی: رابەر تەڵعەت
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: رێبین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ( ٨٦٧ )
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب ( ٨ )

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

Tel: ٢٢٦٠٣١١

# پێرست


پێشەکی ..... ٥
گرفتی لێکۆڵینەوە ..... ٧
ئامانج و بایەخی لێکۆڵینەوە ..... ٧
گریمانەکانی لێکۆڵینەوە ..... ٩
کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە ..... ٩
ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ..... ١١
ئامرازەکانی ئامار ..... ١١
سنوری لێکۆڵینەوە ..... ١١
بەشی یەکەم: گەنج ..... ١٣
چەمکی گەنج ..... ١٣
کولتوری گەنج ..... ١٩
پرسی گەنج و ململانێی نەوەکان ..... ٢٥
گەنج وەك گروپی بەرژەوەندی ..... ٣٤
بەشی دووەم: پێگەیاندنی سیاسی ..... ٣٩
پێگەیاندنی سیاسی ..... ٣٩
کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی ..... ٤٥
پێگەیاندنی سیاسی لە کوردستاندا ..... ٤٩
بەشی سێیەم: بەشداری سیاسی ..... ٦١
بەشداری سیاسی ..... ٦١
شێواز و کەناڵەکانی بەشداری سیاسی ..... ٦٥





گەنج و بەشداری سیاسی لە کوردستاندا ..... ٦٩
هەڵبژاردن ..... ٧٤
راپرسی (Referendum) ..... ٨٠
خۆپیشاندان (Demonstration) ..... ٨٢
کۆمەڵگای مەدەنی (Civil society) ..... ٩٧
حزب (party) ..... ٩٩
دەسەڵات ( Authority) ..... ١٠٣
ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ..... ١١٥
راسپاردە و پێشنیار ..... ١١٨
سەرچاوەکان ..... ١١٩

# پێشەکی

هەر گۆڕانێك کە روو دەکاتە کۆمەڵگا، جا ئەم گۆڕانە ریشەیی بێت یان پێ بە پێ، دەبینی بە سروشتی خۆی جارێکی دیکەو سەرلە نوێ بونیادی ئەم کۆمەڵگایە دێنێتە ژێر پرسیار و تاوتوێکردنێکی هەنووکەیی کە دواجار خۆی دەخزێنێتە نێو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیشەوە.

لەم دۆخی گۆڕانەدا زۆر دیاردە سەرهەڵدەدەن و زۆر مەسەلە دەبنە پێداویستییەکی بابەتی کە لە پێشدا کۆمەڵگا نەی ناسیون یان وەك بابەتێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا نەکردوون، دیاردەی واش هەیە ریشەیەکی مێژوویی هەیە لە نێو کۆمەڵگادا، بەڵام دۆخی گۆڕان کاریگەری لە سەر ئەو دیاردەیە داناوە و وایلێ کردووە بە گوتینێکی تازەوەو بزێوتر لە جاران بێتەوە سەر شانۆی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەی کەوا دۆخی گۆڕان زۆری بۆ هێناوە و جۆرێك لە نیگەرانی بۆ سیستەم و خەڵکەکەی ناوی دروست کردووە.

لە ژێر رۆشنایی ئەمەشدا، دەبینی ناوچەی ***رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*** تەواو سەرنجمان بەلای خۆیدا رادەکێشێت، ئەم ناوچەیە وەك هەموو لایەك ئاگادارن، تەوژمی گۆڕان رووی تێکردووە و چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا سروشت و سیماکانی ئەم گۆڕانە لە نێو ***بونیادی ئابوری*** و ***کۆمەڵایەتی*** و ***سیاسی*** و هەروەها ***کولتوری*** ناوچەکەدا خۆی دەربخات.

لەم نیوەندەدا دەکرێت سەرنجی عێراق و لە پاڵ ئەویشدا هەرێمی کوردستان بدەین، ئەم دوو شوێنە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا نیشاندەری زۆترین لایەنی ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە لە شێوەی باهۆزێکی توند روویان لە ناوچەکەو



دەرودراوسێکان کردووە کە ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگاکەی قسە بکەین.

ئەوەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، لە حاڵەتی جێگیری و گۆڕاندا، بە گشتی دابەش دەبێت بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەم هەرێمەدا و لە وێشەوە درێژ دەبێتەوە بۆ هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگا.

هیچ چین و توێژێك بەدەر نییە لە بارودۆخی زاڵی نێو کۆمەڵگاکەی خۆی و زۆر و کەم بە شدارە لە هەر پڕۆسەیەکی نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، جا بە تایبەت توێژی گەنجان، کە مەبەستی باسەکەمان روو لەم توێژەیە.

***پرسی گەنج*** لە ئەمڕۆدا بووە بە جێگای گرنگی و بایەخپێدانێکی زۆری کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا، بووە بە وێردی سەر زمانی زۆرینەی رۆژنامە و میدیا و چاپەمەنی یەکان، هەروەها بابەتی دەیان کۆڕ و کۆنفرانس و جێگەی تێڕامانی دەسەڵات و کێشەی ناو حزبەکان.

ئەم پرسە بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵی رابردوودا زۆر گەشەی سەندووە، بەڵام ئەوەی زیاتر هاوکار بووە لە زەقکردنەوەی دا بەم شێوەیەی ئێستا، لە دوو پرسیاردا خۆی دەردەخات ئەوانیش: ئایا دەسەڵات چ پڕۆژەیەکی بۆ گەنج پێیە، یان دەیەوێت چی بۆ گەنج بکات؟ ئەمە لە لایەك وەك پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەمیش ئەوەیە ئایا گەنجان دەیانەوێت چی بۆ خۆیان بکەن و چ پڕۆژەیەکیان لە بەردەست دا هەیە تا بیخەنە بەردەم دەسەڵات و حیزب و کۆمەڵگا؟

## گرفتی لێکۆڵینەوە

گرفتی لێکۆڵینەوەی ئەم باسە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەوری یەك مەسەلەی داوە کە لە نێو ***پرسی گەنجان*** دا جێی بایەخ پێدانێکی زۆرە، ئەویش: ***بەشداری سیاسی*** یە لای گەنج و چالاکردنی رۆڵی گەنج لە نێو پرۆسە سیاسییەکاندا، هەروەها هاندانی گەنجان بۆ ***بەشداری سیاسی*** و هاتنە ناوەوە بۆنێو ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لە رێگای کەناڵە جیاجیاکانەوە.

شان بەشانی لێکۆڵینەوە و راشەکردنی ***کۆرەفتاری*** گەنج و لاوی کورد لە پرۆسەکانی بەشداری سیاسیدا، بۆ نمونە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا کە هەوڵدەدەین بە تێروتەسەلی وەریبگرین و قسەی لەسەر بکەین.

## ئامانج و بایەخی لێکۆڵینەوە

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە دەبینی ئەمڕۆ لە کوردستاندا قسە و باسێکی زۆر لە ئارادایە سەبارەت بە ***پرسی گەنج*** و کێشە و پێداویستییە هەنووکەییەکانی ئەم توێژە، بە تایبەت لە بواری هاتنە پێشەوەی گەنجان بۆ نێو کایە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاو بە شداری چالاکانەیان لەکاری ***سیاسی و کارگێڕی*** دا، بە جۆرێك گەنجی کورد بە شداری نەکردنی خۆی لە پرۆسە سیاسییە کانی کوردستاندا دەخاتە ئەستۆی حزبەکان و دەسەڵاتی کوردی و دووره پەرێزی خۆی لە سیاسەت وەك کەموکوڕییەك تەماشا دەکات لە ***حزب و دەسەڵاتی*** کوردیدا .

لە لایەکی دیکەشەوە هەندێك کەس و لایەن باس لەوە دەکەن یاخود پێیان وایە گەنجی کورد لە ئاستی ئەوەدا نییە تا سبەی رۆژێ بتوانێت بەشداری چالاکانەی هەبێت لە نێو ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دا.



بۆیە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستی و پشت بەستوو بە میتۆدی کاری مەیدانی، لە مەسەلەی ***بەشداری سیاسی*** لای گەنجی کورد بکۆڵێتەوە. تاکو لەم لایەنەوە بڕیاری لە پێشینە نەدرێت و نەکەوینە ئەو هەڵەیەوە کە جارێك گەنجان وەك توێژێکی بێ توانا و لاموبالی و بێ پرۆژە خەتابار بکەین و جارێکیش حزب و دەسەڵاتی کوردی خەتابار بکەین و بڵێین بە هیچ شێوەیەك بایەخ بە گەنج نادات و هەموو دەرگاکانی خۆی بەڕووی ئەم توێژەدا داخستووە.. هەروەك چۆن ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوای وڵامێکیشدا دەگەڕێت بۆ هەر یەکە لەم پرسیارانە:

– ئەو کەناڵانە تاچ ئاستێك کراوە و شەفافن، کە گەنجی کورد دەتوانێت لێیانەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بێت؟
– رێژەی گەنج لە نێو حزب و دامودەزگا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا لە چ ئاستێك دایە؟
– گەنجان تا چ ئاستێك متمانەیان بە خۆیان هەیە؟ دەسەڵاتی کوردی چەندە متمانەی بە گەنج هەیە؟
– رێژەی بەشداریکردنی گەنجی کورد لە هەڵبژاردن و خۆپیشاندانەکان دا چەندەیەو ؟ بە چ شێوازێکە؟
– گەنجی کورد تا چەند باوەڕی بە حزبی کوردی و دەسەڵاتی کوردی هەیە و بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسی یەکان گەشبینە؟
– ئایا گەنجان وەك گروپێکی بەرژەوەندی تەنها خۆشگوزەرانی خۆیان بەلاوە گرنگە و گوێ بە مەسەلە گشتییەکان نادەن؟
– ئایا هوشیاری گەنجی کورد لە چ ئاستێك دایە و مەسەلەی بەشداری سیاسی خۆی چۆن لێکدەداتەوە؟

## گریمانەکانی لێکۆڵینەوە

- کەناڵەکان کراوە و شەفاف نین تا گەنجی کورد بتوانێت لێیانەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بێت.
- ڕێژەی گەنج لەنێو حزب و دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا لە ئاستی پێویست دا نیە.
- متمانەی گەنجان بەخۆیان لە ئاستێکی پێویستدا نیە و دەسەڵاتیش متمانەی بە گەنج نیە.
- بەشداریکردنی گەنجان لە هەڵبژاردنەکان و خۆپیشاندانەکاندا، جۆرێك لە توندوتیژی و هەڵچونی عاتیفی و دەروونی پێوە دەبینرێت.
- جگە لەو گەنجانەی ئەندام و لایەنگرانی حزبن، گەنجی کورد باوەڕی بە حزب و دەسەڵاتی کوردی نیە.
- گەنجان وەدوای ژیانی خۆش و خۆشگوزەرانی کەوتوون و ئەوەندەی بە تەنگ بەرژەوەندی شەخسی خۆیانەوە هەن ئەوەندە مەسەلە گشتیەکان و مەسەلەی نەتەوایەتیەکانیان بە لاوە گرنگ نیە.
- هوشیاری گەنجی کورد لەو ئاستەدا نیە تاکو هەست بە گرنگی بەشداری سیاسی بکات.

## کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە

چوارچێوەی ***کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە*** پێکدێت لە هەموو ئەو گەنجانەی کوڕ و کچ کە لەتەمەنی (١٧-٣٦) ساڵیدان و لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ژیان بەسەر دەبەن. جێی ئاماژە بۆکردنە کەوا لەبەر نەبوونی ئامار و هۆیەکانی تری وەکو کات و توانای ماددی، وەرگرتنی هەموو ژمارەکانی لاوان لە کوردستان و لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا، کارێکی زەحمەت بوو، بۆیە ناچار پەنامان



بردەبەر هەڵبژاردنی نمونەی لێکۆڵینەوە بە ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو کە پێکهاتووە لە (١٣٠) گەنجی کوڕ و کچ، هەروەها لە چەند شوێنێکی دیاریکراویشدا وەك: شارەکانی ***هەولێر***، ***کۆیە***، ***سلێمانی***. هەڵبژاردنی ئەم شوێنانەش لەبەر دوو هۆبوو، ***یەك:*** ئەم شارانە هەرسێکیان زانکۆیان لێیە، بە هۆی زانکۆکانیشەوە ڕەنگە دەستمان ڕابگات بەو گەنجانەی شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانیش کە لەم زانکۆیانەدا دەخوێنن، ***دوو:*** لەم شارانەدا یاخود لەو ناوچانەی کە سەر بە شارەکانن خۆپیشاندان بینراوە کە توندوتیژی تێدابووە.

شایانی باسە ئەم نمونەیە بە دوو شێوە هەڵبژێردراوە، ***یەکەم:*** شێوەی ***هەڕەمەکی*** (عشوائی)، ئەویش لە ڕێگای سەردانی ئەو شوێنانەی کە زیاتر لاوی لێ کۆدەبێتەوە، وەك کۆلێژ و زانکۆکان، یانەو گازینۆ، بازاڕ، جگە لە تەمەن و ڕەزامەندی خودی گەنج هیچ هۆکارێکی تر ڕێگر نەبووە لە بەشداریکردنی گەنجی کوڕ و کچ لە نمونەی لێکۆڵینەوەکەدا. ***دووەم:*** شێوەی ***تۆپەڵەی بەفرین*** (الکرة الثلجیة)، ئەمەش شێوازێکی زانستیە بۆ دەستنیشانکردنی نمونەی لێکۆڵینەوە کە پشت بە ناسین و پەیوەندی کەسەکانی ناو نمونەی لێکۆڵینەوەکە دەبەستێت بۆ دۆزینەوەی کەسانی هاوشێوەی خۆیان کە دەیناسن، بەم شێوەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یاخود بۆ چەند کەسێکی تر درێژ دەبێتەوە و ژمارەی کەسەکان زیاد دەکات لەشێوەی گلبوونەوەی تۆپەڵەی بەفرێکدا، تا هەموو ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان دەکرێ، ئەم شێوازەشمان بۆ ئەوە بەکارهێناوە تاکو ئەو گەنجانە بدۆزینەوە کە بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانەدا کردووە کە زۆرترین توندوتیژیان تێدا بووە، لەنمونەی خۆپیشاندانەکانی ***ئاکرێ*** و ***کەلار*** و ***هەڵەبجە*** و خۆپیشاندانەکەی قوتابیانی ***زانکۆی کۆیە***. ئەمەش بەمەبەستی تێگەیشتن و دیراسەکردنی ڕەفتاری گەنج لە خۆپیشاندانەکاندا.

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم لێکۆڵینەوەدا میکـانیزمێکی زانـستی بـاوەڕپێکراو بـەکارهێنراوە، ئـەویش ***فـۆرمی زانیارییـە*** (Questionnaire form)، ئـەم میکانیزمە زۆر یارمەتیداین بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە پێویـست بـوون لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بۆ ئامادەکردنی ئەم فۆرمەش ڕەچـاوی مـەرجی زانـستی و پێویست کراوە، فۆرمەکە پرسیاری تایبەتی و گشتی لەخۆدەگرێت سـەبارەت بـە بـواری لێکۆڵینـەوە لـە مەسـەلەی ***گـەنج و بەشـداری سیاسـی*** دا، ژمـارەی پرسیارەکانی فۆرمەکەش بریتیبوون لە (٢٧) پرسیار.

## ئامرازەکانی ئامار

بە مەبەستی پیـشاندان و ڕێکخـستن و شـیکردنەوەی زانیاریـەکانی نێـو نمونـەی لێکۆڵینەوەکە، سوودمان لە ئامرازێکی ئاماری وەرگرتـووە، ئـەویش بریتیـە لـە ڕێژەی سەدی، بەم ڕێسایەی خوارەوە:

$$\textbf{ڕێژەی سەدی} (\%) = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$

## سنوری لێکۆڵینەوە

- سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە رووی ماوەی زەمەنیەوە کە چوارچێوەی ئەم باسـە دەیگرێتەوە، لە دوای روخانی ڕژێمی بەعسەوە دەست پێدەکات تاکو ئەمڕۆ، واتا لە نێوان ساڵی ٢٠٠٣ز تا سـاڵی ٢٠٠٦، لـە رووی جوگرافیـشەوە شـارەکانی : هەولێر- کۆیە- سلێمانی، وەردەگرین.

# بەشی یەکەم: گەنج

## چەمکی گەنج

بەگوێرەی پێناسەیەکی ***ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی*** who ئێستا لە جیهاندا نزیکەی یەك ملیار کەس گەنجن و تەمەنیان لە نێوان ١٥ ساڵی و ٢٤ ساڵی دایە، کە نزیکەی لە ١٨-١٧٪ ڕێژەی دانیشتوانی زەوی پێکدەهێنن، یان زیاتر لە شەش یەکی دانیشتوانی سەر زەوی. کە واهەڵدەسەنگێنرێت قەبارەی گەنجان لە نێوان ساڵی ١٩٩٥ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ بە ڕێژەیەکی ئەوتۆ زیادی کردووە کە نیوەی تێپەڕاندووە واتا ٠,٧٪ لە ساڵێکدا.

ئەم سەرژمێرییەی ***ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی***، با تەنها وەك بەرچاو ڕوونییەك وابێت بۆمان، تاکو بزانین ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕێژە و قەبارەی گەنجان لەچ ئاستێك دایە و چۆن وایکردووە کە پرسی گەنج ببێتە یەکێك لە بایەخە هەرە گرنگەکانی هەزارەی سێیەم.

بۆیە لێرەوە ڕاستەوخۆ دەچمە سەر پرسیارێکی جەوهەری سەبارەت بە گەنج، یان لانی کەم ئەو پرسیارە بەلای منەوە گرنگ و جەوهەرییە، ئەویش ئەوەیە: **ئایا گەنج یاخود گەنجێتی، قۆناغێکی بایەلۆژییە لە تەمەنی هەرمرۆڤێکدا، یان چەمکێکی سۆسیۆلۆژییە و هەڵگری خەسڵەت و ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی یە؟**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارەش مەبەستمانە بڵێین کە ئایا گەنجێتی بە تەنیا بریتیە لە ***گۆڕانێکی بایەلۆژی***، کاتێك ڕوو لە جەستە و ڕوخساری مرۆڤ دەکات و دەبێتە مایەی زیاتر وڕژاندنی مەیلە غەریزییەکان لای کەسی گەنج



بەرامبەر بەخۆی و دەوروبەرەکەی، بەو مانایەی گەنج زیاتر سەرقاڵی جێ بەجێکردنی فەرمانێکی ئیرۆتیکی یە کە تایبەتە بەم قۆناغەی تەمەن و دەبێت لەو ڕوانگەشەوە حیساب لەسەر گەنج بکەین؟ یان ئەوەی بێین گەنج وەك ***چەمکێکی سۆسیۆلۆژی*** باس بکەین کە لەناو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك ئاماژەی کولتوری و کۆمەڵایەتی یە و مەیلی ئەم توێژە بۆلای سەربەخۆی و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دایك و باوك و سەرجەم دەسەڵاتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان زیاد دەکات و هەوڵ دەدات بچێتە ژێرباری بەرپرسیارێتی یەوە و ڕۆڵی جیاجیا بگێڕێت لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دا کە هیچی کەمتر نەبێت لە ڕۆڵی گەورەکان.

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وا چاکە بوترێت کە هەردوو لایەن ***سۆسیۆلۆژیا و بایەلۆژیا*** بە هەردووکیانەوە دەتوانن پێناسەیەك بۆ گەنج بخەنە بەردەستی ئێمە، چونکە گەنجێتی وەك قۆناغێکی تەمەن بەدەر نییە لە گۆڕان و دەرکەوتە ***بایەلۆژییەکان*** و کەسی گەنج بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت، هەروەك چۆن دەتوانین وەك بابەتێکی ***سۆسیۆلۆژیش*** لێی بکۆڵینەوە کە سیمای کۆمەڵایەتی و کولتوری تایبەت بەخۆی هەیە،لقێکی سەربەخۆش هەیە بەناوی ***سۆسیۆلۆژیای گەنج*** کە گرنگی بە بوونی کۆمەڵایەتی ئەم توێژە دەدات.

بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە گەنج، وەك ئەو چەمکەی بەردەوام لەسەر زارانە و لای هەریەکەشمان بە واتا گشتیەکەی خۆی ناسراوە، دێین پرسیارێکی تریش دەخەینەڕوو کە تەواوکەر و درێژەپێدەری پرسیاری پێشومانە: **ئایا مەبەستمان لە گەنج چیە، یاخود گەنجان کێن؟**

ئێستا لە بەریتانیادا لەو ڕێگا بەسودانەی کە دەیگرنە بەر بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دێنن لە سەر کاغەزێکی سپی سێ وشە بەدوای یەکەوە ڕیز دەکەن بەم

شێوەیە: ***منداڵ، گەنج، گەورە*** لەپاڵ باسکردن و خستنە ڕووی سیفەتەکانی هەریەکە لەم سێ قۆناغە.[1]

کەواتە لێرەدا گەنجان ئەو توێژەن کە دەکەونە نێوان توێژی بچوکەکان و گەورەکان.لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت وابەئاسانی، لە رووی تەمەنەوە توێژی گەنج دەستنیشان بکرێت. کەوایە ئەی ئەو تەمەنە کامەیە کە دەتوانین بۆ گەنج دەست نیشانی بکەین؟ دەتوانین لەرووی تەمەنەوە گەنجان بەو توێژە دابنێین کە تەمەنیان لەنێوان ١١ ساڵی تا ٢٠ ساڵی دایە.بەڵام ئایا هەموو ئەوانەی کە دەکەونە نێوان ئەم دوو تەمەنەوە، وەك گەنج رەفتار دەکەن و سەربە کولتووری گەنجن؟ نەخێر، زۆرکەس هەن کەتەمەنیان ١٥ ساڵانە بەڵام وەکو منداڵ هەڵسوکەوت دەکەن، هەشە تەمەنی ١٨ ساڵانە بەڵام وەك گەورەیەك رەفتار دەکات کە ژنی هێنابێت و منداڵی هەبێت.[2]

بۆیە ناکرێت بڵێین هەڵسوکەوت و رەفتاری کەسەکان پابەندە بە تەمەنیانەوە، بەو مانایەی ئەو کەسەی تەمەنی ٣٥ ساڵانە جیاوازە لەوەی کە تەمەنی ٢٥ ساڵە و ئەویش جیاوازە لە کەسێکی ٣٦ ساڵی. جیاوازی تەمەن راستە گرنگە بۆ چاودێریکردنی رەفتاری مرۆڤەکان بەڵام ناتوانین وەك پێوەرێك و گشتاندنێك بۆ هەموو جیاوازییەکانی مرۆڤ پشتی پێ ببەستین.

باسی ئەوەمان کرد کە لە بەریتانیادا بەچ رێگایەك تەمەنی گەنج دیاریدەکەن، بەڵام بەڕای من رێگایەکی دیکەی ئاسانتریش هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەم قۆناغە کە دەتوانین بەم شێوەیە دابەشی بکەین: ***منداڵیی، هەرزەکاری، پێگەیشتوویی***، ئەمەیان دابەشکردنێکە پێ بە پێ لەگەڵ گەورەبوون و

[1] سایمون فریث، علم اجتماع الشباب، اتجاهات جدیدة فی علم الاجتماع.(بغداد: دار الحکمة،٢٠٠١)، ص٤١٣.
[2] هـ.س.پ ل٤١٢.



گەشەکردنی مرۆڤ دەچێتە پێشەوە و یارمەتیدەرە بۆ بەرجەستەکردنێکی وردتری تەمەنی گەنج.

بەتایبەت کاتێك دێین یەکە یەکە قسە لەسەر ئەم قۆناغانە دەکەین و سیفەتەکانی هەریەکەیان شیدەکەینەوە.

***منداڵیی:*** جیاوازی منداڵان لە دونیای گەورەکان، بە گرنگترین دیاردەی دەرکەوتووی چاخی مۆدێرن دەژمێردرێت کە منداڵانی کردە جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوەکانی خۆی.

سروشتی تایبەتی منداڵان، سروشتێکی جیاوازە و هەر ئەم جیاوازییەشە کە منداڵان بەتایبەتی لە دونیای گەورەکان جودا دەکاتەوە.منداڵان نە هیچ کارێکیان بەسەر کەسانی گەورەوە هەیە و نە لە دونیای سیاسەت و یاسا دارێژی ئەوانیشدا بەشداری دەکەن.[1]

تا سەرەتای سەدەی بیستەم، لە بەریتانیا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی رۆژئاوادا، منداڵان لە تەمەنێکدا کاریان دەکرد، کە لە ئێستادا بە تەمەنێکی زۆر زوو دێتە بەرچاو.

راستیەکەی لە دونیای ئەمڕۆشدا هێشتا زۆر وڵات هەن کە منداڵان تیایدا تەواوی کاتەکانی خۆیان سەرگەرمی کارکردن دەبن و زۆرجارانیش کاری قورس و توانا پڕوکێن دەکەن، بۆ نمونە کارکردن لە کانەکانی پیشەسازی خەڵوزی بەردین. ئەو بیروباوەڕەش کە دەڵێت منداڵ مافی دیاریکراوی خۆی هەیە و کارکردن بە منداڵ لە رووی ئەخلاقیەوە نەخوازراوە، دیدێکی تەواو تازە و نوێ یە.[2]

[1] لیسون جیمز- کریس جکس- الان تورت، جامعە شناسی دورانی کودکی، ترجمة/ علی رضا کرمانی- علی ابراهیم ابادی (طبعة ١٣٨٣ تهران )، ص ٩٤
[2] انتونی گیدینز، جامعە شناسی، ترجمە/ منوچهر صبوری (چاپ سیزدهم ١٣٨٣ تهران)، ص ١١٠

بەلای ئەو کەسانەوە کە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا دەژین، منداڵیی قۆناغێکی ئاشکرا و دیاریکراوی ژیانە. هەروەها ***ئەنتۆنی گیدنیز*** پێیوایە: *منداڵان جیاوازن لەوانەی کەوا تازە لە دایك دەبن، بەرای* ***گیدنیز*** *منداڵی قۆناغێکە دەکەوێتە نێوان تەمەنی ساوایی و هەرزەکاریەوە.* [1]

لەلایەکی دیکەشەوە ***ژان پیاژە***، چەند قۆناغێکی سەرەکی دیاریدەکات لە پێگەیشتنی توانایی منداڵ، بۆ هەست کردن و درککردن بە جیهان. لە هەر قۆناغێکیش دا منداڵ زیرەکییەکی تازە بە دەست دەهێنێت بۆ ناسین و ناسینەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەو منداڵە لە تێپەڕاندنی قۆناغی پێشودا تاچەند سەرکەوتوو بووە، واتا قۆناغەکان پێکەوە بەستراونەتەوە، ژان پیاژە ئەم قۆناغانەی پێگەیشتنی توانای ناسین لای منداڵ وەك تایبەتمەندیە گشتییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون ناو دەبات. [2]

هەروەها سەرباری گرنگییەکەی، دەتوانین منداڵی بە قۆناغی پاشکۆیەتی دابنێین، کە منداڵ راستەوخۆ لە ژێر چاودێری دایك و باوك و خێزان و دەزگا پەروەردەییەکاندایە و پێداویستیە روحی و ماددیەکانی خۆشی هەر لەم چاوگانەوە دەست دەکەوێت، مەیلی سەربەخۆبوونیشی لەلا بەدی ناکرێت.

**هەرزەکاریی Adolescence :** هەرزەکاری گوزارشت لە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ دەکات کە لە نێوان ١٣ ساڵی و ٢٠ ساڵی دایە، ئەو تەمەنەی لەگەڵ بالغبوون دەست پێدەکات و لە تەمەنی پێگەیشتن دا کۆتایی دێت.

[1] هـ.س.پ.ل ١١٠
[2] هـ.س.پ.ل ١١٥



خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەم تەمەنە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر هەستیارە و هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە رووی ئەقڵی و عاتیفی و کۆمەڵایەتیەوە. بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانی سەربە کۆمەڵناسیی خێزان، دەوروخولی تەمەنی هەرزەکاریان داوە، بە هۆی ئەو گرفتانەوە کە هاوشانن لەگەڵ ئەم قۆناغە لە تەمەنی مرۆڤ. [1]

هەرزەکاری وەك قۆناغێکی شەرمەزاری وایە لە تەمەنی مرۆڤەکاندا، تا ئەوەی ***کۆمەڵناسی هەرزەکاری*** لە ژێر ناونیشانی ***گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا*** دایدەنێت.

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەشدا زانایانی بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی جەخت لە سەر کاریگەری گواستنەوەی هەرزەکار دەکەنەوە لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە و دواجاریش بۆ سەر کار و کاریگەری ئەم گواستنەوە و وەرچەرخانە لەسەر سۆز و عاتیفەی کەسی هەرزەکار وە چۆن فشار دەخاتە سەر هەستی ئەو کەسە و فشار بۆ دەماغی دێنێت. هەروەها زانایانی کۆمەڵناسی هەرزەکاران بە (گروپی تەمەن) دەناسێنن. [2]

***پێگەیشتوویی*** **Adulthood :** بەو ماوەیەی تەمەنی مرۆڤ دەڵێن کە لە ٢١ ساڵی دا دەست پێدەکات، لەو ماوەیەدا تاك لە سەر هەموو ئاستەکانی فیسیۆلۆژی و زیهنی و عاتیفی دا گەشەی خۆی تێپەڕاندووە.

هەر لەگەڵ تەمەنی پێگەیشتوویی دا (الرشد) ئیدی دەبینی مرۆڤ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە دەچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتیەوە. لە هەندێ کۆمەڵگادا، چوونە ناو تەمەنی پێگەیشتوویی پێویستی بە تێپەڕبوون هەیە بە

[1] د. فريدريك معتوق، معجم علوم الاجتماعية، اكاديميا انتر ناشيونال ( بيروت ٢٠٠١ )، ص٢٧
[2] د. معن خليل عمر، معجم علم الاجتماع المعاصر، (الطبعة الاولى ٢٠٠٠، عمان) ص١٠٣ و ١٠٤

نێـو هەنـدێك لـە سـروت و تاقیكردنـەوەی جەسـتەییدا، كـەوەك پێوەرەكـانی هەڵسەنگاندنی وزەی مرۆڤ وایە كە پێویستە لەم تەمەنەدا خاوەنی بێت.[1]

تێبینـی دەكرێـت ئـەم سـێ قۆناغـەی باسمـانكرد ***منـداڵیی، هـەرزەكاریی، پێگەیشتوویی*** هەریەكەیان سیما و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، وەلی بـەبێ دابـڕان یەك بە دوای یەكدا دێن، هەر لە منداڵیی یەوە كە منداڵ سـەربەخۆی خـۆی لـە دەستی خۆیدا نیە، تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی و لە هـەوڵی سـەربخۆبووندا دەبێت، لەم نێوانەشدا دەتوانین بەم شێوەیە باسی گەنج بكەین: گەنج ئەو توێژەیە كە لە بزاوت و جوڵانەوەدایە، تا بتوانێت لە دۆخێكی پاشـكۆیەتیەوە بگـات بـە دۆخی سەربەخۆبوون. گەنجان زیاتر لە منداڵان حەز بە سەربەخۆی خۆیان دەكـەن، لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا پشت بە گەورەكان دەبەستن لە دەست راگەیـشتنیاندا بـۆ بژیوی و مەعریفە و هەروەها خۆشەویستی و هەست كردن بە دڵنیایی.[2]

گەنجان لەم نێوەندەدا زیاتر لە هەر توێژێكی كە هەسـت بـە نیگـەرانی دەكـەن و پەلەپەلی گۆڕان دەكەن لە ژیانی خۆیاندا، ئەوان خوازیارن بە دۆخێكی سەقامگیر بگـەن لـە رووی دەروونـی و كۆمەڵایەتیـەوە، دەیانـەوێت رۆڵ و پێگـەیان لـە كۆمەڵگادا دیاربێت و ئەرك و بەرپرسیارێتی جیاجیا بگرنە ئەستۆ.

## كولتوری گەنج

وەك لە پێشودا ئاماژەمان بۆ كرد، گەنج بە قۆناغێكدا تێدەپەڕێت كـە هـەڵگری گۆڕان و وەرچەرخانە، لە منداڵییەوە بـۆ پێگەیـشتوویی، لـە پاشكۆیەتیەوە بـۆ سەربەخۆیی، بە جۆرێك لە نێوان هەریەكە لەم قۆناغانەشدا ئەو گەنجـە خـۆی لـە

[1] د. فردریك معتوق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩

[2] ایمون فریث، علم اجتماع الشباب، ص ٤١٣



بۆشایدا دەبینێتەوە، كاتێ هەست دەكات قۆناغی یەكـەمی جێهێـشتووە، بـەڵام هێشتا بە قۆناغی سەقامگیربوون نەگەیشتووە. ئەمە جۆرێك لـە نیگـەرانی لای گەنج دروست دەكات و هەست بە پێگە و رۆڵی خۆی ناكات لە نێو كۆمەڵگادا.

گەنج لە كۆمەڵگادا خـاوەنی پێگەیـەكی سیاسـی و كۆمەڵایـەتی پتـەو نییـە و خاوەنی فەلسەفەیەكی دیاریكراو نییە بـۆ بـەرگریكردن لـە شـوناس و جیـاوازی خۆی، ناچارە پەنا بەرێتە بەر كولتورێكی جیاواز كە رەنگـە لـە رووی فیكـری و لۆژیكییەوە قوڵ نەبێت، بەڵام لە رووی سیما و دیكۆرەوە تەواو جیاوازە.[1]

ئەگەر لێرەدا مەبەست لە كولتور، چۆنیەتی شێواز و رێگاكانی ژیان بێـت، ئـەوا كولتوری گەنج بەم شێوەیە پێناسە دەكـەین: ***شێواز و چۆنییەتی ژیان بەسەربردنە لای گەنج***. كە دەتوانین لە دوو رەهەندەوە لەم پێناسەیە تێبگەین:

***یەكەم*** ئەوەیە دەتوانین كولتوری گەنج بە نمونەیـەكی دیـاریكراو لـەو بیروبـاوەڕ و بەها و سیمبوڵ و چالاكیانە وەسف بكەین كە كۆمەڵێك گەنج تیایدا بەشدارن.

***دووەمیشیان*** بریتیە لە رێگای یاخود ***شـێوازی وەزیفـی***. خـاڵی دەسـپێكی ئـەم شـێوازە، بەشـداریكردنی گەنجانـە لـە ناوەنـدێكی دامـەزراوەیی دیـاریكراودا و رووبەروو بوونەوەیان لە گەڵ گرفتە كۆمەڵایەتییە هاوبەشەكاندا. لێرەدا كولتـوری گەنج گوزارشتە لە شێوازی چارەسەركردنی ئەو گرفتانە لـە پراكتیـزەی رۆژانـەی گەنجەكان خۆیاندا، لەگەڵ وەسفكردنی ئەو بەها و چالاكیانەی گـەنجان دەیهێننـە كایەوە لە تێگەیشتنی ئەزموونە هاوبەشەكانی خۆیـان و جوڵانـەوە لەتـەك ئـەو ئەزموونانەوە، لەبەرئـەوە كولتـوری گـەنج بریتیـە لـە وەزیفەیـەكی گـرنگ كـە وەزیفەی چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكانە.[2]

[1] بروانە: شاهۆ سەعید، كۆمەڵگای گەنج، گۆڤاری رەهەند ژمارە ١٦- ١٧ ساڵی ٢٠٠٤، ل ١٣

[2] سایمون فریث، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢١

کەوایە بۆ قسەکردن دەربارەی کولتوری گەنج و خستنەرووی سیفەت و تایبەتمەندی ئەم کولتورە، دەکرێت هەڵوەستە لە سەر هەریەکە لەم دوو خاڵەی خوارەوە بکەین:

**یەکەم:** بایەخدان بە روخساری دەرەکی و شێوازی پۆشینی جلوبەرگ و ئارایشی قژ و سەروسیما، لەپاڵ سەرسامبوون بە سیمبول و بەهاکانی نێو بازاری گەنجان، کە پاشان دێینە سەر باسکردنی ئەم بازارە و گەنج وەك بەکاربەرێکی سەرەکی ئەم بازارە، لایەنێکی فراوانی ئەم کولتورە پێکدەهێنێت.

**دووەم:** کولتوری گەنج هەڵگری ***ڕەهەندێکی ڕەفتاریی یە***، شێوازی دەربڕینی هەست و سۆز، ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسی بەرامبەر جا گەورە بێت یا بچوك، کاردانەوەی بەرامبەر بە دەوروبەر و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی، کاردانەوە و هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە مەسەلە گشتییەکان، چۆنیەتی ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووی تێدەکەن و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و .....هتد، لە هەموو ئەمانەدا کەسی گەنج خاوەنی سلوکێکی تایبەت بەخۆیەتی کە ڕەنگە جیاواز بێت لەگەڵ سلوکی گەورەکان یاخود دیدی گەورەکان بۆ هەریەکە لەم شتانە. لە پشت ئەم ڕەهەندە سلوکییەشەوە بیروباوەڕی گەنج خۆی و شێوازی ئەو پرۆسە پەروەردەییەی کە پێیدا تێپەڕیوە و ئەو قۆناغ و سەردەمەی تیایدا دەژی، ڕۆڵ و ئامادەیی خۆی هەیە.

هەروەها دەتوانین بڵێین: **کولتوری گەنج ڕێگایەکە بۆ دەس بەسەراگرتنی ئەو نیگەرانی و شڵەژانە دەروونییەی لای هەرزەکاران دروست دەبێت، بە هۆی هاتنە دەرەوەیان لە دەوروبەرێکی خێزانییەوە بۆ قوتابخانە و پاشان بۆ سەر کار، لەوێدا کۆمەڵگا ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر فشار دەخاتە سەر تاکەکانی.**[1]

---

[1] هـ.س.پ.ل ٤٣٧



بیرۆکەی سەرهەڵدانی ***کولتوری گەنج***، ریشەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، دوای ئەوەی بە هۆی ئامرازەکانی ڕاگیاندنەوە، چالاکی ***مۆسیقای جاز*** ی گەنجانیی چینی ناوەڕاست سەریهەڵدا، گرنگی دانی گەنجان بە جلوبەرگ و تازەگەری و بایەخدان بە روخساری دەرەوەی خۆیان، دەرگای بەسەر شێوازێکی تازەی بەکاربردن والا کرد لە کۆمەڵگادا، گەنجان وەك توێژێکی بەکارهێنەری تازە هاتنە کایەوە و سەرنجی بازاڕ و بازرگانەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا.

لەم بارەیەوە ***مارك ئەبرامز*** لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی ***بەکاربەری هەرزەکار*** لە ساڵی ١٩٥٩ دا بڵاوکردەوە، ئەمەش بەیەکەم لێکۆڵینەوەی گرنگ دادەنرێت دەربارەی کولتوری گەنج، کە لە بەریتانیادا دەستی پێکرد.

***ئەبرامز*** توێژەرێکی پسپۆڕە لە بواری لێکۆڵینەوەی بازاڕدا. کتێبەکەشی بریتیە لە ڕووپێوێکی مەیدانی بۆ گروپێکی تازەی بەکاربەر کە لە پەنجاکاندا سەریان هەڵدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆتایی دەیەی پەنجاکاندا بوو بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گرنگ بۆ ژمارەیەك لەو کۆمپانیایانەی کە تایبەت بوون لە بواری بەرهەمهێنانی شمەك و پێداویستیەکانی گەنجان. گرنگی لێکۆڵینەوەکەی ***ئەبرامز*** لەوەدایە کە وەسفی شێوەیەکی جیاواز لەرەفتاری گەنجان دەکات. کەواتە کولتوری گەنج لەو سەردەمەدا ئاماژەی بۆ هەندێك جوڵانەوە و هەڵسوکەوتی نەخوازراو دەکرد، لە لایەن گەنجەکانەوە، وەك ***گروپێکی بەکاربەر***، هەروەها تێبینی ئەوەش دەکەین کە گەنجان لە باقی توێژەکانی دیکەی تەمەن جیادەکرانەوە، ئەویش نەك بەهۆی ڕەفتارییانەوە بەڵکو بە هۆی هەڵبژاردنەکانیانەوە لە بازاڕدا کە بە تەواوەتی کولتوری هەرزەکارانی بەرجەستە دەکرد.[1]

---

[1] هـ.س.پ.ل ٤٢٢

ئەو ئەنجامـەی ***ئەبرامز*** لـە لێکۆڵینەوەکەیدا خستییە روو، کێشەی زۆری بۆ زانایانی کۆمەڵناسی بەریتانی نایەوە. ئایا بۆچی کولتوری هەرزەکاران لە پەنجاکاندا گەشەی کرد؟ وڵامەکەی ئەوەیە کە ساڵی پەنجاکان بە خۆشگوزەرانی ماددی دەناسرێتەوە. ئەو گەنجانەی کاریان دەکرد و داهاتێکیان هەبوو، چیدی ناچار نەبوون بەشێکی ئەو داهات و کرێیەی خۆیان بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی خێزانەکانیان تەرخان بکەن، وەك چۆن نەوەکانی رابردوو ئەم کارەیان دەکرد. بەڵکو ئەوان ئەو داهاتە بەرزەی خۆیان کە هەیانبوو، لە بازاڕەکاندا و بۆ کڕینی پێداویستیەکانی خۆیان و بابەتی جوانکاری خەرجیان دەکرد.[1]

جا ئەگەر بێت و سەرنج بدەین، دەبینین حاڵەتێکی لەم جۆرە ئێستا لە کوردستانیشدا و لە نێو گەنجی کورد دا هەستی پێدەکرێت. دوای روخانی بەغدا ساڵی ٢٠٠٣، دەتوانین بڵێین تا رادەیەك باری گوزەرانی خەڵك لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ جاران رووی لە باشبوونە، بازاڕەکان کرانەوەیەکی زیاتریان بەخۆیانەوە دیوە و کۆمپانیای جۆراو جۆر ڕوویان لەم هەرێمە کردووە، تیاشیاندا هەیە کەلوپەل و پێداویستی تازە و زۆر سەرنجڕاکێشی هێناوەتە نێو بازاڕەکانەوە، لەناو ئەمانەشدا کەلوپەل و بابەتی گەنجانە لەبیر نەکراوە، هەر لە جلوبەرگی تازە مۆدێلەوە تیایاندایە تا دەگاتە بابەتی جۆراوجۆری مۆبایل و ئامرازەکانی سەرگەرمی و کەرەستەی ئارایش و جوانکاری بۆ کوڕان و کچان و....هتد، ئەمڕۆ گەنجی کورد لەچاو جاران، بەشێکی زۆری داهاتی خۆی جا چ لە ماڵەوە بیدەنێ یان بۆ خۆی پەیدای بکات، بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی خەرج دەکات و زیاتر لە جاران لە خەمی خۆی دایە و کەمتر بارگرانی یارمەتیدانی ماڵ و خێزانەکەیانی لە سەرشاندایە.

[1] ه.س.پ.ل ٤٢٣



ئەم بارودۆخە تازەیە، ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ زیاتر دەرخستن و زەقکردنەوەی ***کولتوری گەنج لە کوردستان*** دا. سەرباری ئەمانەش گەنجی کورد ئەمڕۆ داوای خۆشگوزەرانی زیاتر دەکات و زیاتر گرنگی بەو بەهایانە دەدات کە خۆی باوەڕی پێیان هەیە، هەر بۆیە سەیر نییە ئەگەر کەمتر لە جاران بە دەم دروشم و بانگەوازەکانی نەوەی پێش خۆیەوە بچێت.

لەلایەکی دیشەوە ***لێشاوی گلوبالیزم***، لەگەڵ خۆیدا بەردەوام بەهای تازە دەخوڵقێنێت و دیاردەی تازە دێنێتە ناوەوە، ***کولتورە جیهانییەکان*** زیاتر فراوان دەکات و لە تواناشیدا هەیە ***کولتورە لۆکاڵییەکان*** بەجیهانی بکات.

تۆڕە فراوانەکانی پەیوەندی و راگەیاندن، بەردەوام مۆدێلی تازەی قژبڕین و مۆدێلی جلوبەرگ و فیلمی جۆراوجۆر و ***مۆسیقای*** pop دەهێننە ناوەوەی کوردستان و بازاڕی گەنجان گەرمتر دەکەن، جا پێمان خۆشە یان نا، ئەوەیان شتێکە بۆخۆمان دەگەڕێتەوە، بەڵام زەحمەتە بتوانێت ببێتە ریگرێکی تەواو لە بەردەم ئەوەی کەوا گەنجێکی کورد بە مۆدێلی گەنجێکی ئەمەریکی یان ئەوروپی قژی بهێڵێتەوە و کابۆی بکاتە پێی، زنجیری زێڕ و ملوانکە بکاتە ملی و گوێ لە ***مۆسیقای*** pop بگرێت.

ئەگەرچی رەنگە ئەم مەسەلەیە لە کوردستان دا، هێشتا هەر لە قۆناغی سەرەتایی خۆی دا بێت و لابەلا لە ناو گەنجاندا هەستی پێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەکە پرۆسەیەکی سروشتییە و دەتوانێت کولتوری گەنجان جا لە هەر کوێی دونیادا بێت، لێك نزیك بکاتەوە.

زۆر جار ئەمە نەوەی کۆن و نەوەی باوکان نیگەران دەکات و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەم کولتورەی گەنجانی نێو کۆمەڵگا دەردەبڕن، بەڵام لە کاتێکدا گەنج وەك توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبینرێت، ئەوا پێویستە کە ئەم توێژەش کولتورێکی گەنجانەی تایبەت بەخۆی هەبێت.

لێرەدا ئەوەی بارودۆخی گەنجان دەگۆڕێت ئەوەیە کە رەنگە کولتووری گەنج، نەتوانێت رۆڵێکی چالاکانە و کاریگەری هەبێت لە نێو کۆمەڵگادا، بەو مانایەی کە ئەگەر گەنجان لە رابردوودا خاوەنی رۆڵێکی چالاك و توێژێکی ئەکتیڤی کۆمەڵگا بووبن، ئەمڕۆ نەتوانن هەمان ئەو رۆڵەی جارانی خۆیان بگێڕن و ئەکتیڤبوونی خۆیان بپارێزن.

## پرسی گەنج و ململانێی نەوەکان

چەمکی نەوەGeneration، لە دیالیکتیکی لەدایکبوون و مردنەوە سەرهەڵدەدات کە توخم و مانەوەی مرۆڤایەتی پشت بەم دیالیکتیکە دەبەستێت. مرۆڤەکان لەدایك دەبن و پاشان بەرەبەرە رووە و گەشەکردن و پیربوون و سەرەنجام مردن و لەناوچوون دەڕۆن، لەگەڵ خۆشیاندا دنیایەك لە ئەزموون و یادەوەری مێژوویی و کولتوری سەردەمانی ژیانی خۆیان، بەرەو هەمان ئەو وێستگەیە دەبەن کە پیربوون و لەناوچوون چاوەڕێیان دەکات. لە پشتی ئەوانیشەوە دەبینی نەوەیەکی تازەی مرۆڤ واخەریکە هەڵدەستێتە سەرپێی خۆی کە ئەزموون و مێژووەکەی لە نەوەی پێش خۆی ناچێت و خەریکە دەست و پەنجەی لەگەڵ کولتورێکی تازەدا نەرمدەکات، ئەمەش پڕۆسەیەك نییە هەروا بە ئاسانی بچێتە پێشەوە و نەوەیەك شوێن بۆ نەوەیەکی تر چۆڵ بکات، بەڵکو لەم نێوەندەدا دیاردەیەکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش بریتییە لە ململانێی نەوەکان Conflicts Generation، لە باسی نەوەکاندا ئەم ململانێیە وەك شتێکی حەتمی خۆی دەردەخات و زۆر و کەم لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەبینرێت، لەوێشەوە پرسی گەنج وەك دیاردەیەکی جیهانی دەردەکەوێت کە خاوەنی ریشەیەکی مێژوویی دوور و درێژە.



هەر لەم بارەیەوە ***هانا ئارێنت*** دەڵێت: بزوتنەوەی گەنجان بزوتنەوەیەکی جیهانیە و لە هەموو وڵاتێکدا بەرپابووە.

گرنگی چەمکی نەوە وەك ئەوەی زانای کۆمەڵناسی ***کارڵ مانهایم***، بەکاری دەهێنێت لەوەدایە کە سەرنج بۆلای ئەو راستییە رادەکێشێت کەوا خەڵکی لەماوەی چەند ساتێکی مێژوویی دیاریکراوەدا گەشەدەکەن و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا بەشدار دەبن لە چەندین ئەزموون و شارەزایی مێژوویی گرنگدا، ئەم شارەزاییەش جیایان دەکاتەوە لە نەوەی بە تەمەنەکان و نەوەی بچوکەکان. جەنگ بەربڵاوترین ئەزموونە کە ئەندامانی نەوەیەك لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، هەروەها وەرچەرخانی تەکنەلۆژی خێرا و هەڵسان و دابەزین لە نێوان خۆشگوزەرانی و داکشانەوەی ئابووری دا، وادەکات کە توێژێك لە تەمەنێکی دیاریکراودا، جیاوازبێت لەگەڵ توێژی بەساڵاچوان یاخود گەنجان.

ئەم ئەزموونە جیاوازانە، دەبێتە مایەی دەرکەوتنی گریمانە و پێشبینی جیاواز و پەیوەندیدار بە چۆنییەتی کاری کۆمەڵگا و ئەو شێواز و رێگایەی کە پێویستە کاری پێبکات، چۆن دەتوانرێت وەسفی ململانێی کۆمەڵایەتی بکرێت لە نێوان نەوەکاندا، یان ئەوەی بە ***مەودای نێوان نەوەکان ناوبراوە***.[1]

لە باسی ئەو مەودا و بۆشاییەی لە نێوان نەوەیەك و نەوەیەکی دیکەدا دروست دەبێت، دەتوانین ئەوە بە نموونە بهێنینەوە کە ئێستا لەم رۆژگارەدا، باوکە تەقلیدییەکان، ئەوانەی تەمەنی ٤٥ ساڵیان تێپەڕاندووە، بە چاوێکی پڕ لە تووڕەییەوە دەڕواننە پیاوێك کە لە نیوەی تەمەنی خۆیدایە، بە تووڕەییەوە دەڕواننە هەرکەسێکیش کە بوێرێت پێشنیاری ئەوە بکات و بڵێت با ئەوانەی لەم تەمەنەدان بخرێنە دوای هەردوو نەوەی (س و ص) دوە، بەو پێیەی ئەوانە نەوەی کۆتایی مێژووی رابردوون، مێژوویی ئەو سەدەیەی زۆر نابێت جێمانهێشتووە،

[1] هـ.س.پ.ل ٤١٧

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە پیتێك ناو لەم نەوەیە بنێین ئەوا ناوی دەنێین (ا) یان وەك ئێستا پێیان دەڵێن ***نەوەی بەتەمەنەکان***.[1]

ترسی لەناوچوون و کەوتنە پەراوێزەوە، نیگەرانی و توڕەییەکی هەمیشەیی لای ئەم نەوەیەی بەتەمەنەکان دروست کردووە و وایلیّ کردوون بە هەموو شێوەیەك هەوڵی پاراستنی کولتور و پێگەی خۆیان بدەن لە نێو ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات لە کۆمەڵگادا. نەوەی تازەش، گەنجەکان لە بەرامبەر ئەم کردەوەیەی نەوەی کۆن، لە سەنگەری ململانێدا دەمێننەوە و نارەزای دەردەبڕن بەرامبەر بە دۆخی چەقبەستووی نەوەکان، چونکە وەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆکرد، گەنج هەمیشە نیگەرانە سەبارەت بە ناسەقامگیری خۆی لە نێو کۆمەڵگادا، بۆیە هەوڵدەدات ئەم دۆخە تێپەڕێنێت و لە ئاستێکی سەروتردا پێگەیەك بۆ خۆی دروست بکات، تیایدا توانای بڕیاردان و دەنگ هەڵبڕینی هەبێت. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیشەوە رەنگە نەوەی کۆن کە هێشتا هەر بەهێز و خاوەن دەسەڵاتە، لە زمانی گەنجان تێنەگات و نەتوانێت بە پێی پێویست بە تەنگ خواست و داخوازییەکانی گەنجەوە بێت.

مێژوو گەلێك حاڵەتی پێکدادان و دەربڕینی نارەزایی گەنجانی بۆ تۆمارکردووین کە تیایدا دوو نەوەی نیگەران، رووبەرووی یەکتری دەبنەوە. نەوەی رابردوو نیگەرانی فەوتان و لە دەستدانی خۆیەتی، نەوەی ئێستاش نیگەرانی بەدەستهێنان و دەرکەوتن و سەلماندنی بوونی خۆیەتی.

دەربڕینی نارەزایی لەلایەن گەنجانەوە لە چەند دەیەی رابردوودا، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو لایەکی جیهاندا بەدیارکەوت، لە بەشێکی ئەم نارەزاییانەدا، گەنجان لە رێگای خۆپیشاندان و پێکدادان لە نێو زانکۆکاندا و داگیرکردنی

[1] بروانە، بناء مجتمع من المواطنين، تحرير/ دون اي.ايبرلي، ترجمة/ هشام عبدالله، (٢٠٠٣، عمان ) ص١٠٠



زانکۆکان، هەستی دژایەتی و ناکۆکیەکانی خۆیان لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدا دەخستەڕوو.

لەلایەکی تریشەوە، چەندین بزوتنەوە و جوڵانەوەی خوێندکاری و گروپ و دەستەبەندی لە نێو گەنجانی کچ و کوڕدا لە هەموو لایەکی جیهاندا هاتەکایەوە.

لەوانە ***بزوتنەوەی هیپپیەکان*** کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە خۆرئاوا سەریهەڵدا، سەرەتا وەك دیاردەیەکی سەیر و سەمەرە و بێ مانا لەقەڵەم دەدرا (هیچ نەبوو جگە لە هاتوچۆی بەکۆمەڵی هەردوو رەگەزەکە و قژدرێژکردن و دژایەتیکردنی بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا و رێزنەگرتن لە کولتوری کۆمەڵایەتی باو و ...هتد). بەڵام ئێستا لە دیدێکی دیکەوە دەکرێت چەندین پاساوی فیکری و لۆژیکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو بزوتنەوەیە بە دیوێکدا دژی مۆدێلی باوی پاڵەوانی گەنجی پەنجاکان بوو کە لە وێنەی شەلاتیەکی نێردا بوو، بە دیوێکی تریشدا گوزارشت کردن بوو لە خواستی گەنجان بۆ یەکسانی زیاتری نێوان هەردوو رەگەزەکە و دژایەتیکردنی تەکنەلۆژیا، کە دواتر بە جۆرێك لە جۆرەکان بزوتنەوەی ژینگە پارێزەکان و رێکخراوی سەوزەکانی لێ کەوتەوە.[1]

***هیپپیەکان*** درکیان بەو نەگونجانە کردووە کە لە نێوان باس و مەسەلە نموونەیی و راستەقینەکاندا هەیە.

هەروەها ***هیپپیەکان*** واهەست دەکەن ئەو هەلانەی دەست باوکان کەوتووە بە چاکی بەکاری ناهێنن، یەکێك لەو هەلانەش چونە ناو چەرخ و سەردەمێکەوەیە، کە زۆر گەورەیە و خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووە، بەڵام نەوەی باوان ئەو توانایەیان بەچاکی بەکارنەهێناوە و بەشێوەیەك بەکاریان نەهێناوە کە ژیانێك بخوڵقێنێت هەڵگری مانای مرۆڤ بوونی مرۆڤ بێت و مانای ژیان بدات. واتا ***هیپپیەکان*** بەشێوەیەکی هێمن بەرپەرچی باوکانیان دایەوە و بەو شێوەیە یاخیبوون و بێزاری

[1] شاهۆ سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤و ١٥

خۆیان دەردەبڕی کە بە جلوبەرگ و قژیانەوە دیاربوو هەروەها هەڵوێستی دوورەپەرێزیان لە ژیانی کۆمەڵگا گرتەبەر.[1]

دیاردەیەکی تر کە لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا لە ناو گەنجانی خۆرئاوادا بەگشتی سەریهەڵدا، پەیدابوونی ***کوڕ و کچە سەرتاشراوەکان*** بوو کە لەلایەکەوە تێپەڕاندنی کولتوری هیپپیەکان بوو کە قژیان دەهێشتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستێکی کردەیی بوو دژی ئەو فەلسەفە و دروشمانەی باسیان لە نایەکسانی نێوان کوڕ و کچ دەکرد، چونکە گەنجە سەرتاشراوەکان لە رەفتار و جلوبەرگ و ماکیاژدا لە ئاستێکی زۆر هەوڵیان دەدا جیاوازی نێوان هەردوو رەگەزەکە بسڕنەوە.[2]

رووداوێکی دیکەی زۆر گرنگ لە مێژووی راپەڕین و جوڵانەوەکانی گەنجان و خوێندکاراندا، بریتییە لە رووداوی ***مایسی ١٩٦٨*** ، راپەڕینی خوێندکارانی پاریس کە لە پاشاندا هەموو وڵاتی فەرەنسای خرۆشاند و بووە جێگای باس و سەرسوڕمانی هەموو جیهان.

راپەڕینی خوێندکارانی زانکۆی ***سۆربۆن*** لە پاریس و سەرجەم زانکۆکانی دیکەی ئەم شارە و فەرەنسا بەگشتی، بە رژانی خوێندکاران بۆ سەر شەقامەکان و داخستنی زانکۆکان و دەست بەسەراگرتنی زانکۆ لەلایەن خوێندکارانەوە دەستی پێکرد.

دیوارەکانی ئەم شارە و بەتایبەت دیواری زانکۆکان، لە جێگای تەختە رەشەکانی ناو هۆڵی وانە وتنەوە کە وتە و وانەی مامۆستا و ئوستادەکانی لە سەر

[1] بروانە: ضروریات المجتمع المعاصر، التجمع الاجتماعی الثقافی الکویتی الخامس (٢٠٠٥)، ص ٤٩ و ٥٠

[2] شاهۆ سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥



دەنوسرایەوە، بوون بە تابلۆیەکی نەخشێنراو لە نوسینی پڕ لە ناڕەزایی و دروشمە ئاگرینەکانی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ.

دیوارەکان کەوتنە قسەکردن، کەواتە با گوێ بگرین، بزانین بەناوی کێوە دەدوێن؟

**ئێمە خرۆشاوین** بەناوی جۆشی گروپەوە، بەناوی تێکشکانی تاکە دەنگەوە، بەناوی فرەییەوە، بەناوی جیاوازییەوە.

یەکەمین نرخی پریشکی ***شۆرشی ٦٨*** لە بەرەورووی دەسەڵاتێکی دیگۆلیدا، جیاوازێتی ***شۆرشی ٦٨*** لە بەرامبەر زانکۆیەکی بۆرژوازیدا، جیاوازێتی ***شۆرشی ٦٨*** لە بەرامبەر نوێخوازییەکی پۆلیسیدا. جیاوازێتی ٦٨، لە بەرامبەر دەستەبژێرێك لە ئوستادە کۆنەپەرستەکان، گروپێکی چەپڕەوی هەڵپەرستدا.. لێرەدا جیاوازی جیاوازییەکی شاعیرانەی نامۆکارنیە، جیاوازێتی مۆنتسکیۆ یان هەندێك لە خۆرهەڵاتناسان یان ئەنتۆلۆژییەکاندا،" باخۆرهەڵاتناسی چەوتی تازە بروخێت،" لێرەدا جیاوازی پێش هەموو شتێك رەتکردنەوەی چارەنووسێکە کە ژیاری مادیی پیشەسازی بە شێوەیەکی کوێرانە خولقاندوویەتی، رەتکردنەوەی ئەو مۆدێرنیتەیەیە کە ئەقڵێکی پۆلیسی دایهێناوە، مۆدێرنیتەکەی ئێمە تەنیا مۆدێرنیتەی پۆلیسە. ***بیری ٦٨*** دەچێتە ناو مشتومڕێکی جیاوازکارییەوە لەگەڵ مۆدێرنیتەیەکی لەسەرەوە سەپێنراو، کە تێیدا ژیان و ئارەزووەکان و سۆزەکان سەرکوت دەکرێن و بوار دەرەخسێنرێت بۆ مۆدێرنیتەیەکی پۆلیسیانە. بەجۆرە شۆڕشی مایس لیستەیەك ئامادە دەکات بۆ ***دوژمنانی شۆرش*** و بە توندی بەرەو روویان دەبێتەوە، دژی سەرمایەداری، دژی بیرۆکراسیەت، دژی روناکبیرە چەپڕەوەکان. ئەم بەرەورووبوونەوەیەش مۆرکی نووسینی سەر دیوار وەردەگرێت.[1]

[1] محەمەد ئەل- شێخ، روناکبیر و دەسەڵات، وەرگێرانی/ ئاوات ئەحمەد، (سلێمانی ٢٠٠٢ )، ل ١٣٠

ئەمانەی تا ئێرە باسکران، مشتێك لە خەرمانی فیکری ***شۆڕشی مایسی ٦٨*** پێکدەهێنن کە زیاتر وەك دروشم و نووسینی سەردیوار دەردەکەون و لە قوڕگی خوێندکارە راپەڕیوەکاندا دێنە دەرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ***شۆڕشی مایسی ٦٨*** هەر بەتەنیا شۆڕشێکی خوێنکاری نەبوو، بەڵکو کرێکاران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای فەرەنسیش تێیدا بەشداربوون، یەکێکی دیکە لە سیماکانی ئەم شۆڕشە، ئەوەبوو کە سنوری جیاکاری چینایەتی تێکشکاند و گەنجان و خوێندکارانی سەر بە چینە جیاجیاکان تێیدا بەشداریان کرد و شان بەشانی یەکتری کاریان بۆ ئامانجەکانی ئەم شۆڕش و راپەڕینە دەکرد.

کەواتە زەحمەتە بتوانین بە شێوەیەکی تاك قسە لەسەر ***شۆڕشی مایسی ٦٨*** بکەین، چونکە ***بیرەکانی ٦٨*** وەکو ئاو لە بەینی پەنجەکانمانەوە دەڕژێت، چەندان بیری تێدایە لەمەڕ دەسەڵات و روناکبیری و هونەر و سێکس و جەستە...کە ناتوانین وەکو خودێکی ساز لە پشتی ئەم بیرانەوە بوەستین.[1]

زۆرجاریش ئەو پرسیارە کراوە: ئایا کێ لە پشتی ئەم شۆڕشەوە بووە؟ یان کێ زۆرترین کۆمەکی فیکری و فەلسەفی بەم شۆڕشە کردووە؟

***هێربەرت مارکۆزە***[2]، یەکێکە لەو کەسانەی کەوا بەرێبەر و پێشەنگی ئەم شۆڕشە ناسراوە، لە شوێنێکدا لێی دەپرسن: بۆچی دەبوایە لە دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی ١٩٧٠ دا بزاڤە شۆڕشگێرییەکانی خوێندکاران روو لە نووسینەکانی ئێوە بکەن؟

[1] هـ.س.پ.ل ١٣٩

[2] مارکۆزە، هیربەرت (Marcuse,Herbert(١٨٩٨-١٩٧٩ فەیلەسوفێکی ئەڵمانی ئەمریکییە، وەکو تیۆریستێکی چەپی رادیکاڵ و چەپی نوێ ناسراوە، رەخنەی توندی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری گرتووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. دوای هاتنی نازییەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات، ئەڵمانیا جێدەهێڵێت بەرە و ئەمریکا و لە زانکۆی کۆڵۆمبیا فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دەڵێتەوە. لە دیارترین کتێبەکانیشی ( مرۆڤی تاك ڕەهەند ١٩٦٤ ) و ( ئیرۆس و ژیان ١٩٥٥)ە.



ئەویش بەم شێوەیە وڵام دەداتەوە: *من لە دەیەی* **١٩٦٠** *و سەرەتاکانی* ***١٩٧٠ دا*** *رێنوێن و پێشەوای خوێندکارن نەبووم لە چالاکیەکانیاندا. من تەنها هەندێ لەو بیروڕایانەی لەو سەردەمەدا پەرت و بڵاو بوون فۆرمەلەم دەکردن و دەرمەدەبڕین. ئەمەندە و بەس. ئەو وەچەیەی خوێندکاران کە لەو ساڵانەدا دژبە کۆمەڵگایەك چالاکیان دەنواند کە هەموو رۆژێك نایەکسانی و ستەم و دڵڕەقی و کاولکاری دەخستەروو، پێویستیان بەوە نەبوو شوێن پێی کەسێکی باوکئاسا یان باپیرە ئاسا هەڵگرن. خۆیان بەو ئەزموونانەدا تێدەپەڕین و بە چاوی خۆیان دەیانبینی.یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە دەتوانم لێرەدا باسی بکەم، میراتی فاشیزم بوو. فاشیزم لە رووی سەربازییەوە شکستی هێنابوو، بەڵام هێشتا توانای سەرلەنوێ ژیانەوەی هەبوو. هەروەها دەتوانم باس لە جیاکاری نەژتادی وجیاکاری سێکسی و هەستنەکردنێکی گشتی بە ئاسایش و فەوتانی ژینگە و وێرنی* بوارەکانی فێرکردن و پەروەردەکردن و کار و ...هتد، بکەم.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا رێکەوتنێك نیە لە نێوان ئەوانەدا کە لە ***شۆڕشی مایسی ٦٨*** و شەپۆلە بیرییەکەی ئەم شۆڕشەیان کۆڵیوەتەوە. هۆیەکەشی رەنگە هەر ئەوەبێت کەوا خوێندنەوەی جیاواز و ناکۆك لە ئارادا هەیە بۆ ئەم شۆڕشە: ***چەپرەوەکان*** پێیان وایە شۆڕشێکی لەباربراوە، بەلای ***کۆمۆنیستەکانەوە*** رووبەڕووبونەوەیەکی کۆمەڵایەتیە و زانایانی ***سۆسیۆلۆژیا***ش وەك رووبەڕووبونەوەیەکی روناکبیری باسی دەکەن.[2]

دیارترین خوێندنەوەش لەناو ئەمانەدا بۆ شۆڕشی مایس، ***ئالان تۆرین*** کردوویەتی ئەویش لە کتێبێکدا لە ژێرناوی (جوڵانەوەی مایس یان کۆمۆنیزمی یۆتۆپی

[1] بڕوانە: لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا، چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی (سلێمانی ٢٠٠١)، ل ١٠٩

[2] محەمەد ئەل- شێخ، روناکبیر و دەسەڵات، ل ١٣٩

١٩٦٨)، مایسی ٦٨ جولآنەوەیەکە بەرەورووی سیما تەقلیدیەکانی کۆمەڵی فەڕەنسی و ئەو سیما تەکنۆکراتیانەوە کە خەریکی سەرهەڵدانن، راوەستایەوە. بۆیە ئەم جولآنەوەیە بریتیە لە تاوانبارکردنی یۆتۆپیای باو" یۆتۆپیای ئاغاکانی کۆمەڵ کە پێیان وایە چارەسەری هەموو کێشەکان بە تویێی کەناڵی نوێکردنەوە و دیسپلین و ئاوێتەکردندا تێدەپەڕێت" ***ئالان تۆرین دەگاتە ئەوەی بڵێت" جولآنەوەی مایسی ٦٨ لەو کاتەدا کەسەریهەڵدا، هێزێکی بەرەو رووبونەوەی چینی باڵادەستی خولقاند، یۆتۆپیایەکی دژ و رزگاریخواز و دوژمنی دەسەڵاتخوازی، کە لەیەك کاتدا هەرەوەز و عەفەویش بوو.***[1]

بە گشتی ئەمەبوو کورتەیەك دەربارەی ***شۆڕشی مایسی ٦٨*** لە فەڕەنسادا، شۆڕشێك بە رێبەرایەتی گەنجان و خوێندکاران، راپەڕینێك بە سیمایەکی گەنجانەوە، بەڵام هەڵگری پەیامێکی رادیکاڵانە و خوازیاری گۆڕانێکی ریشەیی لە بونیادی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای فەڕەنسی دا.

سەرەنجام ئەم شۆڕشە توانی بەشێکی زۆری ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی و دەسەڵاتی ***شارڵ دیگۆڵ*** سەرەوخون بکات. هەروەها کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر فیکر و روناکبیری فەڕەنسی بەتایبەتی و خۆرئاوا بەگشتی دانا و گەلێك بابەت و پرسیاری فەلسەفی وروژاند، لەوانەش پەیوەندی نێوان ***روناکبیر و دەسەڵات***. ئێستاش لە مێژووی فیکری فەڕەنسی هاوچەرخدا، قۆناغێك هەیە بە ***بیری ٦٨*** ناسراوە.

کەواتە ململانێی نەوەکان، واقعێکی زیندووی نێو مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیە و لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا جۆرێك لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە هەیە لە نێوان نەوەکاندا، دواجاریش پرسی گەنج وەك نەوەیەکی تازە لەوێوە

[1] هـ.س.پ.ل ١٤٠ و ١٤١



سەرهەڵدەدات و رۆژ لەگەڵ رۆژ خواست و داواکارییەکانی ئەو توێژە زیاد دەکات و بەکەم رازی نابێت و داوای زۆر دەکات، بەتایبەت بۆ ئەمڕۆ کە شۆڕشی زانیاری و هۆیەکانی راگەیاندن، پرس و مەسەلەکانی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، لە تاریکترین کونجی ئەم جیهانەوە، دەهێننە بەر روناکی و رای گشتی لەسەر دروست دەکەن.

ئەمڕۆ لە جیهاندا، هەموو فەلسەفە و بیروباوەڕێکی باش و خراپ، هەموو کولتورێکی جوان و ناشرین، هەموو دەردوبەڵایەك، بە خێراییەکی زۆر بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە و لە تواناییدا هەیە پرس و دیاردەی جیهانی دروست بکات.

هاتنە پێشەوەی پرسی گەنجان و قسەکردن لە ململانێی نەوەکان، لە کوردستاندا و لەم دوو سێ ساڵەی رابردوودا، لەم لایەنەوە پڕشکێکی بچوکی ***گلوبالیزمە*** وەبەر کوردستان کەوتووە، ئەمڕۆ هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت لایەنێکی دیکە کەنارگیر بکات و هەوڵەکان بۆ کەنارگیرکردنی یەکتری بەسەرچوون.

## گەنج وەک گروپی بەرژەوەندی

ئایا مەبەستمان چیە لە ناساندنی گەنج وەك ***گروپی بەرژەوەندی*** Interest group ؟

رووداوەکانی ***ساڵی ١٩٦٨*** کە باسمان لێوەکرد، نەك هەر لە وڵاتی فەرەنسادا بەڵکو لە گشت شوێنێکی جیهاندا، بووە مایەی وروژاندنی چەند پرسیارێکی کۆمەڵایەتی. ئایا گروپێکی بەرژەوەندی گەنجان هەیە؟ ئایا کۆمەڵەیەك لە چالاکی و بەها هەیە کە لەلایەکەوە گەنجان لە گەورەکان جیادەکاتەوە و لەلایەکی

دیشەوە شوناسێکی دیاریکراویان پێدەبەخشێت لەسەرووی جیاوازییە چینایەتیەکانی نێوانیاندا؟ وە ئایا کولتوری گەنج بووە بە **هێزێکی سیاسی**؟

لە وڵامی هەموو ئەم پرسیارانەدا دەتوانین بڵێین بەڵێ، وڵامەکەشمان پشت ئەستورە بە روانگەیەکی مێژووییەوە. بە دڵنیاییەوە گەنجان بە شێوەیەکی سیاسی لە یەکتر نزیك بوونەتەوە، ئەمیش بەیارمەتی خۆشگوزەرانی ئابوری و فراوانبوونی پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و هەروەها رۆتینی بیرۆکراسی کە زۆربەیانی گرتەوە، گەنجان بە هەموویانەوە رووبەڕووی ئەو کۆت و بەندانە بوونەوە کە لەلایەن گەورەکانەوە خرابووە ملیان، رووبەڕووی هەموو ئەو هەوڵانە وەستانەوە کە وایلێ دەکردن ببن بە کەسانێکی بەرهەمهێنەری گوێ لەمست و رێکوپێك و بەکاربەرێکی بەردەوام.[1]

ساڵی حەفتاکان لە خۆرئاوادا، دوای ئەوەی رێژەی بێکاری و دەست بەتاڵی لەناو گەنجاندا رووی لە بەرزبوونەوە کرد. دەرکەوت کەوا کولتورێکی گرنگ و تایبەت لە نێوان گەنجەکاندا سەریهەڵداوە، هەموو گەنجەکان بەبێ گوێدانە جیاوازی رەگەزی و چینایەتی لەم کولتورەدا بەشدارن و سەر بە یەك گروپن.

کۆبوونەوەی گەنجان لە نێو یەك گروپدا و بەشداریکردنیان لە یەك کولتور و بەرهەمهێنانەوەیدا، لەپاڵ یەکگرتوویی و یەك هەڵوێستیان بەرامبەر بە مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، بە بێ گوێدانە جیاوازییە رەگەزی و چینایەتیەکان، پەیوەندی هەیە بە چەند فاکتەرێکی مێژووییەوە و هەر بەتەنها لە ئەنجامی خۆشگوزەرانی ئابورییەوە دروست نەبووە. گرنگترین ئەو فاکتەرانەش هەروەك مارکۆزەش ئاماژەی بۆ کردووە، رەنگە ترسی گەنجان بوویێت لە دووبارە

[1] سایمون فریث، علم اجتماع الشباب، ص ٤٣١



سەرهەڵدانەوەی **فاشیزم و نازیزم** و روودانی کارەساتی گەورەی لەجۆری جەنگە جیهانیەکان و **هۆڵۆکۆست**.

گفتوگۆکردن لەسەر **سیاسەت لەلای گەنجان**، چی وادەکات گەنجان وەکو **گروپی بەرژەوەندی** بناسرێن؟ لەگەڵ خۆیدا گەلێك باس و مەسەلەی گرنگ دەوروژێنێت کە پەیوەندیان هەیە بە دەست بەتاڵی و بیکاری لای گەنج، شێوازی فێرکردن و پەروەردەکردنیان، ئاستی خوێندن و فێرکردنی باڵا و زانکۆکان و ....هتد، کە ئەم مەسەلانە پەیوەنی راستەو خۆیان بە گەنجانەوە هەیە و کەسی گەنج بە مافی خۆی دەزانێت لە مبارەیەوە هەڵوێست وەربگرێت و لەو پرۆسانەدا بە شداربێت کە چارەنووسی ئەوی گەنج دەستنیشان دەکەن، وە پێی وایە دەبێت بەشداریکردنەکەشی تا ئەو ئاستە بێت کە توانای بڕیاردانی هەبێت.

بۆیە زۆرجار گەنجان دەگەنە ئەو ئاستەی کە وەك گروپێکی سیاسی بجوڵێنەوە و لە پێناوی خواست و داواکارییەکانی خۆیان، بکەونە سازش و گفتوگۆکردن لە گەڵ دەسەڵات و بەرپرسان، لێرەشدا مەسەلە کە پەیوەندی هەیە بە رادەی تێگەیشتووی و هوشیاری گەنجەوە، تاکو بتوانن لە **دەرەوەی هەموو جیاوازییەکی چینایەتی** و ئایدۆلۆژییەوە، وەك گروپێك تەنیا بەرژەوەندییەکانی توێژەکەی خۆیان لە بەرچاوبێت. وەك ئەوەی لە **شۆڕشی مایسی ٦٨** ی خوێندکارنی فەرەنسادا روویدا.

لەساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠ )دا باس و لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ٨ ملیۆن خوێندکاری زانکۆ لە زانکۆکانی ئەمریکادا لەلایەن **دانشگەی ئەمریکایی بۆ فێرکردن**، ئامادەکرا. لەو توێژینەوەیەدا وا دەرکەوت کە ٢ لە ٣ ی کۆلیژ و زانکۆکان بە جۆرێك لە جۆرەکانی بەرهەڵستی کردن و رەتکردنەوە بەشداریان کرد، واتە لە ٦٦,٩٪ بە توندوتیژییەکی ساکار بەرهەڵستیان کرد و لە ٣٪ ی ئەو

خوێندکارانەش لە ڕەگەوە دژی سیستەمی فەرمانڕەوایی بوون، واتە ٢٤٠,٠٠٠ خوێندکار لە ژمارەی ٨ ملیۆن دژی دەسەڵات بوون، بەڵام لە ٤٪ لەناو ڕژێمدا دەژین و وایدەبینن کە دەکرێت و لەوانەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕووبدات لە ڕێگای بەشداریکردن و کارکردن لەناو دامەزراوە و ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا، بەڵام لە ٣٠٪ تا ٤٠٪ پشتگیری ئەوانە دەکەن کە لە ناوەڕاست دان، واتا زۆربەی لەوانەن کە بێدەنگن و هیچ ناڵێن، ئەوانیش لە ١٥٪ی پارێزگاکان پێکدەهێنن.[1]

هەروەها ***تۆینبی*** لەو کتێبەی خۆیدا، کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەربارەی هەمان باس نووسیویەتی، واتا لە باسی ( لاوان و ڕۆڵیان لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا)، چەند پرسیارێك بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: ئایا جیهان لە بەرەو ڕوبونەوەی شۆڕشێکی ڕاستەقینەدایە و گەنجان وەك ڕووبارێکی بەهێز و تیژڕەو تێدەپەڕن، بەڵام نەوەیەك لە بەردەمیاندا دەبێتە بەربەست و ڕێگەیان پێدەگرێت؟ ئایا ئەو بەربەستە دەشکێت؟ یان ئاو بە دوولای بەربەستەکەدا جیادەبێتەوە و دەڕژێت؟ ئایا گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان هەردوو بەرەی کۆن و نوێدا ڕوودەدات؟[2]

---

[1] ضروريات المجتمع المعاصر، ص ٥١
[2] هـ.س.پ.ل ٥٣

# بەشی دووەم: پێگەیاندنی سیاسی

## پێگەیاندنی سیاسی

بۆ قسەکردن دەربارەی پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسی***political socialization، واچاکترە لە دەروازەیەکی فراوانترەوە دەست پێبکەین، ئەویش بریتیە لە پرۆسەی ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** socialization، ئەو پرۆسە بەردەوام و گشتگیرەی کە درککردنی مرۆڤ سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا و ناسینی مەودا و رەهەندەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات و لەو رێگایەوە مرۆڤ **لە کائینێکی بایەلۆژییەوە دەگۆڕێت بۆ کائینێکی کۆمەڵایەتی.**

***بەکۆمەڵایەتیبوون*** بریتیە لە پرۆسەی پێکهاتن و گۆڕان و بەدەستهێنان کە منداڵ رووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی کارلێکردنیدا لەگەڵ تاکەکان و گروپ و کۆمەڵەکاندا و دەبێتە خاوەنی پێگەیەك لە نێو پێگەیشتوەکاندا بەهەموو ئاراستە و بەها و پێوەر و دابونەریتەکانیشیانەوە. هەروەها بریتیە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی، تیایدا تاك کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەست دەهێنێت، کەسایەتیەك کە رەنگدانەوەی کولتوری کۆمەڵگاکەی خۆیەتی.

***بەکۆمەڵایەتیبوون*** ئەو پرۆسەیەش دەگرێتەخۆی کە تیایدا تاك کولتوری کۆمەڵگاکەی خۆی و زمانەکەی و سیمبول و ماناکان و بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە بەدەست دەهێنێت کە دواجار ئاراستەی رەفتارەکانی دەکەن.[1]

[1] د. صالح محمد علي ابوجادو، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، طبعة الرابعة ٢٠٠٤ عمان. ل.١٦



هەروەك ئاماژەمان بۆکرد ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ناتوانین بەسەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی تەمەندا کورتی بکەینەوە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە لە هەموو قۆناغەکانی منداڵیی و هەرزەکاریی و پێگەیشتویی و هەروەها لە قۆناغی پیریشدا بەردەوامی هەیە، مرۆڤەکان لەماوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا، هەرچەندی زیاتر پەیوەندی بە خەڵکانی دیکە و گروپ و کۆمەڵەوەکانەوە بکەن، بەو ئەندازەیەش ناچارن گونجان و رێکخستن لە رەفتاری خۆیاندا دروست بکەن و رۆڵی تازەی خۆیان بناسن.

ئەو میکانیزمانەش کەوا رێگەخۆشکەرن بۆ ***پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون***، یاخود بڵێین ئامرازەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، دەکرێت دابەشیان بکەین بۆ سێ دەستە، بەم شێوەیە:

١- لاسایی کردنەوە، بەواتای کۆپیکردنی رەفتاری تاکەکان یان گروپەکانی دیکە، ئەم لایەنەش بە تایبەت لە قۆناغی منداڵیدا گرنگییەکی زۆری هەیە.

٢- فێرکردن، بە واتای فێربوونی رەفتاری گونجاو لە رێگای خوێندنی رەسمی، یان گروپەکانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە و چالاکیەکانی دیکەی وەك فێرکردنی پیشەیی.

٣- فێربوونی رەفتاری گونجاو بە ئامرازەکانی ئەزموونکردن و لە رێگای تاقیکردنەوە و هەڵەکردنەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە تەواوی قۆناغەکانی ژیاندا بەرچاو دەکەوێت.[1]

[1] منوچهری صبوری، جامعەشناسی سیاسی، تهران ١٣٨١ ل. ٢٤٤

کەواتە ئەگەربێت و ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** وەك پڕۆسەیەکی فراوان و بەردەوام سەیربکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین پڕۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسیش*** جۆرێکە لە جۆرەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون کە ئەرك و وەزیفەی دیاریکراوی خۆی هەیە.

سەبارەت بە چەمکی **پێگەیاندنی سیاسی** لە ڕووی بەکارهێنان و دارشتنی زمانەوانییەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بەکارهێنانە سەرەکییەکەی ئەم چەمکە بە زمانی ئینگلیزی، واتا political socialization کە پێکهاتووە لە دوو بڕگە political بەمانای ***سیاسەت***، socialization بەمانای ***بەکۆمەڵایەتیبوون***. هەردوو وشەکەش بەسەریەکەوە بە زمانی کوردی دەبێتە ***بەکۆمەڵایەتیبوونی سیاسی***، جێگای ئاماژە بۆکردنە کە لە زمانی عەرەبیشدا کۆمەڵناسەکان هێشتا لەسەر یەك جۆر بەکارهێنانی ئەم چەمکە یەکلایی نەبوونەتەوە، هەیانە (التنشئە السیاسیە) لە بەرامبەر چەمکە ئینگلیزییەکەدا بەکاردەهێنێت، هەشیانە (التنشئە الاجتماعیە السیاسیە) بەکاردەهێنێت. بەکارهێنانی یەکەم لە زمانی عەرەبیدا ***مانای پێگەیاندنی سیاسی*** دەگەێنێت، لە بەکارهێنانی دووەمیشدا (*التنشئە الاجتماعیە*) بەتەنیا مانای ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** دەگەێنێت و بە تەك چەمکی (*السیاسە*) ەوە دەبیێتە ***بەکۆمەڵایەتیبوونی سیاسی***.

لە زمانی کوردیدا لە نێوان هەریەکە لە ***بەکۆمەڵایەتیبوونی سیاسی*** و ***پێگەیاندنی سیاسی*** دا، بۆ زیاتر ناساندن و بەرجەستەکردنێکی واقعی پڕۆسەکە باشتروایە دەربڕینی دووەم لەبەرچاوبگرین، واتە ***پێگەیاندنی سیاسی*** چونکە وەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆکرد ئەم پڕۆسەیە بە هیچ شێوەیەك ناکەوێتە دەرەوەی پڕۆسەی ***بەکۆمەڵایەتیبوونەوە*** و بگرە رەگەزێکی گرنگی ئەم پڕۆسە فراوانەش پێکدەهێنێت. ***بە کۆمەڵایەتیبوون*** کە پڕۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە هەر لە منداڵییەوە تا پیربوون هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەرچی ***پێگەیاندنی سیاسی*** یە دێت هێندێکی تریش پڕۆسەی یەکەم کە باسمان کرد، ورد



دەکاتەوە و شیتەڵی دەکات، بە ئەندازەیەکی وا کە تەنها خەت بە دەوری مەسەلەیەکدا دەکێشێت، ئەویش پەرەپێدانی تواناکانی تاکەکەسە بۆ تێگەیشتن لە مەسەلە سیاسییەکان و ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی هەرکەسێکە بەرامبەر بەخۆی و کۆمەڵگا و هەروەها بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا. بەو مانایەی ***سیاسەت*** و ***بەشداری سیاسی*** دەبێتە جێگای بایەخی یەکەمی ئەم پڕۆسەیە و ئامانجەکەشی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە گەشەپێدانی هۆش و توانای سیاسی لای تاکەکانی کۆمەڵگا و ئامادەکردنی تاکێکی سیاسی کۆمەڵایەتی.

کەواتە ئێستا ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ئەم چەمکە بکەین پێویستە بڵێین: ***پێگەیاندنی سیاسی پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە تاکەکانی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ئاشنایەتی لەگەڵ سیستەمە سیاسییەکەیدا پەیدا دەکەن.***

بەمانایەکی فراوانتر ***پێگەیاندنی سیاسی*** بریتیە لەو پڕۆسەیەی لەڕێگایەوە تاك زانیاری و بەها و راستیەکان و نمونە سیاسیەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت، هەر لەم ڕێگایەشەوە ئاراستە فیکری و ئایدۆلۆژییەکان لای ئەو تاکە شکڵ و شێوە دەگرێت و کاریگەریشی هەیە لەسەر رەفتار و پراکتیزەی ڕۆژانەیدا و پلەی پێگەیشتوویی و چالاکیە سیاسیەکانی لەنێو کۆمەڵگادا.[1]

لە پێناسەیەکی کەشدا بۆ ئەم چەمکە واهاتووە: ***پێگەیاندنی سیاسی*** پڕۆسەیەکە لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەتوانێت کولتور و ***رۆشنبیری سیاسی*** لە نەوەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. وەك چۆن لەلایەکەوە وا پێناسەی ***پێگەیاندنی سیاسی*** کراوە کەوا پڕۆسەیەکە لەرێگایەوە تاك ئاراستەکانی خۆی دەربارەی دیاردە سیاسیەکان بەدەست دەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگا لە ڕێگای

[1] د. احسان محمد حسن، علم الاجتماع السیاسي، الطبعة الاولی ٢٠٠٥ عمان. ل. ٢٦٣

ئەم پرۆسەیەوە پێوەر و بیروباوەڕە سیاسیەکان لەو نەوەیەی ئێستاوە دەگوازێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو.[1]

هەروەها دەتوانین بڵێین ***پێگەیاندنی سیاسی*** بریتیە لە وانەوتنەوە بە گەنجەکان لە ڕێگای کۆمەڵگاوە، دەربارەی چۆنیەتی جوڵانەوە و هەڵسوکوتکردن لە گەڵ ئەوانەدا کەوا دەستیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتووە.[2]

هەرچی پێناسەکردنی ***پێگەیاندنە*** بە مانا فراوانەکەی، ئەوا هەموو فێربوونێکی سیاسی دەگرێتەوە، ڕەسمی و نارەسمی، مەبەستدار یاخود پلان بۆدارێژراو، بە جۆرێك ئەم پرۆسەیە لە پەیوەندیدایە بە هەموو قۆناغەکانی ژیانی هاوڵاتییەوە، هەروەك چۆن ئەم پرۆسەیە ***فێربوونی سیاسی*** ڕاست و ڕەوان و ڕوون و ***فێربوونی ناسیاسی*** ئەوەی کە لەوانەیەکاربکاتە سەر ڕەفتاری سیاسی "لە نمونەی فێربوونی تاکەکان بۆ هەندێك ئاراستەی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بە سیاسەتەوە" دەگرێتەوە، یان بەدەستهێنانی هەندێك سیفەتی شەخسی لەلایەن تاکەکانەوە کە پەیوەندی هەبێت بە سیاسەتەوە.[3]

لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە پێگەیاندنی سیاسی نیشانی دەدەن کەوا:

١- زۆربەی ڕەفتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە یەکەمینەکانی ژیاندا بەدەست دەهێنرێن.

٢- ***پێگەیاندنی سیاسی*** لە سەراسەری ژیاندا ڕوودەدات، بەڵام هەرچی قۆناغی منداڵییە تا ئەندازەی قۆناغی هەرزەکاری، گرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** پێکدەهێنن.

---

[1] رعد حافظ سالم، التنشئة الاجتماعية و اثرها على سلوك السياسي، الطبعة الاولى ٢٠٠٠ عمان. ص١٧

[2] ه.س.پ. ل. ١٧

[3] فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢١



٣- ***پێگەیاندنی سیاسی*** لە ڕێگای هۆکارە گرنگەکانی ***بەکۆمەڵایەتیبوونەوە***، بە پلەی یەکەم خێزان و قوتابخانە، بەدوای ئەویشدا گروپی هاوڕێیانە و گروپەکانی کار و گروپە مەزهەبیەکان، شکڵ وشێوە دەگرێت.[1]

هەروەها ڕێگاکانی توانایی، فێربوون، ئامۆژگاری و شارەزایی، و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی ئەمانە، وادادەنرێن کە گرنگییەکی سیاسی زۆریان هەیە... ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەوا پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسی*** لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بۆی هەیە پشکداری بکات لە سەقامگیری بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە و بە پێچەوانەشەوە خولقاندنی ناسەقامگیری یاخود گۆڕانکاری تیایدا، لە زۆری یاخود کەمی ***بەشداری سیاسیدا*** بۆ ڕای گشتی.[2]

کەوابوو بابەتی ***بەشداریکردنی سیاسی*** پەیوەندی بە ***پێگەیاندنی سیاسییەوە*** هەیە. پێگەیاندنی سیاسیش پرۆسەیەکە بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی هاوڵاتی تا بتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا بکات. سروشتی ئەم ***پێگەیاندنە سیاسییە*** و ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسیەی کە تێیدا هاوڵاتی دەستی دەکەوێت ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن بۆ تێگەیشتنی ئەو هاوڵاتییە لە مافەکانی خۆی و لە سەرووی ئەمەشەوە مافی خۆی لە بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسیدا جا بەلایەنی باش بێت یان خراپ. هەروەك چۆن دەریش کەوتووە کە چەندە بەشداری سیاسی هاوڵاتیان زیادبکات ئەوەندەش مەیلی ***توندوتیژی سیاسی*** لایان کەمدەبێتەوە، واتە پەیوەندی نێوان ئەم دووانە پەیوەندییەکی پێچەوانەیە.[3]

---

[1] منوچهری صبوری، سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٤٢

[2] فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

[3] رابەر تەلعەت، ڕۆشبیر و دەسەڵات، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٠)، ٢٠٠٥،هەولێر، ل١٢٠

## کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی

کەناڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی ***پێگەیاندنی سیاسی*** زۆر و جۆراوجۆرن، وەك خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵە و گروپەکان و هەروەها بڕادەران و دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری و ...هتد، لێکۆڵینەوە تازەکان ئاماژە بۆ هەندێك دەستکاری و چاکسازی دەکەن لەو تیۆرییەی کەهەر لە کۆنەوە باوەڕی وایە خێزان ڕەگەزی یەکەمە لە ***پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا*** و بەها سیاسییە سەرەکییەکانیش لەلای تاکەکەس، هەر لە ڕێگای خێزانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چاکسازییەی لەم تیۆرییەدا کراوە ئاماژە دەکات بۆ ئەو گرنگییە ڕێژەییەی کە هەندێك هۆکاری دیکە هەیانە و لەهەندێك کاتیشدا دەکەونە سەرووی خێزانەوە.[1]

هەروەك باسمان کرد، تاکەکان لە ڕێگای خێزان، قوتابخانە، ڕۆژنامەکان، تەلەفزیۆن، هەروەها ململانێ سیاسیەکان و سەرگەرمییەکانی خۆیان پەیوەست بە ڕۆڵی ئەوان لە نێو قەڵەمڕۆی سیاسیدا و هەروەها ڕۆڵی دەوڵەت، پلە و پایەی محلی، پلە و پایە عەسکەریەکان، پۆلیس و دەزگاو دامەزراوەکانی سەربە دەسەڵات، هەرچی زۆرتر ئاگایی پەیدا دەکەن.[2]

**دەتوانین کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی دابەش بکەین بەسەر دوو جۆردا:**

**یەکەم: کەناڵە ناسیاسییەکان (غەیرە سیاسی).**

**دووەم: کەناڵە سیاسییەکان.**

کەناڵە ناسیاسیەکان وەك: خێزان و کۆمەڵگای خۆجێی و یانە وەرزشیەکان و کۆمەڵە و گروپە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان و ...هتد.

[1] فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧

[2] منوچهری صبوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١



کەناڵە سیاسیەکانیش وەك: حزب و ڕیکخراوەسیاسیەکان و گروپ و دەستەبەندی سیاسی و حکومەت و دامودەزگا سیاسیەکانی سەربە دەسەڵات و ....هتد.

بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبچێت هەردوو کەناڵەکە لە شوێنی خۆیاندا گرنگ و پێویستن، تاکەکانیش لە گشت قۆناغەکانی تەمەنی خۆیاندا پابەندن بەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەم دامودەزگایانەدا بکەن، پابەندییەك نەك بەزۆری و ناچارکردن، بەڵکو ئەوە پرۆسەی ***بەکۆمەڵایەتیبوونە*** بە شێوەیەکی سروشتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ڕووبەڕووی بارودۆخێکی لەم شێوەیە دەکاتەوە و زۆرجاریش دەتوانێت یاسا و بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لای تاکەکان دەستنیشان بکات.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە گرنگترین ***کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی بکەین:***

١- **خێزان:** خێزان وەك بچوکترین و سەرەکیترین یەکە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، دابینکەری هەموو پێداویستیە ماددی و ڕوحیەکانی مرۆڤە و منداڵ لە کەسەوە دەگۆڕێت بۆ کەسایەتی و فێری ئەوەی دەکات چۆن خودی خۆی و کەسانی دیکە لە یەکتری جودا بکاتەوە و شوناسی خێزان و کۆمەڵگاکەی هەڵبگرێت. هەروەها ئامادەی دەکات تاکو لە قۆناغەکانی تەمەنی داهاتوی خۆیدا تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببێت.

٢- **دەزگاو دامەزراوە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان:** وەك قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان و ناوەندە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان و مۆزەخانە و بنکەی کەلەپووری و هەروەها کتێبخانە و ناوەندەکانی ئەکادیمی و توێژینەوە زانستییەکان، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسیدا*** و گواستنەوەی پێوەر و بەها سیاسیەکان و هەروەها گواستنەوەی ***ڕۆشنبیری سیاسی***

بۆ تاکەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو یاخود گۆشکردنیان بە هەندێك بیروباوەڕ و بەهای نەتەوەیی و نیشتیمانی.

**٣- ئاین:** دەتوانرێت لە گەلێك رووەوە ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئاین بکەین لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا، لەوانەش رۆڵی ئاین لە دروستبوونی حزبەکاندا و هەروەها هەڵوێستی ئاین بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن.

کۆمەڵێك حزبی سیاسی ئاینی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو و وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا سەریان هەڵدا، بۆ نمونە لە بەلجیکا، کەنیسە لە پشت دروستکردنی حزبی پارێزگارانی کاسۆلیکییەوە بوو، هەمان شتیش دەربارەی حزبی مەسیحی ئیتاڵی و ئەوانی دیکە.

هەرچی دەربارەی هەڵوێستی ئاینە بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن، بۆنمونە لە نەریتی ئاینی ژاپۆنیدا هەموو جۆرە جیاوازییەك و ئۆپۆزسیۆنێك بەرامبەر بە دەسەڵاتی باڵا رەتدەکرێتەوە، ئەم بەها ئاینییە لە ژاپۆنیدا جۆرێك لە ***پێگەیاندنی سیاسی*** ناوەتەوە کە بەچاوی تۆمەت و تاوانەوە دەڕوانرێتە حزبی ئۆپۆزسیۆن.[١]

یان دەبینی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، لەو شوێنانەی بە تەواوەتی حزب و دەسەڵاتی ئیسلامی دەسەڵاتدارە، هەموو جۆرە جیاوازییەکی فیکری و ئایدۆلۆژی لە دەرەوەی ئیسلام رەتدەکرێتەوە و بە کوفر و حەرام ناو دەبردرێت و بە هەموو شێوازێکیش ئۆپۆزسیۆنی غەیرە دینی سەرکوت دەکرێت. لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی، لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە ***پێگەیاندنی سیاسیدا***، بە تایبەت لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا.

[١] رعد حافظ سالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤



**٤- کەناڵەکانی راگەیاندنی جەماوەریی** Mass media: لە رێگای ئەو کەناڵانەوە رۆژانە و بە شێوەیەکی بەردەوام کۆمەڵێك بیروباوەر و زانیاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەر، بەتایبەتیش لە رێگای رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤارەکان و ئامێرەکانی سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە.

گرنگی کەناڵەکانی راگەیاندن لە پرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا ئەوەیە کە ئەم کەناڵانە وزەوتوانایەکی لە رادەبەدەریان هەیە بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەقڵ و هۆشی خەڵکی و ئاراستەکردنیان بە زەبری دەنگ ورەنگ و وێنەی رەنگاوڕەنگ. هەروەها زمانی راگەیاندن و پروپاگەندە لە رێگای ئامرازەکانی وەك تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە یاخود لە رێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانێت بچێتە نێو هەموو ماڵێك و خێزانێکەوە، خەڵکیش زۆربەی کاتی دەست بەتاڵی خۆیان تەنانەت هێندێك جار لەکاتی کارکردنیشدا بەدیار تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە بەسەر دەبەن.

ئەم کەناڵانەی راگەیاندن رۆڵیان هەیە لە خولقاندنی رۆشنبیرییەکی گشتی و جەماوەریدا، هەروەها دروستکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و وروژاندنی هەست و سۆزی جەماوەر لەپاڵ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی سیستەمی سیاسیدا.

**٥- *سیستەمی سیاسی*:** ئەمەش پێکدێت لە کۆمەڵێك بونیاد و هەیکەل و دەزگا و دامەزراوە، لەناوخۆیاندا کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن و دواجاریش لەگەڵ کۆمەڵگادا، لە پێناوی هێنانەدی خواست و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایە، هەروەها جێبەجێکردنی وەزیفە سیاسیەکان کە ئەم ***سیستەمە سیاسیەش*** لقێکە لەنێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی فراوانتردا.

ئامانجی ***سیستەمی سیاسی*** لەم پڕۆسەیەدا، پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیەتی لەنێو جەماوەردا، لەپاڵ دروستکردنی زۆرترین لایەنگری بۆخۆی و دەسەڵاتەکەی.

## پێگەیاندنی سیاسی لە کوردستاندا

بۆ زانین و شارەزابوون لە رەوشی ***پێگەیاندنی سیاسی*** لە کوردستاندا، چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەچونی ئەم پڕۆسەیە، ئەو کەناڵانەی لە ڕێگایانەوە ئەم پڕۆسەیە و دەرئەنجامە باش و خراپەکانی لەسەر تاکی کورد دەردەکەوێت، پێویستە بەوردی تێبینی ڕەفتار و ئاراستە سیاسیەکانی ئەو تاکە بکەین: وەك ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کێ دەنگ دەدات و کێ دەنگ نادات؟ چۆن و بۆچی خەڵکی کورد تێکەڵ بە سیاسەت دەبن؟ ئەو خەڵکانە کێن کە مەیلیان بۆ حزبە نەتەوەیی و عیلمانیەکان هەیە، یان ئەوانەی مەیلیان بۆ حزب و لایەنە ئوسوڵی و توندڕەوەکان هەیە؟ خەڵکی کوردستان چی دەزانن دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەچوونی حکومەتەکەیان؟ ئەم خەڵکە تا چ ئاستێك گرنگی بە ژیانی سیاسی دەدەن؟ خەڵکی کوردستان چۆن ئینتما نەتەوەیی و ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان بەدەست هێناوە؟ چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە توانیویانە ئەندازەیەك لە ***مەعریفە و هوشیاری سیاسی*** بەدەست بهێنن؟ ئەو توانایە لای تاکی کورد یان هەرتاکێکی دیکەی کوردستان چەندە گەشەی کردووە کە بتوانێت لە نێوان کۆمەڵێك سیاسەت و پڕۆگرامی دیاریکراودا چاکترینیان هەڵبژێرێت؟ ئەو تاکانە چۆن و بە چ شێوازێك ئینتمای حزبی خۆیان بەدەست هێناوە؟ ئەو هۆکارانە چین وادەکەن ئەم ئینتمایە لەلای تاکەکان بە زیندوویی بمێنێتەوە؟

ئاشکرایە مەبەستی باسەکەی ئێمە ***بەشداری سیاسیە لای گەنجی کورد***، بەشداری سیاسیش وەك پڕۆسەیەك کە پەیوەندی هەیە بە ***پێگەیاندنی سیاسییەوە***، ناچارمان دەکات هەڵوەستەیەکیش لە سەر ئەم پڕۆسەیە بکەین لە کوردستاندا بە



تایبەت لە دوای راپەڕینەوە، چونکە لەو کاتەوە دەکرێت بڵێین کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ ناسراوە و لە پاڵ حکومەتی کوردیدا چەندین رووداو و گۆڕانکاری و دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری جودا جودا روویان لە کوردستان کردووە، گەنجانیش کە بە نەوەی تازە ناسراون زۆرترین پریشکی دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی ئەم دیاردە و رووداوانەیان بەرکەوتووە، بەشێکی زۆری ئەمەش لە ڕێگای پڕۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسیەوە*** گواستراوەتەوە بۆ گەنجەکانی کوردستان، ئەو پڕۆسەیەی کە خێزان و حزب و دەسەڵاتی کوردی و دەزگا راگەیاندنە کوردییەکان رۆڵی بەرچاویان تێدا گێڕاوە.

لەو وڵاتانەدا کە ئەزمونێکی دوور و درێژیان لەگەڵ حکومەتە نا دیموکراسی و سەرکوتکەرەکاندا هەیە و هەموو هەوڵدانێك بۆ هێنانەکایەوەی سیستەمێکی دیموکراسی ئەنجامەکەی بە سەرکوتکردن و شکست خواردن گەیشتووە، خێزانەکان هەمیشە ئەوە بیر منداڵەکانیان دەهێننەوە کە هەقیان بە سیاسەتەوە نەبێت و بەشداری تێدا نەکەن.[1]

لێرەشدا کاتێك باس لە دەوڵەتێك دەکرێت بەوەی کە دەوڵەتێکی دەسەڵاتگەرا و سەرکوتکەرە، وا باشترە ئەمە بە تەنها لە ڕووی حەز و ئارەزووی دەسەڵاتخوازانەی حاکم و دەسەڵاتدارەکانی ناوییەوە لێکنەدرێتەوە، بەڵکو دەبێت سەرنجێکی ئەو ***کولتورە سیاسیەش*** بدرێت کە لە نێو کۆمەڵگادا ئامادەیی هەیە، لەپاڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایەدا، پاشان رەنگە بۆمان دەربکەوێت کە ئەم کۆمەڵگایە سیستەمە ئاینیەکەشی هەر سەرکوتکەرە، خێزانیش تیایدا خێزانێکی دەسەڵاتگەرا و سەرکوتکەرە، تەنانەت سەندیکاکانیش لەم کۆمەڵگایەدا سروشتی سەرکوتکارییان تێدا بەدیدەکرێت!

[1] منوچهری صبوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١

کەواتە سەرکوتکاری ڕژێمی سیاسیش بەشێکە لەو ڕێکخستنە دەسەڵاتگەراییەی نێو کۆمەڵگاکە، بۆیە ئێمە لە هەڵەداین ئەگەر پێمان وابێت کەوا گۆڕانی دیموکراسی بەتەنها پەیوەندی هەیە بە شێوە سیاسیەکەی کۆمەڵگاوە، بەڵکو ئێمە ئەگەر بەڕاستی خوازیارین قسەلەسەر پێشکەوتنی دیموکراسی بکەین، ئەوا بەبێ هیچ شتێك پێویستە ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە هەریەکە لە خێزان و ناوەندە ئایینیەکان و کۆمەڵە و سەندیکاکان و هەروەها زانکۆ و سیستەمی پەروەردەیی بگرێتەوە، کە سیستەمێکی سیاسیش بریتیە لە چڕکراوەیەکی هەموو ئەمانە.[1]

ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو لەهەمان کاتیشدا هێندێك کەس بە ***گۆڕانێکی دیموکراسی*** ناودەبەن لە عێراقدا، سەبارەت بە کوردستانیش لای هەموان ئاشکرایە کە ئەوە بۆ زیاتر لە پانزە ساڵ دەچێت ئەم گۆڕانە ڕوویداوە و کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کەئایا دەسەڵاتی کوردی لەم ماوەیەدا تاچ ئەندازەیەك توانیویەتی پەرە بە ڕۆڵی دیموکراسیيانەی دامودەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان بدات و ئەم دەزگاو دامەزراوانە لە هەژمونی کولتورێکی دیکتاتۆریانە و تۆتالیتار ڕزگار بکات؟ لەپاڵ ئەم دەسەڵاتە کوردییەدا پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسی*** بەرەو کام ئاراستە هەنگاوی ناوە و تاچەند گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی؟ خێزان و قوتابخانە وەك دوو دەزگای گرنگی پەروەردەیی، تاچ ئاستێك بایەخ بە کرانەوە و پێشکەوتنی ئەم دوو دەزگایە دراوە و چۆن ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسی لە کوردستاندا*** ؟

وەك باسمان کرد ***خێزان*** گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە هەردوو پرۆسەی ***بەکۆمەڵایەتیبوون*** و ***پێگەیاندنی سیاسیدا***، بەگشتی خێزانی کوردی حەزبەوە

[1] ڕعد حافظ سالم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠



ناکات منداڵەکانی تێکەڵ بەسیاسەت و ژیانی سیاسی کۆمەڵگا بن، هۆیەکەشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خێزانی کورد لە سایەی ڕژێمی پێشووی عێراقدا، یادەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشی هەیە لەگەڵ سیاسەت و تەنانەت بیرکردنەوەی سیاسیشدا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە کاتێك کە دەسەڵاتی کوردی لەم هەرێمەی ئێستاماندا دروست بوو، حزبە کوردیەکان نەیانتوانی ئەم یادەوەرییە تاڵ و ناخۆشە سەبارەت بە سیاسەت و کاری سیاسی و حزبایەتی لەلای خێزانی کورد و خەڵکی کوردستان بەگشتی کاڵ بکەنەوە، بەڵکو ئەم جارەیان ئەم حزبانە ئەزمونێکی ناخۆشتریان نیشانی خەڵکی کوردستان دا، ئەزمونی شەڕی ناوەخۆ و کوشتار و ڕاوەدوونانی یەکتری لەسەر جیاوازی ئایدۆلۆژی و حزبایەتی.

ڕاستە خێزانی کوردی زۆر حەزی نەکردووە منداڵەکانی بەکاری سیاسی و حزبایەتیەوە خەریك بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەربەست نەبووە لەبەردەم دروست بوونی ئینتمای ئایدۆلۆژی و حزبایەتی لای تاکەکان و زۆر و کەم منداڵەکانی خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە کە سۆزیان بۆ حزبێك یاخود لایەنێکی دیاریکراو هەبێت، دیارە ئەمەش لە پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسیدا*** یەکێکە لەو ئەرکانەی کە خێزان پێی هەڵدەستێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە تاکی کورد ڕاستەوخۆ دەبێتە دیلی هەر ئینتمایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی کە لە خێزانەوە دەستی دەکەوێت، واتا بەزەحمەت دەتوانێت سنوری ئەم ئینتمایە ببەزێنێت یان تەنانەت هێندێك دەستکاری و چاکسازی تێدا بکات، بەو واتایەی ڕۆڵی خێزانی کوردی لەم پرۆسەیەدا بەتەنها هەر ئەوەنیە کە هێڵە گشتیەکان سەبارەت بە سیاسەت و حکومەت و ئایدۆلۆژیای سباسی بە تاکەکان بناسێنێت، بەڵکو ئەو ڕێچکە سیاسی و ئایدۆلۆژییەش دەستنیشان دەکات کە تاك لەماوەی ژیانی خۆیدا پێویستە لەسەری بەردەوام بێت و بەرگری لێبکات.

بۆ نمونە زۆرجار دەبینی تاکی کورد شانازی بەوەوە دەکات کە ئینتمای بۆ حزبێك یاخود لایەنێك هەیە کە وەختی خۆی باب و باپیرانیشی هەر ئەو حزبە بوونە و لە ڕێبازە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی ئەم حزبە لایان نەداوە، ئەویش ئەمڕۆ بەشانازییەوە خۆی بە درێژەپێدەری ڕێبازی باب و باپیران و حزبەکەی خۆی دەزانێت.

ئەمەش وایکردووە تاکی کورد نەتوانێت بە ئاسانی دەست لە ***ئینتمای سیاسی*** خێزانەکەی هەڵبگرێت و بۆ خۆی وەك تاکێك کەخاوەن هوشیاری سیاسی خۆیەتی ئینتمای سیاسی خۆی هەڵبژێرێت و چاودێری بەرنامە و پرۆگرامی سیاسی و کۆمەڵایەتی حزبەکان بکات و باشترینیان کە بەلای ئەوەوە پەسندە هەڵیبژێرێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین ***ئەو هوشیاری و مەعریفە سیاسیەی کە تاکی کورد لە ڕێگای خێزانەوە دەستی دەکەوێت، زیاتر وەك سۆز و عاتیفە وایە بەرامبەر بە حزب و دەسەڵات و هێندێك لە مەسەلە سیاسی و نەتەوەییەکانی دیکە، نەك هوشیاری و مەعریفەیەکی سیاسی و هەستکردنی ئەو تاکە بە ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە نێو سیاسەتدا.***

هەروەها لاوازی دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا و سستی ئەدای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لە پاڵ ئەویشدا لاوازی دامودەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان لە ڕووی بەرنامە و پرۆگرامی زانستییەوە، بۆشاییەکی گەورەی ناوەتەوە لە ڕۆڵی ئەم دامودەزگایانەدا لە ***پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی*** لە کوردستاندا.

بۆیە لە نێو ئەو کەسانەشدا کە ئینتمایان هەیە بۆ حزبێك یان لایەنێکی سیاسی، بە تایبەت لە نێو گەنجەکاندا، دەبینی بەشێکی زۆریان بەشدارییەکی بەرچاو و چالاکانەیان نیە لە نێو حزب و دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا (بڕوانە خشتەی ژمارە٢١ )، ڕەنگە ئینتمایەك کە لە خێزانەوە بۆ ئەم کەسانە



گواستراوەتەوە نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە لە مەعریفە و هوشیاری سیاسی تاکو پاڵیان پێوە بنێت کە بەشداری سیاسیان هەبێت، ڕەنگیشە لاوازی و داخراوی حزب و ڕێکخراوەکان خۆیان بێت دەستی هەبێت لەوەی گەنجان پەرۆشی کارکردن نەبن تیایاندا.

***پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی*** لە کوردستاندا، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە دۆخێکی دواژوار و پڕ لە ناکۆکی و لێکدژیدا تێپەڕیوە، شەڕی ناوەخۆ لەگەڵ ئەوەی زیانێکی ماڵی و مرۆیی زۆری لێکەوتەوە و دەسەڵات و ئیدارەی لە کوردستاندا دابەش کرد. دەرئەنجامێکی ترسناکیشی لێکەوتەوە، وەك دابەشکردنی دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان و بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردەیی و ئەکادیمی لەسەر بنەما و پێوەرێکی ئایدۆلۆژی و حزبایەتی، هاتنەکایەوەی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی جنێو فرۆش و بەرهەمهێنەری ڕق و کینە و توندوتیژی، ئەمانە نەوەیەکیان لەسەر هیچ و خۆڕایی لێکدی هەڵبڕی، نەوەی دوای ڕاپەڕین بێ ئەوەی خۆشیان هەستی پێبکەن بوون بە دوژمنی یەکتری و لە ڕێگای جنێوفرۆشتن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەوە بوون بە خاوەن ***مەعریفەیەکی سیاسی*** دیاریکراو، لێرەبەدوواوە بەها حزبییەکان بەهای نەتەوەیین و هەموو شتێکیش لە دەرەوەی ئەو بەهایانە شایانی ڕەتکردنەوەیە.

لە نێو ئەو کەش و هەوا سیاسییەی کوردستاندا، بەهەموو لایەکەوە گەنجیان ناچارکرد تاکو بەنێو پرۆسەیەکی ***پێگەیاندنی سیاسی*** تەواو دژ و ناکۆکدا گوزەر بکات، ئەو گەنجە بە زەحمەت بتوانێت بەها و ئەرزشە نەتەوەیی و حزبییەکان لێکدی جودا بکاتەوە و ببێت بە خاوەنی هوشیاری و مەعریفەیەکی سیاسی ئەوتۆ کە خۆی بتوانێت ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی خۆی دەستنیشان بکات.

ئەو بارودۆخەی کوردستان ساڵانێك پێیدا تێپەڕی، لەگەڵ خۆیدا ترس و نیگەرانی بەرامبەر بە حزبایەتی، دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و پەراوێزنشینی و گلەیی و گازاندەی بەردەوام لە حزب و دەسەڵاتی کوردی و کەموکوڕییەکانیان، کردە بەها لای خەڵکی، بەتایبەت توێژی گەنجان کە ئێستا هەستێکی وا لایان چەکەرەی کردووە کە خۆیان بە قوربانی دەست سیاسەتی چەوتی حزب و دەسەڵات دەزانن لە کوردستاندا.

کەنارگیری و خۆگرتن لە ژیانی سیاسیشدا، لە نێو هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا، لە بارودۆخێکی تایبەتدا دروست دەبێت، ئەم بارودۆخەش هەروەکو باسمانکرد لە کاتی شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دێتەئاراوە.

***ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کوردیش*** لەنێو ئەم پرۆسەیەدا بە تایبەت لەدوای راپەڕینەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەین، قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیران و بزوتنەوە خوێندکاری و گەنجانەکان و چەکەرەکردنی ناڕەزایی لای ئەو گەنجانە و شێوازی دەربڕینی ئەو ناڕەزاییە، پەیوەنیان بە یەکترەوە هەیە چونکە بەزۆری بزوتنەوە خوێندکارییەکان لە هەموو جیهاندا راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری فیکری و وتاری ڕۆشنبیریدان و ڕۆشنبیران لە تواناییاندا هەیە ئاراستە فیکرییەکانی ئەم جوڵانەوانە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

لە کوردستانیشدا بەتایبەت لە دوای راپەڕینەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر بەلای مەسەلە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا لایاندا، لە هەمان کاتیشدا ئەو هەوڵانە سەریان هەڵدا کە خوازیاری جیاکردنەوەی ***وتاری ڕۆشنبیری*** بوو لە ***وتاری دەسەڵات*** و باقی وتارەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا، هەوڵدان بۆ بەیانکردنی ***سەربەخۆی ڕۆشنبیران*** لە دەسەڵات، هەوڵدان بۆ هێنانەکایەوەی



جۆرێك لە ململانێ لە نێوان ***دەسەڵاتی کوردی و ڕۆشنبیراندا،*** ئەم گوتارە تازەیەی کە گروپێك لە ڕۆشنبیرانی کورد دەستیان دایێ، بەماوەیەکی کەم توانی لە نێو ئەم بارودۆخە تازەیەی کوردستاندا جێگای خۆی بکاتەوە و ئەو هەقە بەخۆی بدات تا بێت قسە لەسەر مەسەلە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان بکات، بارودۆخی کوردستانیش خۆی لە خۆیدا یاریدەدەر بوو لە جێکەوتنی ئەم جۆرە وتارە، بگرە پێویستیش بوو کە دروست ببێت و شتێکی دیکە بخاتە بەردەستی خەڵکی، جیاواز بێت لەوەی کە حزبەکان دەیان وتو باسیان دەکرد. چونکە لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئەرکی ڕۆشنبیرە تا پشتگیری گۆڕان و پێشکەوتن بکات و ببێتە پاڵپشتێکی فیکری بە هێزی گۆڕان و گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵگادا و لە خەمی چاکسازی و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بێت و کار بۆ تێپەڕاندنی کولتورە سوننەتیەکان بکات.

لەو وڵاتانەدا کە لەنێو پرۆسەی سەرمایەداری و کۆمەڵگای پیشەسازیدان، ڕۆڵی سەرەکی ڕۆشنبیران بریتیە لە رەخنەگرتن لە کۆمەڵگای سوننەتی و ڕێگەخۆشکردن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن. ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە لە لیبرالیزم، سۆشیالیزم، و پێکهاتەگەلێکی ئاڵۆز لە چەندین ئایدۆلۆژیا بەرگرییان کردووە.

ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگایانە کەسانێکی سوننەتی نین و لە بوارگەلێکدا کۆشش دەکەن کە چاکسازی لە نێو سوننەتدا بکەن و نوێگەری بهێننە ناوەوە. ئایدۆلۆژیا ڕۆشنبیریەکان لەم کۆمەڵگایانەدا وەك پێویستیەك تێکەڵ بە رەگەزە جۆراوجۆرەکان و ناڕەزاین.[1]

[1] حسین بشیریه، جامعه‌شناسی سیاسی، چاپ دهم، نشرنی، تهران ١٣٨٣، ل ٢٥٤

سەرهەڵدانی رۆشنبیرانی نوێ لە کۆمەڵگا سونەتیەکاندا، یەکێك بووە لە دیاردەکانی وەرچەرخانی ئەم کۆمەڵگایانە. رۆشنبیران لەم کۆمەڵگایانەدا لەژێرکاریگەری فراوانبوونی نفوزی فیکری و کولتوری شارستانیەتی رۆژئاوادا پێگەیشتون، لەسەرەتادا لەڕووی فیکری و کولتورییەوە بەدوای ئەویشدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گرنگیان پەیدا کردووە.[1]

بەم حاڵەشەوە ***رۆڵی رۆشنبیران*** لە سیاسەتدا بەوە نابێت کە بێن لە سنوری دەسەڵاتێکی دیاریکراودا بەشداری بکەن، ئەوان دەتوانن لە گەلێك رووە و بەگەلێك شێوازی جۆراوجۆر بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن.[2]

سەرهەڵدانی ئەم دیاردە رۆشنبیریەش لە کوردستاندا و بەم فۆرمە تازەیەوە کە باسمانکرد، بە دەرنەبووە لە کاریگەرییەکانی کولتورێکی رۆژئاوایی و فیکر و وتاری رۆشنبیرانی ئەوێ، دواجاریش گواستنەوەی جەدەلێکی دیاریکراو بۆ پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات، لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات و لە وێشەوە بەرەو کوردستان.

هێندێك لە رۆشنبیرانی کورد، بە تایبەت ئەو گروپەی کە خۆیان بە پێشەنگ دەزانی لە هێنانەناوەوەی فیکر و فەلسەفەی تازە بۆ کوردستان، هەموو جۆرە دەخالەتکردنێکی راستەوخۆیان لە ژیانی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری کوردستاندا رەتکردەوە، جا بە هەربیانوویەك بێت، ئەمە مافێکی سروشتی کەسی رۆشنبیرە و لەسەر دەخالەت کردن و نەکردنی لە ژیانی سیاسی و ئیداریدا کەس ناتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات. ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە رۆشنبیری

[1] هـ.س.پ. ل. ٢٥٥
[2] هـ.س.پ. ل. ٢٥٥



کورد چۆن بەشداری کردووە لە ژیانی سیاسی کوردستاندا و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا چ کاریگەرییەکی هەبووە بەسەر هەریەکە لە ***پرۆسەکانی پێگەیاندنی سیاسی*** و ***بەشداری سیاسی*** لە کوردستاندا، بە تایبەت ئەم بەشداریکرنە لای گەنجان و قوتابیان؟

هەروەکو وتمان گرنگە رۆشنبیر بەشداری سیاسی هەبێت لە ژیانی کۆمەڵگاکەیدا، بەڵام چۆن و بە چ شێوازێك؟ ئەگەر بڵێین رەخنە کاریگەرترین چەکی فیکری و سیاسی کۆمەڵایەتییە بە دەست رۆشنبیرانەوە، ئایا مەبەستمان لە چ جۆرە رەخنەیەکە؟ بێگومان رەخنەیەك کە بتوانێت ئەلتەرناتیڤی تازە و گونجاو بخاتە بەردەست، رەخنەیەکی خاوەن جەوهەر و لەسەر بنەمایەکی زانستی، چونکە هیچ رەخنەیەکی کوێرانە ناگاتە ئامانج، رەخنەش بەتەنها بریتی نیە لە ئامانجێکی رۆشنبیری و بەس، بەڵکو رەخنە میکانیزمی گۆڕان و چاکسازییە بە دەست رۆشنبیرانەوە. تێنەگەیشتنی رۆشنبیر لە ڕەخنە و ئەرکەکانی رەخنەگرتن، رەنگە بەدوای خۆیدا گرفت و قەیرانێك بهێنێتە نێو ژیانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگاوە.

رۆشنبیر مافی خۆیەتی گومان لە دەسەڵات بکات، بەمەرجێك گومانەکانی رۆشنبیر لە دەسەڵات نابێت ئەو بگەێننە ئەو باوەڕەی کە ئیدی هەموو دەسەڵاتەکان بە سروشتی خۆیان گەندەڵ و تۆتالیتارن و هەموو حزب و گروپێکی سیاسیش جێگای مەترسییە و دەبێت خۆی لێ لادەین.

بەڕای من هەڵوێستی رەتکەرەوەی رۆشنبیران بۆ دیاردەکانی ***حزب و دەسەڵات***، لە پاڵ چەندین فاکتەری وەك ***نەزانی و نەخوێندەواری و ترس لە دەسەڵات و نارازیبوون بەرامبەر بە دەسەڵات*** و ...هتد، ئەنجامی خراپی دەبێت بۆسەر پرۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسی*** و ***بەشداری سیاسی*** لە کۆمەڵگادا. توندڕەوی

هێندێك لە ڕۆشنبیرانی كوردیش لە هەڵوێستگرتن و حوكمدانیان بەسەر حزب و دەسەڵاتی كوردی دا، لە زۆر حاڵەتدا كاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر هەردوو پرۆسەكەی پێشوو، بە تایبەت لای گەنجەكان، كە ئەم نوسەر و ڕۆشنبیرانە توانیویانە ژمارەیەكی زۆری ئەو گەنجانە بە نوسینەكانی خۆیانەوە خەریك بكەن و بەدوای وتە و فیكرەكانیان بكەون لە نێو ڕۆژنامە و كتێبەكاندا، كە بە تیراژی زۆر و زوو زوو دەكەونە بازاڕەوە.

# بەشی سێیەم: بەشداری سیاسی

## بەشداری سیاسی

***بەشداری سیاسی*** The political participation، بریتیە لە بەشداریکردنی تاك لەسەر ئاستە جیاوازەکان لە نێو سیستەمی سیاسیدا کە دەتوانین بەم شێوەیەش پێناسەی بکەین "***کۆمەڵێك چالاکی خۆویستانەیە، بە هۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگایەك لە دانانی فەرمانڕەواکان و هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، پشکداری لە شکڵگیری سیاسەتی گشتیدا دەکەن.***"[1]

***بەشداری سیاسی*** لای تاکەکان، بەشدارییەکی ئازادانەیە و لە پرۆسەیەکی ئاوادا تاك خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە و بە تەنها خۆیەتی کە دەتوانێت ئاستی چالاکییەکانی خۆی لەنێو ژیانی سیاسیدا دەستنیشان بکات، هەموو ناچارکردنێکی ئەو تاکە بۆ بەشداریکردن، جا بەهەرشێوە و ڕێگایەك بێت، نابێتە بەشداری سیاسی.

هەریەکە لە ***سامویل هانتنگتۆن*** Samuel,Huntigton و ***نیلسۆن***Nelson یش، بەم شێوەیە پێناسەی ***بەشداری سیاسی*** دەکەن: ئەو چالاکیەیە کەوا کۆمەڵێك هاوڵاتی دیاریکراو پێی هەڵدەستن بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری حکومیدا. هەروەها ***ماك کلۆسکی***M.C.closky دەڵێت: ***بەشداری سیاسی*** ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك چالاکی بە ئیرادە و ئازادانە، لە ڕێگای ئەم چالاکیە ئازادانەیەوە ئەندامانی کۆمەڵگا بەشداری دەکەن لە

[1]منوچهری صبوری، جامعەشناسی سیاسی، تهران ١٣٨١، ل ١٣٩



هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و پێکهێنانی سیاسەتی گشتیدا، جا ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.[1]

لەلایەکی دیکەشەوە زانایەك بەناوی ***وینەر*** Weinerەوە، پێناسەیەکی فرەلایەنتری بۆ ئەم چەمکە داڕشتووە، ئەو پێی وایە: ***هەموو کارێکی بە ئیرادە و ئازادانە، سەرکەوتوو بێت یان شکست خواردوو، ڕێکخراو بێت یاخود نارێکخراو، لە قۆناغێکدا ڕوویدات یان بەردەوام بێت، پێویست بکات پەنابەرێتە بەر میکانیزمی شەرعی یان ناشەرعی، بە ئامانجی جێهێشتنی کاریگەری لەسەر ڕێگا و دەستنیشانکردنە سیاسیەکان یاخود ئیدارەی کاروباری گشتی یان هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتداران و لەسەر هەموو ئاستە حکومیەکاندا، دەبێتە بەشداری سیاسی.***[2]

وەك ئاماژەمان بۆکرد پێناسەی ئەم دواییە لە هەموو پێناسەکانی پێش خۆی فراوانتر و گشتگیر ترە، ئەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەموو بەشداریکردنێکی سیاسی دەبێت ئامانجی جێهێشتنی کاریگەری بێت لەسەر بڕیاری سیاسی و ژیانی سیاسی و گشتیدا، گرنگی ***بەشداری سیاسی*** لە جۆر و ڕادەی ئەو کاریگەرییەوە دەردەکەوێت کە بۆسەر ***ژیانی سیاسی*** وڵاتێك یاخود کۆمەڵگایەك دەیبێت. ئەگەر ئەمە نەبوو، ئەی لە کوێدا دەتوانین ئەم بەشداریکردنە ببینین؟! ئایا ڕوانینێکی دوور بە دووری ڕووداوە سیاسیەکان، خوێندنەوەی کتێبێکی سیاسی دەبێتە بەشداری سیاسی؟ بێگومان نەخێر.

هەروەك چۆن ***بەشداری سیاسی***، بریتی نییە لە هەڵسوکەوتکردن و جوڵانەوەیەکی تاکەکەسیانەی هەڕەمەکی، بەڵکو پەیوەندییەکی دولایەنەی کارلێککراو و مەبەستدارە لە نێوان هاوڵاتی سیاسی لەلایەکەوە و سیستەمی سیاسی لەلایەکی

[1]د. ابراهيم ابراش، علم الاجتماع السياسي، عمان، ل ٢٣٨

[2]هـ.س.پ، ل ٢٣٩

ترەوە، جا ئەگەربێت و کارلێك و کاریگەری ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا روونەدات، ئەوە زۆر زەحمەتە بتوانین قسە لە ***بەشداری سیاسی*** بکەین.[1]

گرنگیەکی دیکەی بەشداری سیاسی لێرەدا ئەوەیە کە دەبێت تاکەکان خۆیان هەست بە پێویستی و بایەخی بەشداریکردن بکەن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکەیاندا، بە جۆرێك وایلێ بێت ئەو تاکە وەك پڕکردنەوەی پێداویستیەکی ویژدانی سەیری بەشداری سیاسی بکات و ئەم بەشداریکردنە بە مافێکی خۆی بزانێت، لە بەرامبەریشدا ئامادە نەبێت دەست لەو مافەی خۆی هەڵبگرێت.

***بەشداری سیاسی*** زۆر و کەم لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام شکڵ و شێوەی ئەم بەشداریکردنە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا وەك یەك و یەکسان نییە. هەموو تاکەکان وەك پێویست خەریکی چالاکی سیاسی نین. بەشداری هاوڵاتیان لە کاروباری سیاسیدا نابەرابەرە و کاریگەری تاکەکان و گروپەکانیش لە پڕۆسەی واقیعی بڕیاردانی سیاسیدا زۆر جیاوازە.[2]

بەگشتی ***بەشداری سیاسی*** لە هەر کۆمەڵگایەکدا، وەك لە بەشی پێشوشدا باسمان کرد. پەیوەندی هەیە بە ***هوشیاری سیاسی*** تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە، ئەو هوشیارییەش لە رێگای پڕۆسەی ***پێگەیاندنی سیاسییەوە*** بەدەست دەهێنرێت. لێرەشدا ئەرکی پێگەیاندنی سیاسی گواستنەوەی ***رۆشنبیری*** و ***کولتوری سیاسی*** کۆمەڵگایە بۆ تاکەکان، بەو مانایەی رۆشنبیری و کولتوری سیاسی باوی ناو کۆمەڵگا پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە رادەی بەشداریکردنی سیاسی لای تاکەکان.

---

[1] ه.س.پ، ل ٢٤٠

[2] منوچهری صبوری، ل ١٣٩



هەر سەبارەت بە رۆڵی لایەنە جیاجیاکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی لە هاندان و ئامادەکردنی تاکەکان بۆ ژیانی سیاسی و پەرەپێدانی پڕۆسەی ***بەشداری سیاسی*** لە کۆمەڵگادا، دەتوانین باس لە رۆڵی ***پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان*** و ***تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان*** بکەین و کاریگەری ئەوان ببەستینەوە بە رێژەی ئەندامێتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە گروپ و رێکخراو و بزوتنەوەکاندا.

***ئاسنۆ و هاوکارەکانی*** ١٩٨٠ لە پێوانە و هەڵسەنگاندنێکدا دەربارەی میکانیزمەکانی بوون بە ئەندام کە لە نێوان چەندین فیرقە و گروپ و دەستەی مەزهەبی ئەمریکایدا ئەنجامیان دابوو، بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئەو تاکانەی لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ببوون بە ئەندام لەو دەستە و گروپانەدا، رێژەیان زیاتر لە ٧٥٪ کەس دەبوو. ئەوان لەبارەی نمونەیەکی ئامارییەوە لە قوتابیانی زانکۆ کە ئاڵابوونە کاری سیاسییەوە، بۆیان دەرکەوت کە دوو لەسەر سێی ئەو قوتابیانە لە رێگای چەند جۆرێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کێش کرابوون.[1]

لە واقیعدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەریەکە لە ئێمەش پابەندین بە چەندین پەیوەندی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە، هەریەکە لەم پەیوەندیانەش لە توانایاندا هەیە ببن بە هاندەری سەرەکیمان لە هەموو جۆرە بەشداریکردن و سەرکێشیەکی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ***رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان*** لە بەهێزکردنی ***بەشداری سیاسی*** دا، نابێت بمانگەێنێتە ئەو ئەنجامەی کە هەرجۆرە پەیوەندیەك بەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەوە یاخود بە کۆمەڵگاوە بە جۆرێکی یەکسان دەبێتە مایەی کاری بەکۆمەڵ.

---

[1] دوناتلا دلاپورتا، ماریو دیانی، مقدمەای بر جنبش های اجتماعی، ترجمە: محمد تقی دلفروز، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ١٦٧

بەڵکو لێرەدا گرنگترین شت ئەوەیە کە سەرنجی جۆر و شێوەی ئەم پەیوەندی و تۆڕەکۆمەڵایەتیانە بدەین و لە جیاوازییەکانی نێوانیان ورد بینەوە و تێبگەین ئاخۆ کام لەمانە دەتوانێت زیاتر پشتگیری لە کاری بەکۆمەڵ بکات.

**لە کۆتاییشدا دەتوانین بەشداری سیاسی دابەش بکەین بۆ دوو دەستە، ئەوانیش:**

**یەکەم/ بەشداریکردنی ئاسایی** ( بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان، بەشداریکردن لە حزبە سیاسیەکان و خەباتی سیاسی).

**دووەم/ بەشداریکردنی نائاسایی** ( بەشداریکردن لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، چالاکی سیاسی رادیکاڵانە و شۆڕش).

## شێواز و کەناڵەکانی بەشداری سیاسی

بەشداریکردنێکی راستەقینەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژیانی سیاسی و کاروباری گشتیدا، چەندین کەناڵی جۆراوجۆر و شێوازی جیاجیا لە خۆدەگرێت. زۆری و هەمەلایەنی ئەو کەناڵانەش بایەخێکی زۆری هەیە لە چالاککردنی ***بەشداری سیاسیدا*** .

زۆر جار لە نێوان شێوازێك و شێوازێکی تری ***بەشداری سیاسیدا*** ، لێکدژی و ناکۆکیەکی زۆر هەستی پێدەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا مادام بە مەبەستی بەشداریکردنێکی راستەقینەیە لە ژیانی سیاسیدا، ناتوانین بە ***بەشداری سیاسی*** دانەنێین.

***میلبرات، لە رووی بەشداری سیاسییەوە، خەڵکی دابەش دەکات بۆ سێ گروپ:***



**یەکەم/ بێ لایەنەکان،** واتە ئەو کەسانەی کە بەشداری ناکەن، یان لە پرۆسەی سیاسیدا کەنارگیری دەکەن (دەوروبەری ٣/١ بەتەمەنەکان لە ئەمریکادا)

**دووەم/ تەماشاکارانی سیاسەت،** یان ئەوانەی بە رادەیەکی کەم خەریکی سیاسەتن، بۆ نمونە تا ئاستی دەنگدان. ( ژمارەی ئەوانە لە ئەمریکادا لە دەوروبەری ٤٠ لە سەدایە).

**سێیەم/ گلادیاتۆرەکان** (مەیدان بازەکان)، واتە ئەو کەسانەی کە بەزۆری چالاکن لە سیاسەتدا، ( ئەوانیش رێژەی لە نێوان ٥-٧ لە سەدی بەتەمەنەکان پێکدەهێنن).[1]

ئەمە بۆچونی ***میلبراتە*** سەبارەت بە ***بەشداری سیاسی*** لای خەڵکی، نمونەکانیشی لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا دەهێنێتەوە، کە بەشداری سیاسی لای خەڵك لەم سێ ئاستە تێناپەڕێت، ئەمەش وەك حاڵەتێکی سروشتی سۆسیۆلۆژیای خەڵك یان جەماوەر دێتە بەرچاو کە هەموو کەس وەك یەك سیاسەتیان بۆ گرنگ نیە، هەروەك چۆن بەشداری سیاسی لە نێوان چین و توێژەکانیشدا جیاوازی هەیە.

بەدەستهێنانی پلە و پایەی ئیداری لە نێو حکومەت و دەوڵەتدا، بوون بە ئەندام و بەشداری چالاکانە لە حزبەکان و گروپەکانی فشار، بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبونەوە گشتیەکان و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقامدا، ئەندامێتی ناچالاکانە لە نێو حزب و گروپەکاندا، بەشداربوون لە باس و گفتوگۆی سیاسی لە شوێنی کارکردن، لە نێوان دۆستان و برادەران و لە نێو خێزاندا، دەنگ دان کە کەمترین ئاستی بەشداریکردنە لە ژیانی سیاسیدا، هەموو ئەوانە شکڵ و شێوازە جیاجیاکانی ***بەشداری سیاسی*** پێکدەهێنن.

**سەبارەت بە کەناڵەکانی بەشداری سیاسیش دەتوانین بەم شێوەیە دابەشی بکەین:**

---

[1] هـ.س.پ، ل ١٧٠

**١- بەشداری لە ڕێگای دامودەزگا و دامەزراوە ڕەسمییەکانەوە:** مەبەست لەم بەشداریکردنە، ئەوەیە کە تاك ڕۆڵ و پلە و پایەی ئیداری و بیرۆکراسی جیاجیای دەبێت لە نێو دامودەزگاکانی حکومەت و دەوڵەتدا و بەشێوەیەکی ڕەسمی وەك فەرمانبەری دەوڵەت ئەرکە ئیداری و سیاسیەکانی خۆی رادەپەڕێنێت.

**٢- بەشداریکردن لە ڕێگای دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا** Voting : ئەمەیان کەمترین ئاستی بەشداری تاکە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا، لە ڕێگای چونە سەر سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبێت کە چەند ساڵ جارێك یان ناوەناوە دووبارە دەبێتەوە.

**٣- بەشداریکردن لە ڕێگای راپرسیی** Referendum: ئەمەش جۆرێکە لە بەشداریکردنی سیاسی، کە سیستەمە دیموکراسیەکان پەیڕەوی دەکەن، بەر لە جێبەجێکردنی یاسایەك یان دەرکردنی بڕیارێکی چارەنوسساز، دێن بیروڕای خەڵکی وەردەگرن، وەك ئەوەی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستاندا ئەنجامی دا یان دەنگدانی گشتی خەڵکی عێراق و کوردستان بۆ پرۆژەی دەستوری تازەی ئەم وڵاتە.

**٤- بەشداریکردن لە ڕێگای ناڕەزاییەکی جەماوەرییەوە:** بۆ نمونە پەرلەمان یاسایەك یاخود بڕیارێك دەردەکات، خەڵکی بۆیان هەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ناڕەزایی لەسەر ئەم یاسایە دەربڕن یان داوای راپرسی بکەن لەسەر ئەم یاسایە، ئەمەش لە هەندێ سیستەمدا بەرچاو دەکەوێت کە لەڕووی دەستورییەوە ئەم مافە بە هاوڵاتیانی خۆی دەدات.

**٥- بەشداریکردن بە پەنابردنەبەر ئامرازەکانی فشار:** وەك مانگرتن و خۆپیشاندان Demonstration و یاخیبوونی مەدەنیانە، هێندێك جاریش ئەم جۆرە بەشداریکردنە توندوتیژی و شەڕ و کوشتاریشی لێدەکەوێتەوە.



**٦- بەشداریکردن لە ڕێگای گروپەکانی فشار** Louby: خەڵکی زۆر جاران دوای ئەوەی کە هیوایان بە کەناڵە رەسمییەکان نامێنێت تا لە ڕێگایەوە بە ئامانج و خواستەکانیان بگەن، پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی گروپی جیاجیای فشار، تا لەو ڕێگایەوە زۆر بۆ حکومەت و لایەنە رەسمیەکان بهێنن تا بەدەنگ خواستەکانیانەوە بچن.

**٧- بەشداریکردن لە ڕێگای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی** Civil society: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوانەی کەوا لەسەریان پێویستە ببنە مایەی دروستکردنی پردی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان دەسەڵات و خەڵکیدا، دیالۆگێکی مەدەنی لەسەر بنەمای گوێگرتن و خستنەرووی خواستە رەواکان لە لایەن سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە.

**٨- بەشداریکردن لە ڕێگای حزبە سیاسییەکانەوە**Political party: حزبە سیاسیەکان بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراسی پێکدەهێنن، حزب وەك ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵات و ئەو هاوڵاتیانەی کە خوازیاری بەشداریکردنن لە سیاسەتدا، وەك نزیکردنەوەی هاوڵاتیان لە ناوەندەکانی بڕیار و هەستکردنی تاك بە کاریگەرییەکانی خۆی لە نێو سیاسەتی گشتیدا.

## گەنج و بەشداری سیاسی لە کوردستاندا

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی چڕوپڕ قسە لەسەر ***بەشداری سیاسی*** توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردی بکەین، ئەویش توێژی گەنجە. بۆ ئەم مەبەستەش وامان بەباش زانی کە شیکردنەوەی خشتە و ئەنجامە ئامارییەکانی لایەنە مەیدانیەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم تەوەرەیەدا قسەی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕوانگەی گەنجەکان خۆیانەوە خوێندنەوەیەك بۆ ئەم واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ئەمڕۆی کوردستان بکەین و لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی گەنجەکان تێبگەین سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی ئەوان لە نێو ئەم واقیعەدا و خوێندنەوەیان بۆ مەسەلە سیاسیەکان و گرنگی ***بەشداری سیاسی*** ئەوان وەك نەوەی تازە لە کوردستاندا.

لێرەدا هەوڵدەدەین لە ***کەناڵەکانی بەشداری سیاسییەوە*** دەست پێبکەین و بە شیکردنەوەی ئەو کەناڵانە لە کوردستاندا، وێنەیەکی گشتی ***بەشداری سیاسی*** لای گەنجەکان بخەینەڕوو. هەروەك چۆن مەبەستمانە لەم بەشەدا هەڵوەستەیەکیش لەسەر کۆڕەفتاری Collective behavior گەنجی کورد بکەین بەتایبەت لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا.

ئەگەر توانیمان ئەمە بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەین، ئەوا بێگومانم کە دەشتوانین لە بابەت ***گەنج و بوشداری سیاسی*** تێبگەین لە کوردستاندا.

**سەرەتاش بە شیکردنەوەی خشتەی پرسیارە گشتیەکان دەست پێدەکەین کە لە شەش پرسیار پێکهاتووە**



**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- |
| نێر | ١٠٠ | ٧٦,٩٢ |
| مێ | ٣٠ | ٢٣,٠٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١)دا بۆمان دەردەکەوێت کە لە تێکڕای نمونەی لێکۆڵینەوەکەمان، ڕێژەی ٧٦,٩٢٪ نێرن و لە ٢٣,٠٨٪ ڕەگەزی مێ پێکیدەهێنن.

ئەم ئەنجامەش بۆ کۆمەڵگایەکی لە نمونەی کۆمەڵگای کوردی ڕەنگە سروشتی بێتە بەرچاو کاتێك دەبینی ڕێژەی نێر لە هەموو بوارەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیی زیاتری هەیە وەك لە ڕەگەزی مێ، بە تایبەت لە مەسەلە سیاسییەکانداو بەتەنگەوە هاتنی ئەم دوو ڕەگەزە بۆ مەسەلە گشتییەکان.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**تەمەنی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| تەمەن | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- |
| ١٧-٢١ | ٥٣ | ٤٠,٧٧ |
| ٢٢-٢٦ | ٧١ | ٥٤,٦٢ |
| ٢٧ -٣١ | ٥ | ٣,٨٥ |
| ٣٢-٣٦ | ١ | ٠,٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

ئەو زانیاریانەی کە لەم خشتەی سەرەوەدا هاتوون سەبارەت بە ڕێژەی ناوەندی تەمەنی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کەوا زۆربەی کەسەکانی ناو نمونەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٢-٢٦) ساڵییەوە کە

ڕێژەیان ٥٤,٦٢٪، ئەوانەشی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٧-٢١) ساڵییەوە ڕێژەی ٤٠,٧٧٪ نمونەکە پێکدەهێنن و بە پلەی دووەم دێن، دوای ئەوانیش تەمەنی (٢٧-٣١) بە ڕێژەی ٣,٨٥٪ دێت و لە نێوان (٣٢-٣٦) ساڵیشدا ڕێژەی ٠,٧٧٪ هەیە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**باری کۆمەڵایەتی نموونەکە دەردەخات**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خێزاندار | ٧ | ٥,٣٨ |
| سەڵت | ١٢١ | ٩٣,٠٨ |
| جیابووەوە | ١ | ٠,٧٧ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

ئەم خشتەی سەرەوە باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت کەوا لە کۆی گشتی ئەو نمونەی وەرمان گرتووە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، ڕێژەی لە ٩٣,٠٨٪ سەڵتن و ژنیان نەهێناوە و شویان نەکردووە.

ڕێژەی ئەوانەی خێزاندارن لەم نمونەیەدا تەنها ٥,٣٨٪، حاڵەتی جیابوونەوەش بە ڕێژەی لە ٠,٧٧٪ لە نمونەکەدا دەبینرێت، ٠,٧٧٪ بێ وەڵامە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا زۆرترین کەسەکانی ناو نمونەکە سەڵتن، ئەم بارە کۆمەڵایەتییەش کەم و زۆر کاریگەری هەیە بەسەر ڕەفتاری کەسەکانەوە، بۆ نمونە کەسێکی خێزاندار بە بەراورد لەگەڵ کەسێکی سەڵت، لەڕووی ڕەفتار و



بڕیاردان و هەڵوێست گرتنەوە، بە تایبەت سەبارەت بە مەسەلە گشتی و سیاسیەکان جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەستی پێدەکرێت، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو چاوەڕوانییەی کە خەڵك لە کەسێکی خێزاندار هەیەیانە زۆر جیاوەزە وەك لەوەی لە کەسێکی سەڵتی چاوەڕوان دەکەن.

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ئاستی خوێندەواری نموونەکە نیشان دەدات**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١ | ٠,٧٧ |
| سەرەتایی | ٤ | ٣,٠٨ |
| ناوەندی | ٥ | ٣,٨٥ |
| ئامادەیی | ٨ | ٦,١٥ |
| پەیمانگە | ١٣ | ١٠,٠٠ |
| زانکۆ | ٩٨ | ٧٥,٣٨ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

ئەم خشتەی سەرەوە سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوە زانیاریمان پێدەبەخشێت، ڕێژەی نەخوێندەوار لە کۆی گستی نمونەکەدا بریتیە لە ٠,٧٧٪، ڕێژەی خوێندنی سەرەتایی بریتیە لە ٣,٠٨٪ و خوێندنی ناوەندی لە ٣,٨٥٪ و ئامادەیی ڕێژەی لە ٦,١٥٪ ی نمونەکە پێکدەهێنێت، ئەوەی ماوەتەوەی بریتیە لە پەیمانگە و زانکۆکان، کە پەیمانگە ڕێژەی لە ١٠,٠٠٪ بۆخۆی داگیردەکات و ڕێژەی لە ٧٥,٣٨٪ قوتابی زانکۆن یانیش زانکۆیان تەواو کردووە، لە ٠,٧٧٪ یش وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

لێرەدائەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بەرزترین ڕێژەی کەسەکانی ناو نمونەکە قوتابی یاخود دەرچووی زانکۆن بەدوای ئەمیشدا پەیمانگاکان، بەڕای من ئەمەش بۆ دوو مەسەلە دەگەڕێتەوە، یەکیان ئەوەیە کە زانکۆ بە گشتی و تیاشیاندا زانکۆکانی کوردستان زۆرترین ژمارەی کوڕ وکچی گەنج دەگرنە خۆیان. دووەمیش دەتوانین بڵێین زانکۆ و پەیمانگاکان ئەگەر بێت و خۆیان مەیدانێك نەبن بۆ بزاڤ و جولآنەوە و هێنانەپێشەوەی ڕووداوەکان، ئەوا لە ریزی پێشەوەی هەستکردندان بەم مەسەلانە، هەروەها دەتوانین بڵێین مەسەلەی ***بەشداری سیاسی*** بەلای قوتابیانی زانکۆوە گرنگی و بایەخێکی زیاتری هەیە وەك لە گەنجەکانی دەرەوەی زانکۆکان، چونکە ئەوان دەبن بەخاوەنی پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکاندا و دواجاریش وەك خەڵکانێکی تەکنۆکراتی نێو کۆمەڵگا دەناسرێن.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**پێشینەی نیشتەجێبوونی نموونەکە روون دەکاتەوە.**

| پێشینەی نیشتەجێبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی شار | ٦٨ | ٥٢,٣١ |
| قەزا | ٤٣ | ٣٣,٠٨ |
| ناحیە | ١٦ | ١٢,٣١ |
| گوند | ٣ | ٢,٣١ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

ئەم خشتەیە پێشینەی نیشتەجێبوونی کەسەکانی نمونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات بۆ ئەو ناوەندانەی کە لێی نیشتەجێبوون و تیایدا گەورەبوون. پێشینەی نیشتەجێبوونی کەسەکان لە ناوەندی شاردا بریتیە لە ٥٢,٣١٪، بە دوای ئەویشدا قەزاکان دێن بە ڕێژەی لە ٣٣,٠٨٪، هەروەها لە ناحیە ڕێژەکە بریتیە لە ١٢,٣١٪ و لە ٢,٣١٪ پێشینەی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە گوندەکانەوە.



**خشتەی ژمارە (٦)**

**باری ئابوری ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدات.**

| باری ئابوری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ٤٥ | ٣٤,٦٢ |
| مامناوەندی | ٧٨ | ٦٠,٠٠ |
| خراپ | ٧ | ٥,٣٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

خشتەی سەرەوە باری ئابوری کەسەکانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە روون دەکاتەوە، ڕێژەی لە ٣٤,٦٢٪ ی ئەو کەسانە باری ئابورییان باشە و لە ٦٠٪ یش باری ئابورییان لە حاڵەتێکی مامناوەندی دایە و باری ئابوری لە ٥,٣٨٪ ی کەسەکانیش لە دۆخێکی خراپدایە.

باری ئابوری تاکەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە بۆسەر بەشداری سیاسیان، چونکە ئابوری یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکانی بەشداری سیاسی، ئەو کەسانەی باری ئابورییان خراپە و لە دۆخی هەژاریدا دەژین، هەمیشە خوازیاری گۆڕانن، چاویان لەوەیە گۆڕانەکان دۆخی ژیانیان بگۆڕێت . زۆرجاریش کەسەکان بە پاڵنەرێکی ئابورییەوە بە شداری سیاسی دەکەن کە لەوێدا لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابورییە تاکەکەسیەکان لە ریزی پێشەوەیە.

## هەڵبژاردن (Election)

دەنگدان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، لە بڕی ئەوەی کە تەنها دەستنیشانکردنی چەند کەسێك بێت بۆ دەسەلات گرتنە دەست، ئامانجیشی ئەوەیە شەرعیەت بدات بەو دەسەڵاتە و دەسەڵاتی حکومی.

لە راستیدا هەڵبژاردنی گشتی و سەرتاسەری بەلایەنی کەمەوە بە دوو ئەرك هەڵدەستێت لەوانە: دەسەڵاتێکی شەرعی زیاتر دەبەخشێت بەو کەسانەی کە

پراكتیزەی دەسەڵات دەكەن، لەگەڵ بوژاندنەوەی ئەو هەستە لای خەڵكی مەحكومكراو بەوەی كە ئینتمایان بۆ كۆمەڵەیەكی گەورەتر هەیە و بە كۆمەڵ مافەكانی خۆیان پراكتیزە دەكەن .[1]

**خشتەی ژمارە(٧)**

**رێژەی بەشداری ئەندامانی نمونەی لێكۆڵینەوە لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق ٢٠٠٤/١/٣١**

| هەڵبژاردنی ٢٠٠٤/١/٣١ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٧ | ٨٢,٣١ |
| نەخێر | ٢٠ | ١٥,٣٨ |
| بێ وەڵام | ٣ | ٢,٣١ |
| كۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

زانیاریەكانی خشتەی ژمارە(٧) بۆمان روون دەكەنەوە كەوا رێژەی ٨٢,٣١٪ ی ئەندامانی نمونەكە بەشداریان لەم هەڵبژاردنەدا كردووە، ئەوانەشی كە بەشداریان نەكردووە رێژەیان بریتیە لە ١٥,٣٨٪، رێژەی ٢,٣١٪ وڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

ئاشكرایە بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا سادەترین شێوازی بەشداری سیاسیە لای تاكەكان، ئەم بەشداریكردنەش لە زۆربەی وڵاتەكاندا بە شێوەیەكی بەرچاو هەستی پێدەكرێت، لێرەدا گەر سەرنج بدەین دەبینین رێژەی بەشداری گەنجانی كوردستان لە یەكەم هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراقدا زۆرە و بەرچاوە، یەكێك لەو فاكتەرانەش كە وای كردووە گەنجەكان بەو رێژە زۆرەوە پێشوازی لەم هەڵبژاردنە

[1] منوچهری صبوری، ل ١٤٠



بكەن، رەنگە ئەوە بێت كە ئەم هەڵبژاردنە یەكەم هەڵبژاردن بوو لە مێژووی دووردرێژی عێراقدا بەشێوەیەكی ئازادانە و لە كەش و هەوایەكی دیموكراسیدا بەڕێوەبچێت و لیستی كوردی تیایدا بەشدار بێت و تاكی كوردیش حیسابی هاوڵاتی پلەیەكی بۆ بكرێت.

لەلایەكی دیكەشەوە روخانی بەعس، یەكێك بوو لەو رووداوە گرنگانەی كە جارێكی دیكە هیوای خەڵكی بەژیانی سیاسی و بەشداری سیاسی زیندوو كردەوە، كوردستان و هێزە كوردستانیەكانیش لەگەڵ سەرجەمی هێزە عێراقیەكاندا چونە ناو گرەوی هەڵبژارنەوە، دیارە بردنەوەی ئەم گرەوەش بەلای خەڵكی كوردستان و بەلای گەنجەكانەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە، لە خشتەی ژمارە(٨) دا زیاتر ئەمەمان بۆ روون دەبێتەوە.




**هێلكاری ژمارە (١) رێژەی بەشداری نموونەكە لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق ٢٠٠٤/١/٣١ ڕووندەكاتەوە**

**خشتەی ژمارە(٨)**

**ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی دووەمی عێراقدا ٢٠٠٥/١٢/١٥**

| هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٨ | ٨٣,٠٨ |
| نەخێر | ٢١ | ١٦,١٥ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کەوا لە کۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکەمان بەکچ و کوڕەوە، ڕێژەی ٨٣,٠٨٪ بەشداریان لەم هەڵبژاردنەدا کردووە، ئەوانەش کە بەشداریان نەکردووە ڕێژەیان بریتییە لە ١٦,١٥٪، ڕێژەی ٠,٧٧٪ وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

ڕێژەی بەشداری گەنجەکان لەم هەڵبژاردنەشدا بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی یەکەمدا هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نەکردووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە گەنجەکان هەمان بایەخی پێشوو و بگرە زیاتریشیان بۆ ئەم هەڵبژاردنە داناوە، ئەگەر لەبیرمان بێت ئەمە لەکاتێکدا دێت کە گەنجەکان بەتایبەت لەسەروبەندی هەڵبژاردنی دووەمدا گازاندە و نارەزایی زۆریان هەبوو بەرامبەر بە دەسەڵات و حزبی کوردی، لیستی کوردیش کە بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی دەکرد، ترسی لەوە هەبوو گەنجەکان وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لەو حزب و دەسەڵاتە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا نەکەن، بەڵام ئەو ئەنجامەی کەئێستا لەبەردەستماندایە پێچەوانەی ئەوە دەردەخات.



سەرەڕای هەموو ئەمانەش کاتێك قسە لەسەر دەنگدان و بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنەکاندا، نابێت هێندێك پاڵنەری وەك: چاولێکەری و فشار و پاڵەپەستۆی خێزان و دەوروبەر لە بیر بکەین، لە هاندانی تاکەکان بۆ دەنگدان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.




**هێلکاری ژمارە (٢) ڕێژەی بەشداری نموونەکە**

**لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق ٢٠٠٥/١٢/١٥ڕووندەکاتەوە**

**خشتەی ژمارە(٩) ڕێژەی بەشداری گەنجان**

**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٤/١/٣١ پیشاندەدات**

| هەڵبژاردنی کوردستان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٩ | ٧٦,١٥ |
| نەخێر | ٢٣ | ١٧,٦٩ |
| بێ وەڵام | ٨ | ٦,١٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(٩) ئەومان بۆ دەردەخەن کە لەکۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە، ڕێژەی ٧٦,١٥٪ ی گەنجەکان بەشداریان لەم هەڵبژاردنەدا کردووە و ڕێژەی بەشدارینەکردنیش بریتییە لە ١٧,٦٩٪، ڕێژەی ٦,١٥٪ وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لەم هەڵبژاردنەدا بە بەراورد لە گەڵ دوو هەڵبژاردنەکەی پێشووی عێراق، لە هەردووکیان کەمترە و ڕێژەی بەشدارینەکردنیش تیایدا لە هەردووکیان زیاترە.

ئەم ئەنجامەش لە بەشدارکردنی گەنجان بۆ هەڵبژاردنی کوردستان ئەگەرچی کەم نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرنییە لە کۆمەڵێك فاکتەری پەیوەست بە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و نارەزای گەنجان لە بارودۆخی خۆیان و ئەم بارودۆخە بەگشتی.




**هێلکاری ژمارە (٣) ڕێژەی بەشداری نموونەکە**
**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٤/١/٣١ پیشاندەدات**



## ڕاپرسی (Referendum)

بەزۆری حکومەتە دیموکراسیەکان، بەر لە جێبەجێکردنی یاسایەکی گشتی، یان دەرکردنی بڕیارێك، پەنا دەبەنە بەر ***ڕاپرسی*** تاکو بزانن خەڵکی تا چەندە ڕازییە لەو کارەی کە حکومەتەکەیان بە نیازە پێی هەڵبستێت. هەروەها ڕاپرسی بەکەناڵێك لە کەناڵەکانی ***بەشداری سیاسی*** دادەنرێت.

ئێمەش لە کوردستاندا ئەزمونێکی نزیکی ئەو ڕاپرسیەمان هەیە، وەك ئەوەی کە بزوتنەوەی ریفراندۆم پێی هەڵسا بۆ وەرگرتنی بیروڕا و خواستی خەڵکی کوردستان سەبارەت بەوەی کە دەیانەوێت لە گەڵ عێراقدا بمێننەوە یان داوای سەربەخۆیی دەکەن؟ هەروەها پرۆسەی ڕاپرسی لە سەر دەستوری تازەی عێراق تا ئەم دەستورە پەسەند بکرێت و وەك دەستوری هەمیشەیی ئەم وڵاتە کاری پێبکرێت.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**بەشداری گەنجان لە پرۆسەی ریفراندۆمدا**

| پرۆسەی ریفراندۆم | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٤ | ٨٠ |
| نەخێر | ٢٠ | ١٥,٣٨ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٤,٦٢ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە(١٠) ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە کۆی گشتی نمونەکە بە کچ و کوڕەوە، ڕێژەی ٨٠. ٪ بەشداریان لەم پرۆسەیەدا کردووە، ڕێژەی ١٥,٣٨٪ بەشداریان نەکردووە. ڕێژەی ٤,٦٢٪ بێ وەڵامن.




**هێلکاری ژمارە (٤) رێژەی بەشداری**
**نموونەکە  لە پرۆسەی ریفراندۆمدا پیشاندەدات**

**خشتەی ژمارە(١١)**

**دەنگدان بۆ پرۆژەی دەستوری تازەی عێراق روون دەکاتەوە**

| دەنگدان بۆ دەستور | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٠ | ٧٦,٩٢ |
| نەخێر | ٢٥ | ١٩,٢٣ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٣,٨٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کەوا رێژەی ٧٦,٩٢٪ لە کۆی گشتی نمونەی لێکۆڵینەوەکە بەشداریان لەم پرۆسەیەدا کردووە، رێژەی ١٩,٢٣٪ بەشداریان نەکردووە، بێ وەڵامیش ٣,٨٥٪ .






**هێلکاری ژمارە (٥)  رێژەی بەشداری نموونەکە**
**لە دەنگدان بۆ پرۆژەی دەستوری تازەی عێراق روون دەکاتەوە**

## خۆپیشاندان (Demonstration)

***بەشداریکردنی سیاسی*** بە پەنابردنەبەر ***ئامرازەکانی فشار*** وەك: مافی مانگرتن و بەرپاکردنی خۆپیشاندانەکان بۆ چەند ئامانجێکی سیاسی، یان نارەزایی مەدەنیانە، تەنانەت لە هێندێك جاردا پەنابردنەبەر توندوتیژی لە دژی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیمبولەکانی. ئەمە لە کاتێکدا پەنا دەبردرێتە بەر ئەم جۆرە بەشداریکردنە کە ئیدی کەناڵە شەرعییەکانی دیکەی بەشداریکردن دادەخرێن[1].

خۆپیشاندان گوزارشتکردنە لە جەختکردنەوە و پێداگیریەکی بە کۆمەڵ بۆ بوونی سیاسی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان رەهایە لە ژێر دەست و چاودێری دەسەڵات. ئەم خۆپیشاندانەش دەبێتە مایەی هەرەشە بۆ سەر رژێمی گشتی، جا ئەگەر هاتوو ئەمە خۆپیشاندانێکی رێکخراو بێت یان نارێکخراو. خۆپیشاندان بەمانا تازەکەی بووەتە شێوازێکی دەربرینی شەرعی پێشبینی و بیروباوەرە جەماعییەکان کە ئەمەش شێوەیەك لە شێوەکانی ***بەشداری سیاسی*** دانپیانراو پێکدەهێنێت.

[1] د. ابراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، ص٢٥٣.

**خشتەی ژمارە(١٢)**

**رێژەی بەشداریکردنی گەنجان روون دەکاتەوە لە خۆپیشاندانە رەسمیەکاندا**

| ژمارەی خۆپیشاندانە رەسمیەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| تەنها یەك خۆپیشاندان | ١٧ | ١٣,٠٨ |
| دوو خۆپیشاندان | ٩ | ٦,٩٢ |
| سێ خۆپیشاندان | ٥ | ٣,٥٨ |
| چوار خۆپیشاندان | ٤ | ٣,٠٨ |
| پێنج خۆپیشاندان | ٣ | ٢,٣١ |
| حەوت خۆپیشاندان | ١ | ٠,٧٧ |
| لەهیچ خۆپیشاندانێکدا | ٩١ | ٧٠,٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٢) ئەوەمان بۆ روونده‌کاتەوە کەوا لە کۆی گشتی نمونەی لێکۆڵینەوەکە، رێژەی ٧٠,٠٠٪ بەشداریان لە هیچ خۆپیشاندانێکی رەسمیدا نەکردووە، رێژەی ١٣,٠٨٪ بەتەنها لە یەك خۆپیشاندانی رەسمیدا بەشداریان کردووە، رێژەی ٦,٩٢٪ لە دوو خۆپیشاندانەدا بەشداریان کردووە، ئەوانەش کەوا لە سێ و چوار خۆپیشاندانەدا بەشداریان کردووە رێژەیان بریتیە لە ٣,٥٨٪ و ٣,٠٨٪، رێژەی ٢,٣١٪ کەسیش لە پێنج خۆپیشاندانەدا بەشداربوونە، بە رێژەی ٠,٧٧٪ کەسیش لە حەوت خۆپیشاندانەدا بەشداریان هەبووە.

کەواتە بەگشتی رێژەی ئەو کەسانەی کەوا لە یەك خۆپیشاندانەوە تا حەوت خۆپیشاندان بەشداربوونە، بریتیە لە ٢٩,٧٤٪. لێرەشدا مەبەستمان لە خۆپیشاندانی رەسمی زیاتر ئەوانەیە کەوا حزب و حکومەت رێکی خستوون و بە رەزامەندی و خواستی ئەوان بەڕێوە چووە.



سەرەنجام ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا گەنجەکان بەرێژەیەکی کەم نەبێت ئەگینا بەشداری لە هیچ خۆپیشاندانێکی رەسمیدا ناکەن بەو شێوەیەی کەباسمانکرد. ئەم ئەنجامەش دەکرێت لە ناوەوەی خۆیدا هەڵگری دوو ئاماژەبێت: یەکەم ئەوەیە کەوا هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان حزب و دەسەڵاتی کوردی لەلایەك و لە نێوان گەنجەکان لەلایەکی ترەوە لاوازە و گەنجی کورد کەمتر پێشوازی لەو بانگهێشت و پیشنیارانە دەکات بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکدا کە ئەو حزب و دەسەڵاتە بەرێیی دەخات، بەڵام قسەمان لەسەر ئەو گەنجانە نییە کە خۆیان لە نێو ئەو حزب و دەسەڵاتەدا کاردەکەن یان سەربە ئۆرگان و رێکخراوە حزبیەکانن. دووەم ئەوەیە کەوا بەشداری و چالاکیەکانی گەنج لەم رووەوە لاوازە و گەنجەکان نەیانتوانیوە وەکو پێویست سوود لەم کەناڵەی بەشداری سیاسی وەربگرن.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**رێژەی بەشداری گەنجان روون دەکاتەوە لە خۆپیشاندانە نارەسمییەکاندا**

| ژمارەی خۆپیشاندانە نارەسمیەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| تەنها یەك خۆپیشاندان | ٢٧ | ٢٠,٧٧ |
| دوو خۆپیشاندان | ٩ | ٦,٩٢ |
| سێ خۆپیشاندان | ١٠ | ٧,٦٩ |
| چوار خۆپیشاندان | ٢ | ١,٥٤ |
| لە هیچ خۆپیشاندانێکدا | ٨٢ | ٦٣,٠٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لێرەدا بەکارهێنانی دەستەواژەی نارەسمی ئەو خۆپیشاندانانە دەگرێتەوە کە دەسەڵات لێی ئاگادارنەبووە یاخود رەزامەندی لەسەر نەبووە، یان بۆی کۆنترۆڵ نەکراوە یانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان بە دژی دەسەڵات بووە.

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(١٣) ئەوەمان بۆ روونەدەکەنەوە کە لە کۆی گشتی نمونەکە، رێژەی ٦٣,٠٨٪ لە هیچ خۆپیشاندانێکی لەم شێوەیەدا بەشداریان نەکردووە، رێژەی ٢٠,٧٧٪ بەتەنها لەیەك خۆپیشاندا ندا بەشداریان کردووە، رێژەی بەشداربووانیش لە دوو خۆپیشاندانی نارەسمیدا بریتیە لە ٦,٩٢٪، رێژەی بەشداربوونیش لە سێ و چوار خۆپیشاندا ندا بریتیە لە ٧,٦٩٪ و ١,٥٤٪ .

جائەگەربێت و سەرنج بدەین دەبینین رێژەی کۆی گشتی ئەوانەی کە لەنێوان یەك تا چوار خۆپیشاندا بەشدارییان کردووە، بریتیە لە ٣٦,٩٢٪، ئەمە رێژەی بەشداری گەنجانی ناو نمونەکەمانە بەهەردوو رەگەزیشەوە لە خۆپیشاندانە نارەسمییەکاندا.

ئەم رێژەیەش ئەگەربێین بەراوردی بکەین لە گەڵ ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە(١٢) کە رێژەی بەشداریکردنی روونەدەکردەوە لە خۆپیشاندانە رەسمییەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە لێرەدا رێژەکە زیاترە، ئەمەش لەلایەکەوە ئەوە دەگەیێنێت کە گەنجەکان زیاتر لەگەڵ خۆپیشاندانی نارەسمی دان و کەمتر بەدەنگ خۆپیشاندانێکی رەسمییەوە دەچن.لەلایەکی تریشەوەئەوە دەردەخات کە ئەم گەنجانە زیاتر لەگەڵ دەنگ هەڵبڕینی نارەزاییانەدان و یان بابڵێین زیاتر لەگەڵ کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێکی خۆرسك و بێلایەندان، جا بەمەبەستی داواکارییەکانی خۆیان بێت وەك توێژی گەنج یان لە پێناو داواکاری و خواستێکی گشتی و جەماوەریدا بێت.






**هێڵکاری ژمارە (٦) رێژەی بەشداری نموونەکەلە خۆپیشاندانە نارەسمییەکاندا روونەدەکاتەوە**

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**رێژەی توندوتیژی خۆپیشاندانەکان روون دەکاتەوە**

| خۆپیشاندانەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| توندوتیژبوون | ٣٤ | ٢٦,١٥ |
| توندوتیژیان تێدانەبوو | ٢٦ | ٢٠,٠٠ |
| بێ وەڵام | ٧٠ | ٥٣,٨٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیە، بۆمان روونەدەکەنەوە کەوا رێژەی ٢٦,١٥٪ ی خۆپیشاندانەکان توندوتیژبوون و رێژەی ٢٠٪ توندوتیژیان تێدا نەبووە. رێژەی ٥٣,٨٥٪ وڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە، دیارە ئەو رێژەیەش پێکدێت لەو

کەسانەی کە هەر لە بنەڕەتەوە بەشداریان لە هیچ خۆپیشاندانێکدا نەکردووە یان زیاتر لە خۆپیشاندانی رەسمیدا بەشداریان کردووە.

سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە خۆپیشاندانەکاندا زۆر و بەرچاوە. توندوتیژیش وەك حاڵەتێکی نائاسایی لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە لە ئەنجامی کاروکاردانەوەیەکی خێرا دروست دەبێت لە نێوان خۆپیشاندەران و ئەو لایەندا کە خۆپیشاندانەکەی لە دژی ئەنجامدراوە کە زۆر جار ئەم لایەنەش دەسەڵاتە.

سەرهەڵدانی توندوتیژی لە خۆپیشاندانەکاندا پەیوەندی هەیە بە چەند لایەنێکەوە، لەوانەش: خۆپیشاندان ***وەك کۆرەفتار*** collective behavior، لەو حاڵەتەدا زۆرجار توندوتیژی وەك نۆرمێك و بەهایەك چاوی لێدەکرێت لەنێو خۆپیشاندەراندا، لە کۆرەفتاردا تاك کۆنترۆڵی خۆی بەسەر رەفتارەکانیدا تا رادەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە و رەفتاری ئەو تاکە دەبێتە بەشێك لە رەفتاری بەکۆمەڵ تاك خۆی لەنێو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیەکی جەماعیدا دەدۆزێتەوە.

لەوانەشە نواندنی توندوتیژی خۆخاڵیکردنەوەی خۆپیشاندەران بێت لە رك و قینە و حەسرەت بەرامبەر بە دەسەڵات و ئیدارەکان. زۆرجاریش دەسەڵات یان ئەو لایەنەی کە خۆپیشاندانەکە لە دژی ئەنجامدراوە، کاردانەوەی توندوتیژی دەبێت بەرامبەر بە خۆپیشاندەران و دەستپێشخەر دەبێت لەم توندوتیژییەدا.

خۆپیشاندانەکانی کوردستانیش ئەگەر وەربگرین، بەتایبەت ئەوانەی کە گەنجەکان ئەنجامنیانداوە یان بەشداری بەرچاویان تێدا کردووە، بەشێوەیەکی گشتی بەدەر نین لەو حاڵەتانەی کەلەسەرەوە ژماردمانن.

ئەمەو خشتەی ژمارە(١٥)ش دەتوانێت روونکردنەوەی زیاترمان بداتە دەست سەبارەت بەلایەنەکانی توندوتیژی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا.



**خشتەی ژمارە(١٥)**

**ئایا نواندنی توندوتیژی سەرەتا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بووە یان چەکدارەکان دەستیان پێکردووە؟**

| دەستپێشخەری توندوتیژی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە | ٣ | ٨,٨٢ |
| لەلایەن چەکدارەکانی دەسەڵاتەوە | ٣١ | ٩١,١٨ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ١٠٠٪ |

لەو خۆپیشاندانەدا کە توندوتیژیان تێدابووە، ئەم خشتەیە بۆمان رووندەکاتەوە کەوا رێژەی ٨,٨٢٪ لە کۆی گشتی نمونەی لێکۆڵینەوەکە دەڵێن نواندنی توندوتیژی سەرەتا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بووە، رێژەی ٩١,١٨٪ دەڵێن سەرەتا چەکدارەکانی دەسەڵات دەستیانداوەتە توندوتیژی.

سەرەنجام لە وڵامی ئەم پرسیارەوە بۆمان رووندەبێتەوە کە چەکدارەکانی دەسەڵات سەرەتا دەستپێشخەربوونە لە هەڵگیرساندنی توندوتیژیدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات بەزەحمەت دەتوانێت ئەو خۆپیشاندانانە قبوڵ بکات کە بەدژی خۆی دەوەستنەوە. زۆرجاریش لە گوتاری رەسمی دەسەڵاتی کوردیدا تێبینی ئەم حاڵەتە کراوە، وەك ئەوەی لە دوای هەموو خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی ئامێزدا، دەسەڵات دێت خۆپیشاندەران بە تێکدەر و گێرەشێوێن و دژی حکومەت و دەسەڵات ناو دەبات، لە لایەکی تریشەوە ئەم خشتەیە بۆمان رووندەکاتەوە کە چەکدارەکانی دەسەڵات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەستپێشخەر بوونە بۆ توندوتیژی لە خۆپیشاندانەکاندا، هەروەك چۆن لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانیشدا کوژراو و بریندار لە نێو خۆپیشاندەرەکاندا بینراوە.

### خشتەی ژمارە(١٦)

**ئامادەیی نموونەکە ڕووندەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی دیکە لە دژی ئیدارە**

| ئامادەی بەشداری بکەی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٢ | ٤٧,٦٩ |
| نەخێر | ١٥ | ١١,٥٤ |
| نازانم | ٤٦ | ٣٥,٣٨ |
| بێ وەڵام | ٧ | ٥,٣٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(١٦) لە کۆی نمونـەی لێکۆڵینەوەکـە ڕێـژەی ٤٧,٦٩٪ ئامادەییان هەیە بۆ ئەوەی لـە هەلومـەرجێکی هاوشـێوەی دیکەشـدا بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا بکـەن بـە دژی ئیـدارە. ڕێـژەی ١١,٥٤٪ بـە نـەخێر وڵامیان داوەتەوە و ڕێژەی ٣٥,٣٨٪ دەڵێن نازانین و ئەوانـەش کـە وڵامـی ئـەم پرسیارەیان نەداوەتەوە ڕێژەیان بریتیە لە ٥,٣٨٪ .

سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێت کەوا زۆربەی ئەو کەسانە ئامادەیی خۆپیـشاندانیان هەیە بەدژی ئیدارە و ئامادەن لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی دیکەشـدا جـارێکی تر بەشداری بکەن،وادیارە لەو بەشداربوونەی پێشوشیان پەشیمان نـین و باوەڕیـان وایە کە خۆپیشاندان دەتوانێت کاری خۆی بکات. هەرلەم بارەیەوە خشتەی ژمارە (١٧) زانیاری زیاترمان دەخاتەبەردەست.






**هێلکاری ژمارە (٧) ئامادەیی نمونەکە پیشاندەدات بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان لە دژی ئیدارە**

### خشتەی ژمارە(١٧)

**پێتوایە خۆپیشاندان و هاتنە سەرشەقامەکان گرنگ و پێویستە بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵاتی کوردی و خستنەڕووی داخوازییەکانی خەڵك؟**

| هاتنە سەرشەقامەکان گرنگە بۆ دروستکردنی فیشار؟ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٥ | ٦٥,٣٨ |
| نەخێر | ٧ | ٥,٣٨ |
| تاڕادەیەك | ٣٨ | ٢٩,٢٣ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(١٧) ئەوەمان بۆڕووندەکەنەوە کە ڕێژەی ٦٥,٣٨٪ ی گەنجەکان لە کۆی گشتی نمونەکە بەهـەردوو ڕەگەزەکـەوە، باوەڕیـان وایـە کـە خۆپیشاندان و هاتنەسەر شەقامەکان گـرنگ و پێویـستە بـۆ فشارخـستنە سـەر دەسەڵات و خستنەڕووی داخوازییەکانی خەڵك، ڕێژەی ٥,٣٨٪ بەلایانەوە گـرنگ نییە، ئەوانەشی پێیانوایـە خۆپیـشاندان تاڕادەیـەك گرنگـە ڕێـژەیان بریتیـە لـە ٢٩,٢٣٪.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە بەشێکی زۆری گەنجەکانی نێو نمونەی لێکۆڵینەوەکە باوەڕیان بە خۆپیشاندان هەیە و بە یەکێك لە میکانیزمەکانی دروستکردنی فشار و خستنەڕووی داخوازییەکانی خۆیانی دەزانن، هەستکردن بە پێویستی و گرنگی خۆپیشاندان لای گەنجەکان دواجار رەنگە ببێتە پاڵنەرێکیش بۆ بەشداریکردنیان بە رێژەیەکی زۆرتر لە خۆپیشاندانەکاندا.




**وێنەی ژمارە (٨) بۆچوونی نمونەکە پیشاندەدات**
**لەسەر پێویستی خۆپیشاندان بۆ دروستکردنی گوشار لە سەر دەسەڵات**

**خشتەی ژمارە(١٨)**

**پێتوایە نواندنی توندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا، رێگایەکی گونجاوە تاکو دەسەڵات ناچاربکرێت مل بۆ داخوازییەکانی خۆپیشاندەران بدات؟**

| نواندنی توندوتیژی رێگایەکی گونجاوە بۆ ناچارکردنی دەسەڵات | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٣ | ٥٦,١٥ |
| نەخێر | ٥٦ | ٤٣,٠٨ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٧٧ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |



زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(١٨) بۆمان دەردەخەن کەوا لە کۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە، رێژەی ٥٦,٩٣٪ پێیانوایە نواندنی توندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندانەکادا رێگایەکی گونجاوە تا دەسەڵات ناچاربکەن مل بۆ خواست و داواکاری خۆپیشاندەران بدات. رێژەی ٤٣,٠٨٪ لەگەڵ توندوتیژیدا نین و بە نەخێر وڵامیان داوەتەوە.

سەرەنجام ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زۆرینەی گەنجەکان باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، نواندنی توندوتیژی لای گەنجەکان چەند ئاماژەیەك دەخاتە بەرچاومان: یەکێك لەوانەش ئەوەیە کە خۆپیشاندان شێوازێکە لە ***کۆڕەفتار***(السلوك الجمعی)، لە ***کۆڕەفتاردا*** تاك بەشێکی تواناکانی خۆی لە دەست دەدات کە پێویستە بۆ جڵەوکردنی رەفتارەکانی و دەکەوێتە ژێر کاریگەری جەمعێکی زۆرتری خەڵك، واتە دەبێتە بەشێك لە ***رەفتاری بەکۆمەڵ*** (کۆڕەفتار). جالێرەدا گەربێت و سەرنجی کۆڕەفتاری گەنجی کورد بدەین لە هەموو بۆنە و کات و ساتە جیاوازەکاندا و لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا، جۆرێك لە هەڵچون و پەلەپەلی پێوەدیارە، کە لەم حاڵەتەشدا بیرکردنەوەی ئەو گەنجە رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی هەیە بەسەر رەفتارەکانییەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئاماژەیەکی دیکەی ئەو مەسەلەیە رەنگە ئەوە بێت کە توندوتیژی هەمیشە بەشێك بووە لە پەروەردەی تاکی کورد. توندوتیژی هەر لە خێزانەوە بگرە تا دەگاتە مامۆستا و قوتابخانە و دەوروبەر و تەنانەت دەسەڵاتیش، هەمیشە یەکێك بووە لە میکانیزمە باوەکانی پەروەردەی منداڵ و کۆنترۆڵکردنی تاکی کورد لە کۆمەڵگادا، گەنجی کوردیش زادەی ئەو کەش و هەوا پەروەردەیەیە، هەر بۆیەش جێگای سەرسوڕمان نییە گەرپێی وابێت کە ناتوانێت بەمەبەست و ئامانجەکانی خۆی بگات گەر توندوتیژی لەخۆیدا نەنوێنێت، کەواتە توندوتیژی بووەتە بەشێك لە کەسایەتی ئەو گەنجە و بیرکردنەوەی داگیرکردووە و لە رەفتاریشیدا رەنگ دەداتەوە.

سەرەڕای باسکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوەش، نابێت پێمانوابێت کە گەنجەکان بەتەنها بەرپرسیارن لە هەر رەفتارێکی توندوتیژیدا و تاکە لایەنی بەرپرسن لە

نواندنی توندوتیژی له كاتی خۆپیشاندانه‌كاندا، زۆر جار ئه‌و گه‌نجانه به‌هانه و پاساوی جیاجیا ده‌هێنه‌وه بۆ توندوتیژیه‌كانی خۆیان به‌تایبه‌ت له‌كاتی خۆپیشاندانه‌كاندا، له نێو ئه‌و به‌هانه و پاساوانه‌شدا ده‌كرێت شتی واقیعی و راست هه‌بێت.




هێلكاری ژماره (٩) بۆچوونی نمونه‌كه پیشانده‌دات له‌سه‌ر پێویستی خۆپیشاندان بۆ دروستكردنی گوشار له سه‌ر ده‌سه‌ڵات بۆ گوێگرتن له داخوازی خۆپیشانده‌ران

**خشته‌ی ژماره(١٩) بۆچوونی نموونه‌كه رووند‌ه‌كاته‌وه له‌سه‌ر هۆكاری نواندنی توندوتیژی له‌كاتی خۆپیشاندانه‌كاندا**

| هۆكاری نواندنی توندوتیژی له‌كاتی خۆپیشاندانه‌كاندا | ژماره | ٪ |
|---|---|---|
| چونكه هیچ كارێك له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵات به‌خۆشی ناچێته‌سه‌ر | ٦ | ٨,١٠ |
| چونكه به‌خۆشی گوێت بۆ راناگرن | ١٧ | ٢٢,٩٧ |
| چونكه وه‌ك هه‌موو جارێك به كۆمه‌ڵێك واده و به‌ڵێنی ناڕاست فێڵ له‌خه‌ڵك ده‌كه‌ن و به‌ڕێیان ده‌كه‌ن | ٤٨ | ٦٤,٨٦ |
| چونكه ڕقم له حزب و ده‌سه‌ڵاتی كوردییه | ٣ | ٤,٠٥ |
| كۆی گشتی | ٧٤ | ١٠٠٪ |



زانیارییه‌كانی نێو خشته‌ی ژماره(١٩) به‌هانه و پاساوی ئه‌و گه‌نجانه رووند‌ه‌كاته‌وه كه باوه‌ڕیان به توندوتیژی هه‌یه له‌كاتی خۆپیشاندانه‌كاندا. له‌وانه‌ش رێژه‌ی ٨,١٠٪ ده‌ڵێن: چونكه هیچ كارێك له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدا به‌خۆشی ناچێته‌سه‌ر. رێژه‌ی ٢٢,٩٧٪ پێیانوایه به‌خۆشی گوێت بۆ راناگرن. رێژه‌ی ٦٤,٨٦٪ پێیانوایه كه ده‌سه‌لات وه‌ك هه‌موو جارێك به كۆمه‌ڵێك واده و به‌ڵێنی ناڕاست فێڵ له خه‌ڵك ده‌كات و به‌ڕێیان ده‌كات. رێژه‌ی ٤,٠٥٪ ده‌ڵێن چونكه ڕقم له حزب و ده‌سه‌ڵاتی كوردییه.

وه‌ك ده‌بینین پاساوی جۆراوجۆر هه‌یه لای گه‌نجه‌كان كه وایلێكردوون باوه‌ڕیان به توندوتیژی هه‌بێت، به‌ڵام زۆربه‌یان له‌به‌ر ئه‌وه پیشتگیری له توندوتیژی ده‌كه‌ن چونكه ده‌ڵێن ده‌سه‌لات وه‌ك هه‌موو جارێك به‌كۆمه‌ڵێك واده و به‌ڵێنی ناڕاست فێڵ له خه‌ڵك ده‌كات و به‌ڵێنه‌كانی خۆی ناباته‌سه‌ر.

پشتگوێخستنی ده‌سه‌ڵات بۆ خواست و داخوازییه‌كانی خه‌ڵك، فاكته‌ری سه‌ره‌كییه بۆ بێزاری و ناڕه‌زایی خه‌ڵك له‌و ده‌سه‌ڵاته و خولقاندنی پشێوی و نائارامی له وڵاتدا، خه‌ڵكی ئێمه به‌تایبه‌ت گه‌نجه‌كان چاوه‌ڕوانی زۆریان له ده‌سه‌ڵاتی كوردی هه‌یه و خوازیاری ئه‌وه‌شن ده‌سه‌ڵات به‌پێی پێویست چاوی لێیان بێت.

پشتگوێخستنی خه‌ڵك له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته‌وه و داخستن و به‌رته‌سكبوونه‌وه‌ی كه‌ناڵه شه‌رعیه‌كانی به‌شداریكردن، خه‌ڵكی، به‌تایبه‌ت گه‌نجه‌كان هانده‌دات په‌نا بۆ رێگاو ئامرازی تر به‌رن له پێناو به‌شداریكردن و ده‌نگ هه‌ڵبڕیندا، جا به‌لایانه‌وه گرنگ نیه زۆرجار رێگای ناشه‌رعیش بگرنه‌به‌ر. داخستنی كه‌ناڵه شه‌رعییه‌كانی به‌شداریكردن ده‌رگا به‌ڕووی چه‌ندین كه‌ناڵی دیكه‌ی ناشه‌رعیدا واڵاده‌كات و سلوكی سیاسی توندوتیژ ئامێز به‌دوای خۆیدا ده‌هێنێت.

**خشتەی ژمارە(٢٠)**

**کراوەیی ئەو کەناڵانەی گەنجی کورد لێیانەوە دەتوانێت تێکەڵ بە ژیانی سیاسی ببێت، لە روانگەی نموونەکەوە ڕووندەکاتەوە**

| کەناڵەکان کراوەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڕادەیەکی زۆر | ٦ | ٤,٦٢ |
| تاڕادەیەك | ٥٨ | ٤٤,٦٢ |
| کراوە و شەفاف نین و داخراون بەسەر خۆیاندا. | ٦٣ | ٤٨,٤٦ |
| بێ وەڵام | ٣ | ٢,٣١ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٢٠) بۆمان ڕووندەکاتەوە کەوا لەکۆی گشتی ئەندامانی نمونەکە بە کوڕ و کچەوە، ڕێژەی ٤,٦٢٪ دەڵێن کەناڵەکانی بەشداری سیاسی لە کوردستاندا بەڕادەیەکی زۆر کراوە و شەفافن، ڕێژەی ٤٤,٦٢٪ پێیانوایە ئەو کەناڵانە تاڕادەیەك کراوە و شەفافن، ڕێژەی ٤٨,٤٦٪ پێیانوایە کراوە و شەفاف نین و بەسەرخۆیاندا داخراون، ڕێژەی ٢,٣٪ بێ وەلامە.

کەناڵەکانی بەشداری سیاسی زۆر و فراوانن، جگە لە حزبەکان و چەند کەناڵێکی دیکە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە نمونەی کۆمەڵە و سەندیکاکان و ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان و کۆمەڵە و گروپە ڕۆشنبیرییەکان و ....هتد، لە گرنگترین ئەو کەناڵانەن کە دەتوانن کاریگەری بەچاویان هەبێت لە نێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکاندا، هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوەیە گەنجەکان دەتوانن خۆیان بدۆزنەوە و هەست بە ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان بکەن.



سەرەنجام لەم نمونەیەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بەشێکی زۆری گەنجەکان باوەڕیان وایە کەوا کەناڵەکانی بەشداری سیاسی لە کوردستاندا، کراوە و شەفاف نین و بەسەر خۆیاندا داخراون، بەشێکی تریش لەو گەنجانە کە لەڕووی ڕێژەوە بە پلەی دووەم دێن، دەڵێن ئەو کەناڵانە تاڕادەیەك کراوە و شەفافن.

کەواتە نارەزاییەکی بەرچاو هەیە لەلایەن گەنجەکانەوە سەبارەت بەو کەناڵانەی کە دەتوانن لە ڕێگایانەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بن، ئەمەش لەلایەکەوە مانای ئەوە دەگەیێنێت کەئەم کەناڵانە نەیانتوانیوە وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە کوردستاندا و ببنە پردێك لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتی سیاسیدا و بوار بۆ بەشداریکردنێکی سیاسی چالاکانەی گەنجەکان بڕەخسێنن. لەلایەکی تریشەوە ترس و بێمتمانەی ئەو گەنجانە بەرامبەر بەو کەناڵانە و دەرکەوتنی ئەو کەناڵانە وەك قوتوویەکی داخراو و لەناوەوەی خۆیدا رەش و تاریك، دەبێتە مایەی دروستبوونی مەودایەکی فراوان لە نێوان گەنج و بەشداری سیاسیدا و بەدوای خۆشیدا پەراوێزنشینی دەهێنێت. خشتەی ژمارە(٢١) زانیاری و ڕوونکردنەوەی زیاتر بەم مەسەلەیە دەبەخشێت.




**هێلکاری ژمارە (١٠) بۆچوونی نمونەکە پیشاندەدات کراوەیی و شەفافیەتی کەناڵەکانی بەشداری سیاسی لەبەردەم گەنجان**

## **کۆمەڵگای مەدەنی** (Civil society)

دەتوانین بەو شێوەیە پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین:

***کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك ریکخستن و رێکخراوەی خۆبەخشی ئازادە کە مەودا گشتیەکانی نێوان خێزان و دەوڵەت پڕدەکاتەوە بە مەبەستی بە جێ گەیاندنی بەرژەوەندی تاکەکانی، لەم لایەنەشەوە پابەندە بە کۆمەڵێك پێوەری ریزگرتن و لێك رازیبوون و لێبوردەیی و بەرێوەبردنێکی ئاشتیانە بۆ جیاوازی و ناکۆکییەکان.***

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەوەستێتە سەر سێ رەهەند:

یەکەم: کردەیەکی ئیرادی ئازادە، کۆمەڵگای مەدەنی بە ئیرادەی ئازادی تاکەکان پێکدێت.

دووەم: رێکخستنێکی جەماعی یە (دەستە جەمعی) یە: کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك رێکخستن و رێکخراوەیە، تاکەکانی نێو هەریەکە لەم ریێکخستنانەش ئەندامێتی خۆیان بە ئیرادە و خواستی خۆیان هەڵبژاردووە.

سێیەم: کۆمەڵگای مەدەنی هەڵگری روکنێکی ئەخلاقی و سلوکی یە، وەستاوە لەسەر قبوولکردنی جیاوازی یەکان و فرەیی لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا، مافی کەسانی دیکەشە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرگریان لێ بکات و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت.

هەروەها ***ئەنتۆنی گیدنیز*** وا پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات: **کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێ بزاوت و چالاکی یە کە بۆشایی نێوان دەوڵەت و بازار داگیر دەکات و هەریەکە لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵە و گروپ و دامودەزگا**



**ئابوورییەکان دەگرێتەخۆی. کۆمەڵگای مەدەنی یاخود کولتوری مەدەنی سیفەتێکی جەوهەری کۆمەڵگا دیموکراسییەکانە[1].**

**خشتەی ژمارە(٢١)**

**هاوکاری و بەشداری نموونەکە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا، رووندەکاتەوە**

| هاوکاری و بەشداریت هەیە لەگەڵ رێکخراوەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٣ | ٣٣,٠٨ |
| نەخێر | ٨٥ | ٦٥,٣٨ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١,٥٤ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە (٢١)دا بۆمان روونده‌بێتەوە کە لەکۆی گشتی نمونەکە بە هەردوو رەگەزەوە، رێژەی ٣٣,٠٨٪ بەشداری و هاوکاریان هەیە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا، رێژەی ٦٥,٣٨٪ بە نەخێر وڵامیان داوەتەوە و هیچ هاوکاری و بەشدارییەکیان نیە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەدا، رێژەی ئەوانەش کە وڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە بریتیە لە ١,٥٤٪ .

سەرەنجام لە رێگای ئەم نمونەیەوە بۆمان دەرکەوت کەوا بەشداری گەنجان لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا لە ئاستێکی نزمدایە و زۆربەی ئەو گەنجانە دوورن لەم رێکخراوانە.

ئەمەش بۆخۆی درێژەپێدەری ئەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیەیە لە نێوان گەنج و ژیانی سیاسیدا، یەکێك لەو فاکتەرانەش کە دەستی هەیە لە خولقاندنی ئەم

[1] Anthony Giddens, sociology, ٤th edition. Page ٦٨٤.

فەزایەدا، نائومێدی و هەستکردنی گەنجەکانە بەوەی کە هیچ توانایەکی کاریگەریان نییە و ناتوانن ڕۆڵ و کاریگەری چالاکانەیەیان هەبێت بەسەر ژیانی سیاسیەوە لە کوردستاندا.

دوورکەوتنەوەی گەنجان لە دامودەزگا و میکانیزمەکانی دەسەڵات و لە پاڵ ئەوانیشدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هۆیەکانی هاندان و تەیارکردنی گەنجەکان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا لاوازە و هیچ هەنگاوێکی بەرچاو لەلایەن دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە نەنراوە بۆ پەرەپێدانی توانایی بەشداریکردن لای گەنج. لەلایەکی تریشەوە نابووتی و لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەردەخات لە کوردستاندا کە نەیانتوانیوە بەڕاستی ببن بە سەکۆیەکی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە، گرنگترینیان ڕەنگە پاشکۆیەتی ئەو ڕێکخراوانە بێت بۆ حزب و دەسەڵات.

ئەم پەراوێزنشینیە لای گەنجەکان گەربێت و بە شێوەیەکی مەبەستدار و بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێك کاری بۆ نەکرێت و هەوڵ بۆ پێشخستنی تواناکانی بەشداریکردن نەدرێت لای گەنج، ڕەنگە درێژە بکێشێت و کولتوورێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات (کولتووری پەراوێزنشینی)، لەم حاڵەتەشدا هەم گەنجان خۆیان هەم دەسەڵاتیش زەرەرمەند دەبێت، بەدوای خۆشیدا کۆمەڵێك دامودەزگای حکومی و سیاسی ماندوو و ناچالاك و پڕۆژەی کۆمەڵگای مەدەنیش لە کوردستاندا بە ناتەواوی جێدەهێڵێت.

### حزب (party)

دەتوانین بڵێین حزب بریتیە لە دامەزراوەیەك یان ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بوونی حزبەکان و فرەحزبی یەکێکە لە سیما دیارەکانی



سیستەمێکی دیموکراسی، حزبەکان زۆرن و هەریەکەشیان بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆیان هەیە، تاکە خاڵێکی هاوبەش کە هەموو حزبەکان بە دەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە بریتیە لە هەوڵدان و کۆششی هەریەکە لەو حزبانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی ژیانی سیاسی.

حزب وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، هەمیشە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ هەموو دامودەزگا و پێکهاتەکۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا، لەهەر کۆمەڵگایەکیشدا بێت لەتوانای حزبەکاندا هەیە گڕوتین بخەنە نێو ژیانی سیاسیەوە و خۆیان بخزێننە نێو پێکهاتە کۆمەلایەتی و جەماوەرییەکانەوە و پەیوەندییەك لە نێوان حزب و خەڵك- حزب و دەسەڵاتدا دروست بکەن. دواجاریش حزبەکان ڕۆڵیان هەیە لە چالاککردنی بەشداری سیاسیدا، بەتایبەت بۆ ئەوکەسانەی کە حەز بە سیاسەت و تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسی دەکەن.

**خشتەی ژمارە(٢٢)**

**ئینتمات هەیە بۆ حزبێك یاخود لایەنێکی سیاسی؟**

| ئینتمات هەیە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٨ | ٤٤,٦٢ |
| نەخێر | ٦٨ | ٥٢,٣١ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٣,٠٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی نێو خشتەی ژمارە(٢٢) بۆمان ڕووندەکەنەوە کە لە کۆی گشتی ئەندامانی نمونەکە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، ڕێژەی ٤٤,٦٢٪ ئینتمایان هەیە بۆ

حزبێك یاخود لایەنێكی سیاسی، ڕێژەی ٥٢,٣١٪ ئینتمایان نییە و بە ڕێژەی ٣,٠٨٪ وەڵامی پرسیارەكەیان نەداوەتەوە.

لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە بەشێكی زۆری ئەو گەنجانەی لە نمونەكەدا بەشدارن، ئینتمای حزبیان نییە، یانیش ئینتماكەیان هێندە لاوازە كە پیشتگوێی دەخەن.

لەم بارەیەوە قوتابخانەیەك هەیە بەناوی قوتابخانەی سوودخوازی یاخود سوودگەرایی (النفعیه)، ئەم قوتابخانەیە باوەڕی وایە كەوا كێشەكانی گەنج جیاوازە لە گەڵ كێشەكانی كۆمەڵگا، كێشەكانی گەنج ڕاستەوخۆ پەیوەندی نییە بە ڕادەی باشی و خراپی دەسەڵاتەوە. بەڵكو لەسەر ئەو دیدە هەڵچنراوە گوایە دەبێت ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشكەش بەگەنجان دەكرێت لە ڕیزی پێشەوە بێن و بایەخی یەكەمینیان پێبدرێت، وەك: چالاكییەكانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و وەرزش یانیش دروستكردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گەنجان، ئەم قوتابخانەیە مەبەستیەتی بڵێت گەنجان دەیانەوێت بچنە پاڵ بازاڕی كارەوە نەك چوونە پاڵ حزبەكان، بەم شێوەیە (ماسییەكت پێدەبەخشم، بەڵام نابێت بەشداری بكەی لە ڕاوكردنەكەیدا .... وە هەتا تۆش فێری ڕاوكردن نەبێت قسەكانت كاریگەرییان نابێت بۆسەر بڕیارەكانم)[1].

ئەم قوتابخانەیە لە دەرگای پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و چاككردنی باری كاركردن و ئابووری گەنجانەوە دەچێتەسەر كێشە و قەیرانی بەشداریكردن لای ئەو گەنجانە، هەر لە ڕوانگەی ئەو سوود و قازانجەشەوە كە گەنج بۆخۆی دەیەوێت قسە لەسەر كێشەكانی گەنج دەكات لە نێو كۆمەڵگادا.

نەبوونی یانیش لاوازی ئینتمای حزبی لای گەنجی كورد، تێكەڵاوی كۆمەڵێك هۆكارە كە پەیوەندیان هەیە بە گەنجەكان خۆیان لەلایەك و حزبە كوردییەكان لەلایەكی ترەوە، ئەقڵیەتی سوودخوازانەی گەنج، كەموكوڕی حزبە كوردییەكان و داخراویان، حزبە كوردییەكان نایانەوێت گەنجی كورد فێری ڕاوكردنی ماسیەكە

[1] www. Un. Org/ esa/ socder/unyin…



بێت، لەو ڕاوكردنەدا گەنجەكان نایانەوێت لەشیان تەڕبێت، هەموو ئەمانە دەكرێت كاریگەری زۆریان هەبێت بۆ سەر ئەم لاوازی ئینتمایەی كە لای گەنجەكانی كوردستان دەبینرێت.




**هێكاری ژمارە (١١) ئینتمامی نموونەی لێكۆڵینەوەكە بۆ لایەنێكی سیاسی ڕووندەكاتەوە**

**خشتەی ژمارە(٢٣)**

**ئەگەر وەڵام نەخێرە، ئامادەی كاریان لەگەڵدا بكەیت گەر بێت و حزبەكان دەرگای خۆیان بەڕووی گەنجاندا واڵابكەن و ڕێگا بدەن نەوەی نوێ بەسەركەوێتە سەرەوە؟**

| ئامادەی كار لەگەڵ حزبەكان بكەی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤١ | ٣١,٥٤ |
| نەخێر | ٢١ | ١٦,١٥ |
| نازانم | ٢٢ | ١٦,٩٢ |
| بێ وەڵام | ٤٦ | ٣٥,٣٨ |
| كۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە(٢٣)دا بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی گشتی نمونەکە، رێژەی ٣١,٥٤٪ بە بەڵێ وڵامی ئەم پۆسیارەیان داوەتەوە، رێژەی ١٦,١٥٪ بە نەخێر و رێژەی ١٦,٩٢٪ دەڵێن نازانین، ئەوانەشی وڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە رێژەیان بریتیە لە ٣٥,٣٨٪.

سەرەنجام بۆمان روونده‌بێتەوە کەوا رێژەیەکی بەرچاو لەو گەنجانەی لە نمونەکەدا بەشدارن ئامادەن کار لەگەڵحزبەکاندا بکەن بەو مەرجەی حزبەکان دەرگای خۆیان بەرووی گەنجاندا والآبکەن و رێگا بە هاتنەپێشەوەی نەوەی نوێ بدەن.

کەوایە دەتوانین بڵێین کەمی رێژەی گەنجان لە نێو حزبەکاندا، یان لاوازی ئینتمای سیاسی لای ئەو گەنجانە، بەتەنها لە ئەستۆی گەنجەکاندا نییە و ئەو دوورکەوتنەوەیەی گەنجان لە کەناڵەکانی بەشداری سیاسی هەروا لەخۆوە نیە و فاکتەری خۆی هەیە، یەك لەوانەش رەنگە حزبەکان خۆیان بن کە تائێستا نەیانتوانیوە دەرگاکانی خۆیان بەڕووی گەنجاندا والآبکەن و رێگا بەنەوەی نوێ بدەن بێتەپێشەوە.

هەرکاتێکیش حزبەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەوکات رێژەیەکی باش لەو گەنجانە وادیارە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە تا کارییان لەگەڵدا بکەن و بچنە ریزەکانیانەوە.

## دەسەڵات ( Authority)

زۆرجار چەمکی دەسەڵات (ئۆتۆریتە) تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ چەمکێکی دیکەی وەك: هێز یاخود نفوز کە ئەم دووانە هەردووکیان موراد فی یەکترن. بەڵام چەمکی دەسەڵات هەر لە بنەڕەتەوە تەواوجیاوازە لەگەڵ ئەم دوو چەمکەی دوایی.

هێز یاخود نفوز، حاڵەتێکی واقعی یە کە بە هۆیەوە کەسێك دەتوانێت دونیابینی و بیروباوەڕی خۆی بەسەر کەسی بەرامبەری یان کەسانی دیکەدا بسەپێنێت، کە



ئەمەش لە رێگای پەیوەنییەکی دیاریکراوەوە یاخود لە رێگای ئاڵوگۆڕکردنی کردار لە نێوان کەسەکان دا دێتەدی. هەر لە رێگای ئەم پەیوەندییەشەوە رەنگە کەسێك یان کەسانێك ئیرادەی کەسانێکی دیکە بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، یان بە پێچەوانەوە خۆیان بچنە ژێر رکێفی ئیرادەی کەسانی دیکەوە.

دەسەڵات چەمکێکە بە گوێرەی پێوەر کاردەکات و تەواو پابەندە بە بنەما پێوەرییەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، چونکە دەسەڵاتە دەتوانێت لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، ئەو حاڵەتە دەست نیشان بکات کە تیایدا کێ بۆی هەیە ببێتە خاوەن دەسەڵات و داوای گوێڕایەڵی و سەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی لە کەسانی دیکە بکات، وە سیستەمە بەهایی و پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵە یاخود ئەو کۆمەڵگایەیە کە مافی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی داوە بەو کەسە و پابەندیش دەبێت پێ یەوە.هەر ئەم مافەش لە دوایی دا شێوەی فەرمان دەرکردن بەخۆوە دەگرێت، واتا بەشێوەیەکی گشتی دەنووسێتە قەد شتێکەوە لە جۆری بڕیاردان و دەرکردنی فەرمانەکان وەك میکانیزمێکی پێویست تا بتوانێت چالاکانە رۆڵی خۆی بگێڕێت لە نێو کۆمەڵگادا، ئەمەش بەو مانایەی کە ئیدی دەسەڵات و هێز دەچنە پاڵ یەکتر، بەڵام نەك بۆ هەمیشە، چونکە زۆر هێز هەیە لە دەرەوەی دەسەڵات و زۆر دەسەڵاتی بێ هێزیش هەیە.

***ماکس ڤێبەر*** سێ جۆری دەسەڵات لە یەکتری جیادەکاتەوە : کە ئەوانیش بریتین لە دەسەڵاتی ***ئەقڵانی- یاسایی*** و دەسەڵاتی ***سەرکردەیی- کاریزمی*** و دەسەڵاتی ***تەقلیدی***.

دەسەڵاتی ئەقڵانی- یاسایی، ئەو دەسەڵاتەیە کە لە سەر بنەمای گوێڕایەڵی و پابەندبوون دامەزراوە بەو یاسا رەسمی یانەوە کەوا لە نێو پرۆسە و بەدواداچونێکی گشتی و ریکخراودا هاتونەتە ئاراوەو گەشەیان کردووە، بۆ نمونە رێکخستنە رەسمی یەکانی بیرۆکراسی، کە تەواو پێچەوانەیە لە گەڵ دەسەڵاتی

تەقلیدی پشت بەستوو بە قبوڵکردنی ئەو یاسایانەی لە ریگای داب و نەریتەکان و پەیرەوی باب و باپیرانەوە هاتوونەتە کایەوە.

هەرچی دەسەڵاتی سەرکردەیی-کاریزمی یە، یان بابڵێین سەرکردەی کاریزما کەسێکە خەڵکی هەموویان باوەڕیان بەوە هەیە کە خاوەنی وزە و توانایەکی نائاسایی یە و دەبیت بەبێ سێ و دوو گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی بکرێت. هەروەك ئاشکرایە ئەو کەسەی داوای دەسەڵات دەکات، لە کاتێك دا کە دەسەڵات مافی ئەو نی یە و بگرە هیچ دەسەڵاتێکیشی نی یە، بەڵام دەبینی ئێمە دەسەڵاتی پێ دەبەخشین و ملکەچی فەرمانەکانی دەبین، هۆیەکەی ئەوەیە ئێمە دان بەوەدا دەنێین ئەو کەسە لە هەموومان زیاتر شایانی دەسەڵاتەو توانای تێگەیشتن و زیرەکی زۆر لە ئێمە زیاترە و.....هتد، بەم شێوەیە لە جۆری گوێڕایەڵی خەڵکانێك بۆ سەید و شێخەکان، یان گوێڕایەڵی کەسێك بۆ ئەو کەسەی پێی سەرسامە، یان هی عاشق بۆ خۆشەویستەکەی. کە لە حاڵەتی هەریەکە لەمانەدا نزیکی یەك هەیە لەگەڵ بیرۆکەی سەرۆك یاخود سەرکردەی کاریزمی.

لەکاتێك دا رەوایی و شەرعییەتی دەسەڵات لەوەدایە کە بەلای ئەندامەکانی کۆمەڵێکەوە یان هەرنا بەلای زۆرینەی ئەندامانی یەوە وەك دەسەڵات بناسرێت و دانی پێدا بنرێت. دەسەڵاتی شەرعی دەبێت کۆدەنگی و رازی بوونێکی ناواخنیانەی لە سەر بێت، کە لە دەرەوەی ئەم شەرعییەتەوە هیچ دەسەڵاتێك بوونی نییە و شتێك نی یە جگە لە هێز و قودرەت، ئەویش تا ئاستێك کە گوێی بۆ رادەگیردرێت.

بۆیە بنەماو تاکە سەرچاوەی شەرعییەت و رەوایی دەسەڵاتێکی دیاریکراو، لەوەدایە کە دەبێت گونجا و تەبا بێت لەگەڵ وێنەی ئەو شەرعییەتەی سیستەمە بەهایی و پێوەرییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا کە ئەو دەسەڵاتەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، هەروەك وتمان دەبێت کۆدەنگی و رازیبونێکی گشتیش هەبێت لە نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە لە سەر ناواخنی ئەم وێنە یە..



**خشتەی ژمارە(٢٤)**

**ئایا تاچ ئاستێك متمانەت بە دەسەڵاتی کوردی هەیە؟**

| متمانەی نمونەکە بە دەسەڵاتی کوردی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٢١ | ١٦,١٥ |
| کەم | ٥٥ | ٤٢,٣١ |
| متمانەم پێیان نیە | ٥٠ | ٣٨,٤٦ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٣,٠٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە(٢٤) بۆمان دەردەخات کە لە کۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو رەگەزەوە، رێژەی ١٦,١٥٪ متمانەیەکی زۆریان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە، رێژەی ٤٢,٣١٪ متمانەیەکی کەمیان بەم دەسەڵاتە هەیە، ئەوانەشی کە متمانەیان پێی نیە رێژەیان بریتیە لە ٣٨,٤٦٪، رێژەی ٣,٠٨٪ وەڵامی ئەم پرسیریان نەداوەتەوە.

سەرەنجام دەبینین رێژەیەکی زۆری نمونەکە، یان ئەوەتا هیچ متمانەیەکیان بەم دەسەڵاتەنییە و یانیش ئەوەی کە متمانەیەکی کەمیان پێی هەیە. کە دواجار ئەو دەسەڵاتەش دەچێتە قالبی ***سیستەمێکی سیاسیەوە*** کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە.

بەڕای ***ئیستۆن*** سیستەمی سیاسی وەك قوتوویەکی رەش وایە، لە پاڵ نەزانین و بێئاگای لەوەی کەلەنێو ئەم قوتووەدا روودەدات. لە بنەڕەتدا ئەم زانایە پەیوەندیەکانی نێوان سیستەم و ژینگە یاخود دەوروبەر شیدەکاتەوە. ژینگەش لە سەرەتادا پێکدێت لە سیستەمە یەك بەدوای یەکەکانی دیکەی کۆمەڵگا: سیستەمی ئابووری، سیستەمی رۆشنبیری و ...هتد. لەپاشاندا لایەنە ناکۆمەڵایەتیەکانی ئەم کۆمەڵگایەش دەگرێتەخۆی: سیستەمی ژینگەیی،

سیستەمی بایەلۆژی، سیستەمی دەروونی و ...هتد. لەکۆتایشدا سیستەمە دەرەکییەکانی کۆمەڵگاکە دەگرێتەخۆی: سیستەمە نێودەوڵەتیەکان ( ئابووری، سیاسی، هەروەها ژینگەیی و دەروونیی و بایەلۆژییەکان).

ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان سیستەمی سیاسی و ژینگەکەیدا هەیە، لە رێگای دوو رەگەزەوە دەتوانرێت پێناسەی بۆ بکردرێت: "ناوخۆیی" کەلە دەوروبەرەوە دەردەچیبێت و پاڵ بە سیستەمەوە دەنێت، "دەرەکیی" کەولاّمدانەوەی سیستەم نیشاندەدات بۆ دەوروبەر وەك وەلامدانەوەیەك بۆ ڕەگەزە "ناوخۆییەکان". رەگەزە دەرەکییەکان دەبنە مایەی نیشاندانی کردەیەکی خۆبەخۆ لەلایەن دەوروبەرەوە کە لەویشەوە رەگەزی ناوخۆیی تازە لە دایك دەبێت، ئەویش کۆمەڵێك رەگەزی دیکەی تازەی دەرەکی سیستەمەکە ولامی دەدەنەوە،....هتد. بەم شێوەیە لەسەربنەمای مەبدەئی بازنەیی. کۆمەڵێك بازنەی داخراو پێکدێت، بێ ئەوەی سەرەتا و کۆتاییان هەبێت و بەردەوام دەجولێنەوە[1].




**هێلکاری ژمارە (١٢) متمانەی نمونەی لێکۆڵینەوەکە**
**بە دەسەڵاتی کوردی ڕووندەکاتەوە**

[1] موریس دوفرجیە، علم اجتماع السیاسة، ص٢٣٧.



**ئەم هێڵکارییە کورتەی بیروباوەڕی ئیستۆن رووندەکاتەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی و ژینگە یاخود دەوروبەر.**




وەك لە هێڵکارییەکی ئیستۆندا دەردەکەوێت، رەگەزە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای پیشتگیری و داواکاری پەیوەندی خۆیان لەگەڵ سیستەمی سیاسی یاخود دەسەڵاتی سیاسیدا دەبەستن، کە سیستەمەسیاسیەکەش شەرعیەتی خۆی لەو پشتگیریەوە بەدەست هێناوە و هەر بە پاڵپشتی ئەویش پەرە بە سیاسەتی خارجی خۆی دەدات.

جالێرەدا با بزانین کەوا دەسەلات چۆن وڵامی ئەم داخوازیانە دەداتەوە، بۆ نمونە وەك داواکردنی کرێی کارکردن لەلایەن کرێکارانەوە، یان داواکاری بازرگانەکان بۆ کەمکردنەوەی باج، یان داواکاری مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ بۆ پەرەپێدان بە ئاستی خوێندن لە زانکۆکاندا و دابینکردنی پێداویستیە ئەکادیمی و زانستیەکان، یاخود داواکاری خەڵك و هاوڵاتیان بە گشتی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر و ئەمن و ئاسایشی وڵات، داواکارییەکان بەم شێوەیە و .....هتد.

ولاّمدانەوەی دەسەلاّتیش بۆ ئەم داواکارییانە، هێندێك بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەبێت و لەکات و ساتی خۆیدا داواکاری خەڵك جێبەجێدەکرێت، هێندێك جار حکومەت خۆی ناتوانێت دیراسەی ئەو داواکاریانە بکات و دەیخاتە بەر دەستی پەرلەمان، جاری واش هەیە بەشێکی کەمی ئەم داواکاریانە جێبەجێدەکات، یان داواکارییەکان کورت دەکاتەوە، لە هێندێك حاڵەتیشدا دەسەلاّت رووپۆشێك دەنێتە سەر دەموچاوی ئەو داواکارییانە و پشتگوێیان دەخات، یان بەشێوازی جیاجیا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی داخوازییەکانی جەماوەر دەدات و ...هتد.

بەگشتی شێوازی مامەڵەکردنی سیستەمی سیاسی یاخود بڵێین دەسەلاّت لەتەك داخوازییەکانی خەڵك، زۆر و هەمەچەشنە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو مەودایەیە کە لەنێوان دەسەلاّت و جەماوەردا دروست دەبێت، چی ئەو مەودایە فراواندەکات و پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لاوازدەکات؟ چی متمانەی خەڵکی بە دەسەلاّت کەم دەکاتەوە؟ چی خەڵك یان چینێك توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا لە دەسەلاّت توڕەدەکات، یان بە پێچەوانەوە.

بێمتمانەیی خەڵك، یان بێتمانەیی گەنجەکان لە دەسەلاّتی کوردی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە تائێستا لەنێوان سیستەمە سیاسیەکەی کوردستان و ژینگە و دەوروبەرەکەیدا هەیە، ئەو تۆڕەی کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەلایەتیدا خەڵك و دەسەلاّتی کوردی بە یەکترەوە دەبەستێتەوە.



**خشتەی ژمارە(٢٥) بۆچونی نمونەکە سەبارەت بە حزبی کوردی**

| حزبی کوردی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| دیموکراسی و پیشکەوتوخوازن | ٨ | ٦,١٥ |
| نوێنەری راستەقینەی گەلەکەمانن. | ٨ | ٦,١٥ |
| لەخزمەتی بەرژەوەندیە بالاّکانی گەلدان. | ١١ | ٨,٤٦ |
| حزبی گەندەڵن | ٢٤ | ١٨,٤٦ |
| لەخزمەتی گەلدا نین و کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن. | ٦١ | ٤٦,٩٢ |
| دیکتاتۆر و کۆنە پەرستن. | ٣ | ٢,٣١ |
| ناتوانن نوێنەری راستەقینەی گەل بن | ١٥ | ١١,٥٤ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە(٢٥) دا بۆمان دەردەکەوێت کەلە کۆی گشتی نمونەی لێکۆڵینەوە بە هەردوو رەگەزەوە، رێژەی ٦,١٥٪ پێیانوایە حزبی کوردی بەتایبەت دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) دیموکراسی و پێشکەوتووخوازن، رێژەی ٦,١٥٪ باوەڕیان وایە نوێنەری راستەقینەی گەلەکەمانن، رێژەی ٨,٤٦٪ دەڵێن لە خزمەتی بەرژەوەندییە بالاّکانی گەلەکەماندان، ئەوانەشی دەلێن حزبی گەندەڵن رێژەیان بریتیە لە ١٨,٤٦٪، رێژەی ٤٦,٩٢٪ پێیانوایە ئەم حزبانە لەخزمەتی گەلدانین و کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن، رێژەی٢,٣١٪ دەڵێن حزبی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستن،

ڕێژەی ١١,٥٤٪ پێیانوایە ئەم حزبانە ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی گەلەکەمان بن.

بۆ تێگەیشتن لە بەشداری سیاسی لای گەنجان، زۆرگرنگە لەپێشدا دید و تێڕوانینی ئەو گەنجانە بزانین بەرامبەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و سیستەمی سیاسی لەو هەرێمەدا.

جێی سەرنجە کە ئەو گەنجانەی لەم نمونەیەدا بەشداریان کردووە، زۆربەیان لە حزبی کوردی و هەردوو حزبی ناوبراو ناڕازین و بە شێوازی جۆراوجۆر باسیان دەکەن و ناویان دەبەن، کە ئەگەربێت و لێرەدا تەنها ڕێژەی ئەوانە وەربگرین کەبەشێوەی جیاجیا وەك ئەوەی لە خشتەکەدا هاتووە ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە ڕێژەی هەموویان بەسەر یەکەوە بریتیە لە ٧٩,٢٣٪، ئەو گەنجانە دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستان بە حزبی گەندەڵ و بەرژەوەندیخواز و کۆنەپەرست و دیکتاتۆر و بێ بەری لە نوێنەرایەتی کردنێکی ڕاستەقینەی گەلی کورد و خەڵکی کوردستان دەزانن.

لێرەدا ئەو ڕێژە زۆرەی ناڕەزایی لای گەنجان، بۆ ئەوە دەبێت هەڵوەستەی لەسەربکرێت و نیشانەی پرسیاریش لە سەر ئەم دوو حزبە (پارتی و یەکێتی) دادەنێت. ئەم ناڕەزاییانەی گەنج پرسیارێك بەدووای خۆیدا دەهێنێت: ئایا ئەم حزبانە تاچەند توانیویانە لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدا سەرکەوتووبن یان بەباشی حوکمی ئەم هەرێمە بکەن؟

لەم بارەیەوە دوو قوتابخانە هەیە باس لە دەسەڵات و حوکمکردنی باش و سەرکەوتوو دەکات: یەکەمیان وایدەبینێت کە حوکمکردنێکی باش گوزارشتە لە جۆری سیستەمی دەسەڵات و دروستکردنی سیاسەت کە هەمان ڕێسا و بنەما و پرنسیپە داڕێژراوەکانی دیموکراسی دەگرێتەوە لە نمونەی: سەروەری یاسا و پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لێبووردەیی و دەربڕینی ناڕەزایی ئازادانە و مافەکانی هاوڵاتیبوون.



هەرچی قوتابخانەی دووەمە وایدادەنێت کە چەمکی حوکمکردنی باش، مانشێتێکە بۆ کۆمەڵێك لە شێواز و هەنگاوی چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەك گشتێك، لە نمونەی پشتبەستن بە میکانیزمەکانی لێپرسینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە گشتیەکان، داواکردنی شەفافیەت لە دامودەزگاکانی دروستکردنی بڕیاردا، هەروەها هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی حوکمکردن لەڕووی پابەندبوون بەسەروەری یاسا و تواناکانی ئەو حوکمە پشتگیریکردن و پەرەپێدانی مەیل و هەلی بەشداریکردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پاکتاوکردنی گەندەڵی[1].

لێرەوە لەو پەیوەندییە تێدەگەین کە لەنێوان چاککردن و چالاکردنی دامودەزگا و میکانیزمەکانی حوکمکردن و لەنێوان پەرەپێدان بە تواناکانی گەنجان هەیە بۆ بەشداری سیاسی. دواجاریش پارتی و یەکێتی کە دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوەیە تا چەند بەگوێرەی بنەماکانی دەسەڵاتێکی باش و تەندروست جوڵاونەتەوە؟

**خشتەی ژمارە(٢٦) ئەگەر لە حزب و دەسەڵاتی کوردی ناڕازیت باوەڕت بەوە هەیە کە چاکببێت و بەرەو باشتر بگۆڕێت؟**

| حزبی کوردی بەرەو باشتر دەچێت | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ١٧,٦٩ |
| نەخێر | ٢٨ | ٢١,٥٤ |
| لەوانەیە، بەمەرجێ ریفۆرم لەخۆیدا بکات. | ٧٧ | ٥٩,٢٣ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١,٥٤ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

[1] سەرچاوەی پێشوو، ...www. Un.org.

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٢٦) دەریدەخەن کەوا لە کۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوەکە، ڕێژەی ١٧,٦٩٪ باوەڕیان بە چاکبوون و بەرەو باشتر گۆڕانی دەسەڵاتی کوردی هەیە، ڕێژەی ٢١,٥٤٪ بە نەخێر وڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، ڕێژەی ٥٩,٢٣٪ دەڵێن لەوانەیە بەرەو باشتر بگۆڕێت، بەمەرجێك ئەگەر بتوانێ ریفۆرم لەخۆیدا پێکبێنێت. ئەوانەشی وڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە ڕێژەیان بریتیە لە ١,٥٤٪.

سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە ریفرم و چاکسازی لە نێو حزب و دەسەڵاتی کوردیدا لە دیدی گەنجەکانی نێو نمونەی لێکۆڵینەوەکەماندا، دەبێتە مەحەکی گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونی ئەو حزب و دەسەڵاتە.

باوەڕبوون بە ریفۆرم و چاکسازی، تارادەیەکی باش گەنج دووردەخاتەوە لە ڕەشبینی بەرامبەر بە دیاردەسیاسیەکان و ژیانی سیاسیی ئەگەرچی ئەم ڕەشبینیەش بەشێوەیەکی زەق لای ڕێژەیەکی بەرچاوی گەنجان هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت.

بە پشتبەستن بەم ئەنجامەش دەتوانین بڵێین ریفۆرم دەروازەیەکە بۆ ئاشتبوونەوەی گەنجە یاخی و ناڕازییەکان لەگەڵ حزب و دەسەڵاتی کوردیدا. ئەم حزب و دەسەڵاتەش بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان بمێننەوە، پێویستە ئەم خاڵە بخەنەبەرچاوی خۆیان و گرنگی بە ریفۆرم و نوێبوونەوە بدەن، لەنێو ریزەکانی خۆیاندا.






**هێلکاری ژمارە (١٣) بۆچوونی نموونەکە سەبارەت بە گۆڕانی حزب و دەسەڵاتی کوردی ووندەکاتەوە**

**خشتەی ژمارە(٢٧) بڕوای گەنج بە مەسەلە نەتەوەییەکان و بەشداری سیاسی ڕووندەکاتەوە**

| بڕوات بە بە مەسەلە نەتەوەییەکان و بەشداری سیاسی هەیە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٩ | ٦٠,٧٧ |
| تارادەیەك | ٤٠ | ٣٠,٧٧ |
| نەخێر | ١١ | ٨,٤٦ |
| کۆی گشتی | ١٣٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە(٢٧) دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا لەکۆی گشتی ئەندامانی نمونەی لێکۆڵینەوە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، ڕێژەی ٦٠,٧٧٪ بە بەڵێ وڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە، ڕێژەی ٣٠,٧٧٪ دەڵێن تارادەیەك، ئەوانەشی بەنەخێر وڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان بریتیە لە ٨,٤٦٪ .

کەواتە بۆ مان دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەو گەنجانە باوەڕیان بە بەشداری سیاسی هەیە و پێیانوایە لەسەریان پێویستە بەتەنگ مەسەلە سیاسیەکانەوە بچن. ئەوەشی کە دەمێنێتەوە چۆنیەتی کارکردن و هەنگاوەکانی ئەو گەنجانەیە لەو بوارەدا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئاخۆ حزب و دەسەڵاتی کوردی تا چەند هەوڵدەدات پەرە بە تواناکانی گەنج بدات لە بواری بەشداری سیاسیدا و تاچەند ڕێگە خۆشدەکات بۆئەوەی لێبگەڕێت گەنجەکان بێنە نێو ژیانی سیاسییەوە؟!

## ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

١- لەنموونەکەدا بۆمان دەرکەوتووە، کە ڕێژەی بەشداری گەنجان لە هەریەکە لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە عێراقدا ٢٠٠٤/١/٣١ و هەڵبژاردنی دووەمی سەرتاسەری عێراق ٢٠٠٥/١٢/١٥ و هەڵبژاردنی کوردستان ٢٠٠٤/١/٣١ و پرۆسەی ریفراندۆم و دەنگدان بۆ دەستووری تازەی عێراق، بە ڕێژەکانی ٨٢,٣١٪ و ٨٣,٠٨٪ و ٧٦,١٥٪ و ٨٠,٠٠٪ و ٧٦,٩٢٪، بەشدارییان کردووە، ئەمەش پێشوازی گەنجەکان ڕووندەکاتەوە بەشێوەیەکی فراوان بۆ هەریەکە لەم پرۆسانە.

٢- لە نمونەکەدا دەرکەوتووە کە بەشداری گەنجان لە خۆپیشاندانە رسمیەکاندا ئەوانەی لە یەکەوە تا حەوت خۆپیشاندان بەشداییان کردووە، لەسەرجەمی نموونەکەدا ڕێژەیان بریتیە لە ٢٩,٧٤٪، لە بەرامبەردا ڕێژەی ٧٠,٠٠٪ ی ئەندامانی نموونەکە لە هیچ خۆپیشاندانێکدا بەشدارییان نەکردووە. ئەمەش بۆ مان دەردەخات کە ڕێژەی بەشداری گەنجان لە خۆپیشاندانە ڕەسمییەکاندا زۆر کەمە و لاوازە.



٣- هەر لە نموونەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشداری گەنجان لە خۆپیشاندانە ناڕەسمییەکاندا، ئەوانەی لە یەکەوە تا چوار خۆپیشاندان بەشدارییان کردووە، لە سەرجەمی نموونەکەدا ڕێژەیان بریتیە لە ٣٦,٩٢٪، لە بەرامبەریشدا ڕێژەی ٦٣,٠٨٪ ی نموونەکە لە هیچ خۆپیشاندانێکدا بەشدارییان نەکردووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە نا ڕەسمییەکاندا زۆرترە وەك لە ڕەسمییەکان.

٤- لەم نموونەیەدا ئەوانەی کەوا لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییان کردووە، لەسەرجەمی هەموویاندا ڕێژەی ٢٦,١٥٪ یان دەڵێن خۆپیشاندانەکان توندوتیژ بوون، لە بارەی ئەوەشەوە کە بزانین سەرەتا کێ دەستی بە توندوتیژی کردووە ڕێژەی ٩١,١٨٪ دەڵێن دەستپێشخەرییەکە سەرەتا لەلایەن چەکدارەکانی دەسەڵاتەوە بووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی ٨,٨٢٪ یان دەڵێن سەرەتا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بووە. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە چەکدارەکانی دەسەڵات دەستپێشخەر و هاندەری خۆپیشاندەرانن بۆ نانەوەی توندوتیژی.

٥- لەم نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا لەسەرجەمی ئەندامانی نمونەکە ڕێژەی ٥٦,٩٣٪ یان باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە لەکاتی خۆپیشاندانەکانداو دەڵێن ڕێگایەکی گونجاوە، ڕێژەی ٤٣,٠٧٪ بەگونجاوی نازانن، ئەم ئەنجامەش تاڕادەیەکی زۆر گریمانەی چوارەمی لێکۆڵینەوەکەمان پشت ڕاستدەکاتەوە.

٦- زۆرینەی گەنجەکانی نێو نموونەی لێکۆڵینەوەکە باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا لەبەر ئەم هۆیانە: ڕێژەی ٨,١٠٪ دەڵێن چونکە هیچ کارێك لەگەڵ دەسەڵاتدا بەخۆشی ناچێتەسەر، ڕێژەی ٢٢,٩٧٪ دەڵێن چونکە بەخۆشی گوێت بۆ ڕاناگرن. ڕێژەی ٦٤,٨٦٪ چونکە وەك هەموو جارێك بە کۆمەڵێك وادە و بەڵێنی ناڕاست فێڵ لە خەڵك دەکەن و بەڕییان دەکەن، ڕێژەی ٤,٠٥٪ چونکە رقم لە حزب و دەسەڵاتی کوردی یە. وەك ئاشکرایە هەموو ئەمانە پاساون بۆ نواندنی توندوتیژی لەکاتی خۆپیشاندانەدا

لەلایەن گەنجەکانەوە، بوونی ئەم پاساوانەش بەردەوامی و شەرعیەت بەم توندوتیژییە دەبەخشێت.

٧- لەنموونەکەدا بۆمان دەرکەوتووە، ڕێژەی ٤٨,٤٦٪ ی بەشداربووانی نموونەکە دەڵێن کەناڵەکانی بەشداری سیاسی لە کوردستاندا کراوە و شەفاف نین و داخراون بەسەر خۆیاندا، ڕێژەی ٤٤,٦٢٪ پێیانوایە تارادەیەك کراوە و شەفافن. ئەم ئەنجامەش ڕاستی و دروستی گریمانەی یەکەم دەسەلمێنێت لە لێکۆڵینەوەکەدا.

٨- لەسەرجەمی نموونەکەدا ڕێژەی ٦٥,٣٨٪ ی گەنجاکان، لە هیچ یەکێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا هاوکای و بەشداریان نییە، ئەمەش ڕاستی و دروستی گریمانەی دووەمی لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت.

٩- لەسەرجەمی نمونەکەدا ڕێژەی ٥٣,٣١٪ ی گەنجەکان، ئینتمایان نییە بۆ حزبێك یاخود لایەنێکی سیاسی، ئەمەش بەهەمانشێوە دەتوانێت ببێتە پشتگیرێکی دیکە بۆ گریمانەی دووەم.

١٠- لەنمونەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣١,٥٤٪ ی گەنجەکانی نێو نموونەکە ئامادەن کار لەگەڵ حزبەکاندا بکەن، گەربێت و حزبەکان دەرگای خۆیان بۆ گەنجەکان بخەنە سەر پشت و ڕێگە بدەن نەوەی نوێ بێتە پێشەوە. لە بەرامبەردا ڕێژەی ١٦,٥٤٪ ی ئەو گەنجانە بەنەخێر وڵامیان داوەتەوە، ڕێژەی ١٦,٩٢٪ بە نازانم و ئەوانەشی هەر وڵامیان نەداوەتەوە ڕێژەیان بریتییە لە ٣٥,٣٨٪. ئەمەش پشتگیری لە گریمانەی سێیەم دەکات.

١١- لە سەرجەمی نموونەکەدا ڕێژەی ٣٨,٤٦٪ ی گەنجەکان متمانەیان بە دەسەڵاتی کوردی نییە، ڕێژەی ٤٢,٣١٪ متمانەیەکی کەمیان هەیە، ڕێژەی ١٦,١٥٪ متمانەیەکی زۆریان هەیە و ڕێژەی ٣,٠٨٪ وڵامیان نەداوەتەوە. کەواتە بەگشتی متمانەی گەنجی کورد بە دەسەڵاتی کوردی کەم و لاوازە یاخود هەر نییەتی.

١٢- لەسەرجەمی نموونەکەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٧٩,٢٣٪ ی گەنجەکان پێیانوایە حزبی کوردی بەتایبەت پارتی و یەکێتی، دوو حزبی گەندەڵ و



بەرژەوەندیخواز و نا دیموکراسی و دیکتاتۆرن و ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بن. ئەم ئەنجامەش گریمانی پێنجەمی لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت.

١٣- لەسەرجەمی نموونەکەدا ئەوانەی کە لە حزب و دەسەڵاتی کوردی نارازین، ڕێژەی ٥٩,٢٣٪ یان باوەڕیان بەوە هەیە کە چاکبێت و بەرە و باشتر بگۆڕێت، بە مەرجێك ئەم حزب و دەسەڵاتە دەبێت ریفۆرم لە خۆیدا پێکبهێنێت، ڕێژەی ١٧,٦٩٪ بەبێ هیچ مەرجێك باوەڕیان بەم چاکبوونە هەیە، ڕێژەی ٢١,٥٤٪ هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە چاکبوونی ئەم حزب و دەسەڵاتە نییە. کەوایە لێرەدا بۆمان دەرکەوت گەنجی کورد چاوەڕوانی ریفۆرم و چاکسازی لە حزب و دەسەڵاتی کوردی هەیە.

١٤- لە نموونەکەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٧٠,٧٧٪ ی گەنجەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێت بەتەنگ مەسەلە سیاسیەکانەوە بن و بە هەرشێوەیەك بێت بەشداری سیاسی بکەن، ڕێژەی ٣٠,٧٧٪ تارادەیەك باوەڕیان بەو مەسەلەیە هەیە و ڕێژەی ٨,٤٦٪ دەڵێن نەخێر. ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا گریمانەی شەشەم و حەوتەم لە لێکۆڵینەوەکەدا، نەهاتوونەتەدی و ڕاست دەرنەچوون.

## ڕاسپاردە و پێشنیار

١- واباشە دەسەڵاتی کوردی بە بەرنامە و بەشێوەیەکی ئامانجدار کار بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی تواناکانی گەنج بکات لە بەشداری سیاسیدا.

٢- کرانەوەی دامودەزگا حکومی و ئیدارییەکان و بەشداری گەنجان لە دەستە و ئەنجومەنە کارگێڕییەکاندا، بەتایبەت لە دامودەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمیەکاندا، بۆ نمونە بەشداری گەنجان و قوتابیان لە ئەنجومەنی کۆلێژ و زانکۆکاندا. نەك دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت بەناوی وەزارەتی کاروباری گەنجان یان هەرشتێکی دیکەی بەو ناوەوە کە مافی قسەکردن و بەدەنگ هاتن

لەسەر مەسەلەکانی گەنجان بەتەنها ببێتە مافی ئەم وەزارەتە و هیچ لایەنێکی دیکە قسەی تێدا نەکات.

٣- هەوڵبدرێت بۆ کەمکردنەوەی هەژموون و کاریگەری دەسەڵات و حزبەکان لەسەر کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاککردنی رۆڵی ئەم رێکخراوانە لە نێو کۆمەڵگادا.

ماوەتەوە لێرەدا چەند پرسیارێکیش بخەینە ڕوو لەوانە: ئایا لە کۆمەڵگادا بایەخ و گرنگی بەشداری سیاسی گەنج لەچ ئاستێکدایە و تاچەند پێویستە گرنگی پێبدرێت؟ دەسەڵاتی کوردی تاچەند هەستی بە گرنگی و بایەخی ئەم بەشداریکردنە کردووە؟ ئایا نەبوونی بەشداری سیاسی لای گەنج دەتوانێت قەیران بهێنێتە نێو ژیانی سیاسییەوە؟

ئایا چالاککردنی بەشداری سیاسی لای گەنج شتێکە بەتەنها لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە؟ ئاخۆ رۆڵی گەنجەکان خۆیان لەم نێوەندەدا چی دەبێت و لەسەریانە چی بکەن بۆ داهاتووی خۆیان؟

## سەرچاوەکان

(١) سايمون فريب، علم اجتماع الشباب، اتجاهات جديده فی علم الاجتماع.(بغداد: دار الحكمه،٢٠٠١ )

(٢) اليسون جيمز– كريس جكس– الان تورت، جامعه شناسی دورانی كودكی، ترجمة/ علی رضا كرمانی– علی ابراهيم ابادی (طبعة ١٣٨٣ تهران )

(٣) انتونی گيدينز، جامعه شناسی، ترجمه/ منوچهر صبوری (چاپ سيزدهم ١٣٨٣ تهران)، ص ١١٠

(٤) د. فريدريك معتوق، معجم علوم الاجتماعية، ( بيروت ٢٠٠١)

(٥) د. معن خليل عمر، معجم علم الاجتماع المعاصر، (الطبعة الاولی ٢٠٠٠، عمان)

(٦) بروانە، شاهۆ سەعيد، كۆمەڵگای گەنج، گۆڤاری رەهەند ژمارە ١٦ & ١٧ ساڵی ٢٠٠٤ .



(٧) بناء مجتمع من المواطنين، تحرير/ دون اي.ايرلي، ترجمة/ هشام عبدالله، (٢٠٠٣، عمان )

(٨) ضروريات المجتمع المعاصر، التجمع الاجتماعی الثقافی الكويتی الخامس

(٩) ) محەمەد ئەل– شێخ، روناكبیر و دەسەڵات، وەرگێرانی/ ئاوات ئەحمەد، (سلێمانی ٢٠٠٢ )

(١٠) ، لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا، چەند گفتوگۆیەكی فەلسەفی و ئەدەبی، وەرگێڕانی/ ئازاد بەرزنجی ( سلێمانی ٢٠٠١ )

(١١) د. صالح محمد علي ، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية / طبعة الرابعة ٢٠٠٤ عمان.

(١٢) منوچهری صبوری، جامعەشناسی سياسی / تهران ١٣٨١

(١٣) د. احسان محمد حسن، علم الاجتماع السياسی / الطبعة الاولی ٢٠٠٥ عمان. (١٤) رعد (١٤) حافظ سالم، التنشئة الاجتماعية و اثرها علی سلوك السياسي / الطبعة الاولی ٢٠٠٠ عمان.

(١٥) فيصل السالم، اساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية

(١٦) بروانە، رابەر تەلعەت، رۆشبیر و دەسەڵات / گۆڤاری رامان ژمارە (١٠٠) ٢٠٠٥

(١٧) حسين بشيرية، جامعەشناسی سياسی / چاپ دهم تهران ١٣٨٣

(١٨) دوناتلا دلاپورتا، ماريو ديانی، مقدمەای بر جنبش های اجتماعی، ترجمه/ محمد تقی دلفروز. چاپ اول. تهران ١٣٨٤

(١٩) فليب برو، علم الاجتماع السياسي، ترجمة/ محمد عرب صاصيلا، طبعة الاولی ١٩٩٨ بيروت

(٢٠) Anthony Giddens, sociology, ٤th edition. Page. ٦٨٤

(٢١)w.w.w.un.org./esa/socder/unyin/workshops/rabatalisawib ackg roundpaper

(٢٢) موريس دوفرجيه، علم اجتماع السياسة، ترجمة/ د. سليم حداد، طبعة الثانية– ٢٠٠١م . بيروت

(٢٣) د. ابراهيم ابراش، علم الاجتماع السياسي/ دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان.